



د.ڕۆژ نووری شاوەیس جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدرال بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی و سەرۆک تاڵەبانی بە هاوکاری یەک و بە تێگەیشتن لە یەکتر هەنگاو دەهاوێژن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

## کلیلی چارەسەری کێشەکانی ئێستای عێراق بە دەستی تەحالوفی نیشتمانییە ئەگەر نەیەوێت گرفتەکان چارەسەر بن، ئەوا لایەنەکانی دیکە ناچاردەبن ڕێگاچارەی دیکە بدۆزنەوە

د.ڕۆژ نووری شاوەیس بێجگە لەوەی جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدرالی عێراقە، لە هەمانکاتدا لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقیشدا نوێنەری بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان و هەروەها چاودێری کردنی جێبەجێکردنی خاڵەکانی نـاو ڕێککەوتننامەی هەولێر، کە حکومەتی ئێسـتای عێراق بەرهەمی ئەو ڕێککەوتنەیـە، لەم بارودۆخەدا کە هەتا ئێسـتا زۆرێك لە خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتنـە جێبەجێ نەکراون بەوانەی پەیوەندییان بە عێراق و هەرێمی کوردستانیشـەوە هەیە، بەپێویستمان زانی تاوتوێی ئەم پرسانە لەگەڵ بەڕێز د.ڕۆژ نووری شـاوەیس بکەین، بەسوپاسەوە بەڕێزی پێشوازی لەگوڵان کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.



**گوڵان:** پرۆسەی سیاسـی لە عێراقدا تا ئێستاش هیچ ئومێدی گەشبینی لێ ناكرێت، بە مەبەستی چارەسەركردنی كێشەكان، ناو بە ناو باس لە هەندێك هەوڵ دەكرێت، بەڵام چاودێرانی سیاسی پێیانوایە كێشەكان لەوە گەورەترن و وا بە سانایی ئومێدی چارەسەركردنیان لێ ناكرێت، بەڕێزتان وەك نوێنەری سەرۆك بارزانی لەم پرۆسەیەدا ئایا چۆن تەماشای كێشەكان دەكەن و هەوڵەكان بۆ چارەسەركردنیان لە چ ئاستێكدا دەبیننەوە؟

**د.ڕۆژ نووری شاوەیس:** ئەگەر بڵێین كێشە نییە، بەم قسەیە بە ڕێگەیەكی نادروست تێدەپەڕین، چونكە كێشەكان كەم نین و گەورەن، لەسەرەتای دروستكردنی حكومەتی فیدرالی كە جارێكی دیكە مالیكی بۆ سەرۆكایەتی ئەو حكومەتە ڕاسپێردرایەوە، هەوڵێكی زۆر درا تا هەموو ئەو هێزو لایەنانە پێكەوە كۆكرانەوەو لەلایەن هەموو لایەكەوە بە شێوەیەكی گونجاو ڕێككەوتن لەسەر بنەمایەكی مەقبول كرا تا ئەم حكومەتە لەسەر شێوازی شەراكەتی نیشتمانی پێكبێت، ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆكایەتی كۆمار بەو شێوەیە بێت و، هەروەها كاروباری ئایندەیی عێراقیش دەستنیشان كران و، بەوەی كاروبارەكان چین و پێویستە چی تێدا ئەنجام بدرێت، ئەم خاڵانە هەمووی پێوەندی بە خاڵە گشتییەكانی پێكهاتنی حكومەتی عێراقەوە هەبوو بەو حیسابەی حكومەتی عێراق نوێنەری هەموو گەلی عێراقە بە هەموو پێكهاتەكانیەوە، هەربۆیە پێویست بوو حكومەت هەموو خاڵەكانی ئەو ڕێككەوتنە جێبەجێ بكات بە هەندێك خاڵی تایبەتیشەوە كە پێوەندی بە هەرێمی كوردستانەوە هەبووە، ئەو خاڵانەش بەرچاو بوون و وەك ئەركێك خرانە سەر شانی حكومەتی عێراق كە ڕەچاویان بكات و خاڵەكانی جێبەجێ بكات، بەڵام سەرەنجام پاش ئەم هەموو وەختە، دەبینین زۆر لەو خاڵانە چ بە نیسبەت عێراق و چ بە نیسبەت هەرێمی كوردستان زۆری جێبەجێ نەكراون، بۆیە هەتا كاتی زیاتر تێپەڕێت و كێشەكان بە چارەسەرنەكراوی بمێننەوە، ئەوا بارودۆخەكان زیاتر ئاڵۆزتر دەبن، پەلوپۆی تازەی لێ دەبێتەوەو چارەسەرەكان قورستر دەبن، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە كە هەوڵ نەدرێت ئەو بارودۆخە چارەسەرنەكرێت، چونكە تا هەڵبژاردنێكی تر جگە لە دیالۆگ هیچ ڕێگەی ترت لەبەردەمدا نییە یان چارەسەر دۆزینەوەیەك بەدی ناكرێت لە چوارچێوەی دەستووردا نەبێت، ئەو ڕێگایانەی لە پێشمانن هەموویان ڕێگەی سیاسی و ئاشتیخوازانەن، دەبێ ئەو ڕێگایانە بگرینەبەر كە لە چوارچێوەی دەستووردان و خۆمان پێی قایلین و خۆمان دەنگمان بۆ داون و چەسپاندومانە، سەركردایەتی سیاسی كورد هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان نەیوتووە ڕێكەوتن ناكەین یان نابێت و ڕێگەچارە نییە، هەمیشە دیالۆگی ئاشتیخوازانەی بە ڕێگەچارەی دروستی ئەو گرفتانە زانیوە، بە ئامرازی جێبەجێ كردنی چارەسەرەكانی زانیوە، بە پێی ڕاوبۆچوونی من ئێستا لەم بارودۆخەدا جگە لەوەی وەزعەكە ئاڵۆزكاوە، كێشەكان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قورستر دەبن و بابەتی نەمانی متمانەش هاتۆتە پێشەوە، نەمانی متمانەش لە حەقیقەتدا كاریگەری

**وەك هاوپەیمانی كوردستانی ڕاو بۆچوونمان ئەوەیە بنەمای ڕاستەقینەو هەر ڕێگەیەكی دروست بۆ چارەسەری كێشەكانی عێراق ڕێكەوتننامەی هەولێرە**

**دروستكردنی حكومەتی زۆرینە، نە لە بەرژەوەندی عێراقدایەو نە لە بەرژەوەندی پێكهاتەكانیدایە بە گشتی، حكومەتی زۆرینە بۆ ئەم دۆخەی عێراق واتە حكومەتێكی نوقسان**



گەورەی لەسەر هەموو پرۆسێسەکە هەیە، بۆیە بە تێڕوانینی من ئەگەر لایەنی بنچینەیی کە ئێستا لە عێراقدا دەسەڵاتی بە دەستەوەیەو ڕایەڵە هەرە بەهێزەکانی عێراقی گرتوەتە دەست، ئەگەرئەو لایەنە کە تەحالوفی وەتەنییە بیەوێت بەردەوام بێت لەسەر کاری هاوبەش و هاریکار بێت لەگەڵ هێزەکانی تردا، پێویستە ئەو خۆی چەند هەنگاوێکی ئاشکرا بەرەو پێشەوە بنێت، ئەو هەنگاوانە بە شێوەیەك بنێت کە متمانە دروست بکەنەوە، ئەو کاتە زەمینە دروست دەبێت بۆ ئەوەی دیالۆگێکی ئاسان بێتە کایەوە، تا هێزەکان لە دەوری یەکتر بە متمانەوە کۆببەنەوەو ئەو کێشانەی ماون، لەگەڵ یەکتر تاووتوێی بکەن و باسی بکەن، لەو بڕوایەشدام کلیلی چارەسەر بە دەستی هێزەکانی تر نییە، بەڵکو بە دەستی تەحالوفی نیشتمانییە، ئەو ئەگەر نەیەوێت گرفتەکان چارەسەر بن، ئەوا ڕێگە خۆش دەبێت بۆ هێزەکانی تر ڕێگەچارەی تر بهێننە پێشەوە تا لە چوارچێوەی دەستووردا دیاری بکرێت چۆن گۆڕانکاری دێتە کایەوە.

**گوڵان:** لەو کاتەدا کە هەوڵەکان چڕ دەبنەوە تا کێشەکان بە پێی ڕێککەوتننامەی هەولێر چارەسەر بکرێن، حکومەتی عێراق باس لە پڕچەککردنی سوپا دەکات بەو چەکانەی کە تایبەتمەندییان بۆ ناوچە شاخاوییەکان هەیە، ئەمەش مەترسی لای شەقامی کوردی دروست کردووەو، بە تایبەتیش چەك کڕین لە ڕووسیا بەبێ زەماناتی نێودەوڵەتی لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانیان، ئایا چ مەترسییەکی لێ دەکەوێتەوە بۆ کوردستان؟

**د.ڕۆژ نووری شاوەیس:** وای لێ دەڕوانم کە ئێمە وەك کورد حەقمانە نیگەران بین کە دەبیستین چەك دەکڕدرێت و سوپا و هێزەکان توانایان زیاتر دەکرێت، چونکە بە درێژایی مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی ئەزموونی تفت و تاڵمان هەیە، بە تایبەتی لە بارودۆخێکی وەك ئەمڕۆدا کە گرفتەکان چارەسەر ناکرێن، بەڵکو زیاتر لەسەر یەکتر کەڵەکە دەبن و دەمێننەوە، مەترسییەکان زیاتر دەبن، ئەگینا ئەگەر لە دۆخی سروشتیدا بێت هەموو وڵاتێك

**چارەسەری کێشەی نەوت بە شێوەیەکی دیموکراتیانەو بە پێی ڕۆحیەتی دەستوور بۆ خۆی چارەسەرکردنی زۆر لە کێشەکانی تری عێراقی بەدوادا دێت. هەتا ئەگەر ڕاستەوخۆ چارەسەریشی نەکات ڕێگای چارەسەربوونی ئاسان دەکات**

**ماددەی ١٤٠ یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی گەلی کوردستان بە هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە. هیچ حزب و لایەنێك نییە لە هەرێمی کوردستان ئەو بابەتە بە بابەتێکی بنەڕەتی و گرنگ نەزانێت بۆ چەسپاندنی بەشێك لە مافە بنچینەییەکانی گەلی کوردستان**

**زیادکردنی هەناردەکردنی نەوت لە بەرژەوەندی هەموو گەلانی عێراقەو لە بەرژەوەندی گەلی کوردیشە. بەوەی لەو ڕێگەیەوە چارەسەرێك بۆ کێشەکانی بدۆزرێتەوە. هەروەها لە بەرژەوەندی سەقامگیری هەرێمایەتی ناوچەکەشە. لە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەشە کە ژیانی ئابووریان لەسەر وزە وەستاوە**

مەرجە لەسەری سوپای نیشتیمانی بە تواناو تەکنیکی پێشکەوتووی هەبێت تا سەقامگیری تێدا بچەسپێت سوپا بەهێز بکرێت تا بتوانێت بە ئەرکەکانی هەستێت، بەو مەرجەی شەراکەت و هاوکاری ڕاستەقینە بوونی هەبێت و کارەکان بە ڕاستەڕێی خۆیدا بڕۆن ئەو وەختە پرۆسەی بەهێزکردنی پۆلیس و سوپاو هێزەکانی تری پاراستنی وڵاتەکە لە بەرژەوەندی هەموو خەڵکی ئەو وڵاتەدا دەکەوێتەوەو بۆ هەموو لایەنەکان باشە، بەس ئەمڕۆ ئەو مەترسییە هەیە کە ئەم پڕچەککردنە لە بەرژەوەندی یەك لایەندایە، بۆیە بۆ بابەتێکی وا هەستیار ئەمڕۆ پێویستە دیالۆگ و ڕاوێژکردن هەبێت لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم و باقی پارێزگاکان، واتە جۆرە تەوافوقێکی نیشتمانی دروست بێت لەسەر بەهێزکردنی

**سووربوون و جەختکردن لەسەر جێبەجێ کردنی ماددەکانی دەستوور جەخت کردن و سوور بوونە لەسەر چارەسەری کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان بە کەرکوکەوە**

هەموو هێزەکانی نیشتمانی عێراق.

**گوڵان:** پاش هاتنەوەی بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق، ئەو دەنگۆیانە دروست بوون کە دوو هەڵوێستی جیاواز لە یەکتر لە نێوان سەرۆك بارزانی و سەرۆك مام جەلال هەیە، ئایا شتێکی وا بوونی هەیە؟

**د.ڕۆژ نووری شاوەیس:** ئەوە ڕاست نییە، چونکە هەردوو بەڕێزان بە هاوکاری کردنی یەکترو بە تێگەیشتن لە یەکترەوە هەنگاو دەهاوێژن، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گەلی کوردستان و بەرژەوەندییە هاوبەش و دیموکراتیەکانی سەرجەم گەل و وڵاتی عێراق.

**گوڵان:** تا چەند هاوپەیمانی کوردستانی ئامادەیە سەرجەم کێشەکانی لەگەڵ عێراق

**ئەمڕۆ ئەو مەترسییە هەیە کە ئەم پڕچەککردنەی سوپا لە بەرژەوەندی یەك لایەندایە. بۆیە بۆ بابەتێکی وا هەستیار ئەمڕۆ پێویستە دیالۆگ و ڕاوێژکردن هەبێت لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم و باقی پارێزگاکاندا**

بە دیالۆگی ئاشتییانە چارەسەر بکات، چ بنەماو پێشمەرجێك هاتونەتە ناو وتووێژەکانەوە؟

**د.ڕۆژ نووری شاوەیس:** هاوپەیمانی کوردستانی هەمیشە ئامادەیەو هەمیشەش هەروا بووە کە بە ڕێگەی دیالۆگ و لە چوارچێوەی دەستووری عێراق چارەسەری کێشەکان بکات، ئێستاش ئامادەیە و ڕاو بۆچوونمان ئەوەیە بە بنەمایەکی ڕاستەقینەوە هەر ڕێگەیەکی دروست بۆ چارەسەری کێشەکان ڕێکەوتننامەی هەولێرە، ئەو خاڵانەی کە ماون لەو ڕێکەوتننامەیەداو تا ئێستا جێبەجێ نەکراون ئەوە زەمینەسازی بۆ دروست بوونەوەی متمانە دروست دەبێتەوە هەموو کێشەکان چارەسەر دەکرێن؟

**گوڵان:** تا چەند لایەنە عێراقیەکان بە تایبەتی لایەنی عێراقیەو سوننەکان هاودەنگن لەسەر ئەوەی کە پێویستە ڕێکەوتننامەی هەولێر جێبەجێ بکرێت؟

**د.ڕۆژ نووری شاوەیس:** تا ئێستا هەموو لایەك داوای ئەوە دەکەن، بەڵام کە تا ئێستا نەکراوە ئۆباڵی دەکەوێتە ئەستۆی و کوتلە گەورەکە کە تەحالوفی وەتەنییەو کلیلی چارەسەر بە دەستی ئەوە تا متمانە دروست بکاتەوە.

**گوڵان:** ئایا ڕاستە کە ڕێکەوتنێکی پێشوەختە بوونی هەبێت لە نێوان هێزە سیاسییەکانی عێراقدا تا چارەسەری ئەو تەنگژانە بۆ دوای هەڵبژاردن دوا بخرێن؟

**د.ڕۆژ نووری شاوەیس:** بڕوا ناکەم شتی وا لە ئارادا هەبێت، ڕەنگە هەندێ هێز لە ڕوانینی خۆیەوە تەماشا بکات کە ئەو کێشانە چارە ناکرێن و گەیشتبێتنە ئەو قەناعەتەی کە تا دوای هەڵبژاردن چارەسەر زەحمەت بێت، بەڵام هاوپەیمانی کوردستانی نەگەیشتۆتە قەناعەتێکی لەو جۆرە، بەڵکو خەبات و کار دەکات بۆ ئەوەی ئەو خاڵانەی ڕێکەوتننامەی هەولێر جێبەجێ بکرێن، چونکە ئەو ڕێککەوتنامەیە پێشەکی لە بەرژەوەندی گەلی عێراقدایە و دواتر لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان.

**گوڵان:** گرنگترین ئەو کێشانەی لە نێوان هەرێم و بەغدان، ماددەی ١٤٠ە، زۆر لایەن پێیانوایە دوای ڕێککەوتن لەسەر پرۆسەو ماددەی نەوت و غاز ماددەی ١٤٠ لە لایەن کوردەوە پشتگوێ خراوە، ئایا بەڕێزت چۆن سەیری ئەم پرسە دەکەیت؟

- **د.ڕۆژ نووری شاوەیس:** ماددەی ١٤٠ یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی گەلی کوردستان بە هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانەوە، هیچ حزب و لایەنێك نییە لە هەرێمی کوردستان ئەو بابەتە بە بابەتێکی بنەڕەتی و گرنگ نەزانێت بۆ چەسپاندنی بەشێك لە مافە بنچینەیییەکانی گەلی کوردستان، بۆیە هەمیشە هەوڵی بۆ دراوە چ لایەنێك بە تەنیا یان بە هەوڵ و هیمەتی چەند لایەنێکیی ئیئتیلافی کوتلە کوردستانیەکان چ هاوپەیمانی کوردستانی، بۆیە گەلی کوردستان بە گشتی بە دوای چارەیەکی دادپەروەرانەی ئەو کێشەیە دەگەڕێت، کە کرۆکەکەی گەڕانەوەی ئەو ناوچە دابڕێنراوانەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کە ئەویش چارەسەرێکی ئاشتیخوازانەیە بۆ بەشێکی گرنگ لەو کێشانەی لە عێراقدان، دەستووری عێراق چارەسەری دەستووری و ئاشتیخوازانەی بۆ داناوە بۆیە ڕۆیشتن لەسەر دەستوورەکەو سووربوون و جەختکردن لەسەر جێبەجێ کردنی ماددەکانی ئەو دەستوورە جەخت کردن و سوور بوونە لەسەر چارەسەری کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان بە کەرکوکەوە.

**گوڵان:** چارەسەرکردنی کێشەی نەوت و گاز لەنێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گرنگ بوو، هەندێك پێیانوایە ئەم هەنگاوە دەبێتە

کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەی نێوان هەولێر و بەغدا، ئایا تۆ کە لەنزیکەوە لەم پرۆسەیە بەشداری تاچەند بەم هەنگاوە گەشبینیت؟

**د.ڕۆژ نووری شاوەیس:** لە ناو کێشەکانی عێراقدا، نەوت و داهات دوو بابەتی بنچینەیین، بە تایبەتی نەوت کە داهاتی لێ دەکەوێتەوە جگە لەوەی خێرو بەرەکەتیشە بۆ عێراق، بناغەی کێشەکانیشێتی، بۆیە چارەسەری کێشەی نەوت بە شێوەیەکی دیموکراتیانەو بە پێی ڕۆحیەتی دەستوور بۆ خۆی چارەسەرکردنی زۆر لە کێشەکانی تری عێراقی بەدوادا دێت، بە کێشەکانی کوردستانیشەوە، هەتا ئەگەر ڕاستەوخۆ چارەسەریشی نەکات ڕێگای چارەسەربوونی ئاسان دەکات، زەمینەش خۆش دەکات بۆ کێشەکانی تریش کە پێوەندییان بە نەوت و داهاتەوە هەیە، بۆیە پێش ئەوەی بڵێین ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە لەم بوارە کرا، سەرکەوتنێکی گەورە بوو، بۆ ئەو کەسانەی کە تێیدا کارا بوون و ئیشیان تێدا کردووە، شانازی بەوەشەوە دەکەم کە ئەو ڕێککەوتنە بەسەرپەرشتی من کراو لە بارەگای مندا کراوە، ئەم ڕێککەوتنە جارێ پێش هەموو شتێك بەرهەمی نەوتی کوردستان و عێراق دیاری دەکات و داهات زیاتر دەکات، ئەو کێشانەی دەربارەی نەوتن لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان چارەسەری دەکات، ئەگەرچی بە کاتییش بێت، چونکە چارەسەری کۆتایی ئەو کێشەیە لە ڕێگەی چەسپاندنی یاسایەکی گونجاوەوە دەکرێت، زیادکردنی هەناردەکردنی نەوت لە بەرژەوەندی هەموو گەلانی عێراقەو لە بەرژەوەندی گەلی کوردیشە، بەوەی لەو ڕێگەیەوە چارەسەرێك بۆ کێشەکانی بدۆزرێتەوە، هەروەها لە بەرژەوەندی سەقامگیری هەرێمایەتی ناوچەکەشە، لە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەشە کە ژیانی ئابوورییان لەسەر وزە وەستاوە، کەواتە لە بەرژەوەندی هەموو لایەکە کێشەی نەوت چارەسەر بکرێت، ئەگەر بەردەوام بووینایە لەسەر ئەم ڕێکەوتنەی هەولێرو خۆی پچەسپانایەو بەرەو پێشەوە بڕۆیشتینایە تا ئەو کاتەی دەگەیشتینە داڕشتنەوەی یاساکە، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین بەردی بناغەی چارەسەرکردنی زۆربەی کێشەکان بریتی بوون لەم ڕێکەوتننامەیە.

> **سەرکردایەتی سیاسی کورد هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان نەیتووە ڕێکەوتن ناکەین یان ڕێگەچارە نییە بۆ کێشەکان. هەمیشە دیالۆگی ئاشتیخوازانەی بە ڕێگەچارەی دروستی ئەو گرفتانە زانیوە و دیالۆگی بە ئامرازی جێبەجێ کردنی چارەسەرەکانی زانیوە**


**گوڵان:** بەشێك لە سەرکردەکانی دەوڵەتی یاسا ئێستا هەڕەشەی پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە دەکەن، بەوەی ئەگەر نەگەیشتنە تەوافوقێکی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ئێستا هەن، ئایا پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە بۆ ئێستای عێراق گونجاوە؟

**د.ڕۆژ نووری شاوەیس:** حکومەتی زۆرینە جارێ ئەو لایەنەی کە بیەوێت پێکی بهێنێت، دەبێت زۆرینەی هەبێت لە پەرلەمان، ئەو لایەنەی زۆرینە دەهێنێت، بۆی هەیە بە پێی یاساو دەستوور حکومەت دروست بکات، لێرەدا دوو پرسیار هەیە: یەکەمیان ئایا لایەنێك هەیە بتوانێت بە تەنیا زۆرینە بە دەست بهێنێت یان دوو لایەن هەن هاوپەیمانی دروست بکەن بۆ دروستکردنی حکومەت، بۆ نموونە ئەگەر هاوپەیمانی کوردستانی و تەحالوفی وەتەنی ڕێککەوتن، دەتوانن حکومەت دروست بکەن، یان عێراقیەو تەحالوفی وەتەنی ڕێك بکەون، دەتوانن حکومەت دروست بکەن، یان بڵێین هاوپەیمانی کوردستانی و عێراقیەو یەك دوو لایەنی ناو تەحالوفی وەتەنی، دەتوانن بەرەیەك بۆ دروست کردنی حکومەت پێکبهێنن، ئایا دەتوانین ئەوە بکەین، تا ئێستا نەخشەی سیاسی ئەوەی پیشان نەداوە، تا ئێستا ئەو بارودۆخ و بزاڤە سیاسییەی لە عێراقدایە ئەوەی بە ئاشکرا پیشان نەداوە کە لایەنێك یان دوو لایەن ئەوەندە ڕێك بن لە نێوان خۆیاندا کە بتوانن زەمینەیەك ساز بکەن بۆ دروستکردنی حکومەت، ئەمە یەکەمیان، دووەمیش لە حاڵەتێکدا ئەگەر شتێکی وا هاتە کایەوە، ئەگەر دوو لایەن یان لایەنێك زۆرینەی پێکهێنا لە پەرلەمان، ئایا دروست کردنی حکومەتی یەکلایەنە، تەنانەت دوو لایەنەش، چ سوودی هەیە، ئایا لە بەرژەوەندی عێراقە، ئەنجامەکەی چییە، بۆ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بە دڵنیایی دەتوانین بڵێین: جارێ ئەو حاڵەتە دروست نەبووە کە لایەنێك یان دوو لایەن بتوانن زۆرینەیان هەبێت لە پەرلەمان و هێندە سازو تەبا بن، دووەمیش دروستکردنی حکومەتی لەو شێوەیە نە لە بەرژەوەندی عێراقدایەو نە لە بەرژەوەندی پێکهاتەکانیدایە بە گشتی، واتە حکومەتێکی نوقسان دەبێت، بۆیە لە بنەڕەتدا کارەکە ڕاست نابێت و ئاسانیش نابێت، ئێمە لە هاوپەیمانێتی کوردستانیدا

> **پێویستە تەحالوفی وەتەنی لەسەر کاری هاوبەش و هاریکاری لەگەڵ هێزەکانی تردا، بەردەوام بێت و، چەند هەنگاوێکی ئاشکرا بەرەو پێشەوە بنێت. ئەو هەنگاوانە بە شێوەیەك بنێت کە متمانە دروست بکەنەوە**

لەو بڕوایەداین ئەگەر گشت پێکهاتەکان پێکەوە شەریك نەبن، ئەوا عێراق لە لایەن یەك لایەنەوە و تەنانەت دوو لایەنیشەوە حوکم ناکرێت، لە حوکمڕانی عێراق ئەمە بۆ ماوەیەکی زۆر وا دەبێت تا دۆخی سیاسی سەقامگیر دەبێت و تا جێبەجێ کردنی دەستوور دەبێتە شتێکی بەدیهی و ئاسایی و تا دیموکراتیەت دەچێتە ناو ڕۆحی هەموو کەسێکی ئەم وڵاتەوە کە ئەمەش کاتی زۆری دەوێت، بۆیە بیرکردنەوە لە دروست کردنی حکومەتێك بەو شێوەیەی ئەمڕۆ هەندێ لایەن دەیخەنە ڕوو یان هەندێ لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن باسی لێوە دەکەن لە واقیعەوە دوورە.

# کێشەکانی عێراق بە جێبەجێکردنی دەستوور چارەسەر دەکرێن نەک بە کڕینی چەکی رووسی



فەشەلی حکومەتەکەی نوری مالیکی گەیشتۆتە ئاستێك کە لەهەموو میدیاکانی جیهاندا باسی لێوە دەکرێت، تەنانەت شەخسی نوری مالیکیش گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی ئەم حکومەتە فەشەلی هێناوە، بۆیە بەدوای ئەوە دەگەڕێت مانۆڕێکی دیکەی سیاسیی بەناوی پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە نمایش بکات، سەرباری هەموو ئەمانەش ئێستا داروودەستەکەی حکومەتی مالیکی کەوتوونە پڕوپاگەندەی ئەوەی ئەو هەواڵانەی لە میدیاکانی جیهاندا لەسەر فەشەلی ئەم حکومەتە بڵاو دەکرێتەوە، لەلایەن نەیارەکانی مالیکی و بە پاڵپشتی سعودیە و قەتەر لە میدیاکانی جیهانیدا بڵاو دەکرێنەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوپەڕی ئیفلاسی سیاسی نوری مالیکی و حزبەکەیەتی کە لە ئاستی چارەسەرکردنی کێشەکاندا چۆکی داداوە و ناتوانێت بە شێوازی دیالۆگ و دروستکردنی زەمینەی لەبار بۆ هەموو پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی راستەقینە ئەم قەیران و تەنگژەیە تێپەڕێنن، هەموو ئەمانەش لە کاتێکدان کە پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق بێجگە لە حزبی دەعواو مالیکی لەسەر ئەوە کۆکن کە بگەڕێنەوە بۆ چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەی کە ئەم حکومەتەی ئێستای لەسەر دامەزراوە کە ئەویش ڕێککەوتنامەی هەولێرە، ئەوەی جێگەی سەرنجە و چاودێری سیاسی هەڵوەستەی لەسەر دەکات، لێدوانەکانی چەند رۆژی رابردووی نوری مالیکی-یە کە بە ئاشکرا رایدەگەیەنێت حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی فەشەلی هێناوە و دەبێت پەنا بۆ حکومەتی زۆرینە ببرێت، ئەمەشی لە پێناوی ئەوەیە کە حزبی دەعوا بکاتە تاکە حزبی حکومڕان لە عێراق و پێکهاتەو لایەنەکانی دیکەش پەراوێز بخات، یان هەمان مێژووی پێشووی حکومڕانی لە عێراقی پێش ٢٠٠٣ دووبارە بکاتەوە، لەم راستەوەش وەك چاودێرانی ناوخۆ و دەرەوە بە ئاشکرا تێبینی دەکەن، هەموو هەنگاوەکانی نوری مالیکی لە پێناوی بەهێزکردنی پێگەی خۆیی و حزبەکەیەتی ئامانجی ئەوەیە دەستوری عێراق و تەواوی ڕێککەوتننامەکان پێشێل بکات و بەرەو تاکڕەوی دیکتاتۆری هەنگاو هەڵبگرێت، هەر کەس و لایەنێکیش بەرامبەر ئەم رەوتە تاکڕەویی و دیکتاتۆریە بێتەوە، ئەوا لەلایەن ئەندامانی حزبی دەعوە و لیستی دەوڵەتی یاساوە بە مەترسی بۆ



سەرعێراق لەقەڵەم دەدرێت، لە کاتێکدا خۆیان لەهەموو کەس باشتر لەو راستیە تێدەگەن، ئەوانەی رووبەڕووی ئاراستەی تاکڕەویی و دیکتاتۆریەتی مالیکی دەبنەوە، تەنیا داواکارییان ئەوەیە دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت و ئەو دەستوورە نەخشەی رێگە بێت بۆ ئەوەی عێراقیکی دیموکراتی و فیدرالی و فرەیی و پەرلەمانی بونیاد بنرێتەوە.

## بۆ مالیکی
## چەك گرنگترە نەك کارەبا

کاتێك سەبارەت بە ئەدا و توانای حکومەتەکەی نوری مالیکی پرسیار لە سیاسەتمەداران و پسپۆران و رۆژنامەنووسانی جیهانی دەکەین، لەوەڵامدا پێمان دەڵێن حکومەتێك کە گەورەترین بودجەی لەبەردەست بێت و نەتوانێت تەزووی کارەبا بۆ پایتەختەکەی خۆی دابین بکات، دەبێت توانای ئەو حکومەتە چەند بێت، لەیەك دوو ژمارەی رابردووی گوڵاندا، ستۆران ستیڤنسۆن سەرۆکی شاندی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا بۆ عێراق لە دیمانەیەکی تایبەت پێی راگەیاندین و گوتی: (حکومەتی مالیکی حکومەتێکە فەشەلی هێناوە، بەهاری ئەمساڵ سەردانی بەغدام کرد و بینیم تەنها ٤ کاتژمێر کارەبا هەبوو، لەو سەردانەمدا بەڵێنیان پێدام کار بۆ چاککردنی ئەم مەسەلەیە بکەن و هەوڵبدەن لەماوەی چەند مانگێکی کەم بیگەیننە ١٢ کاتژمێر و دواتر زیاتری بکەن، بەڵام ئەوە زیاتر لە ٦-٧ مانگە گەڕاومەتەوە و بەپێی ئەو زانیاریانەی پێم دەگەن، هێشتا لەبەغدا هەر ٤ کاتژمێر کارەبا هەیە)، ئەم قسانەی ستۆران ستیڤنسۆن لەو کاتەدا بەنموونە دەهێنینەوە کە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق سەردانی روسیای کردووە و گرێبەستێکی بە ٤ ملیار دۆلار بۆ پڕچەککردنی سوپاکەی ئیمزا کردووە و لەهەمووشی سەیرتر ئەوەیە کە داوای کردووە ئەوچەکانە بەو جۆرە بن کە لەناوچە شاخاوییەکان بەکەڵك بێت لەمەشدا مەبەستی ئاشکرایە کە دەیەوێت بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان بەکاری بهێنێت، پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەنییە ئایا مالیکی دەتوانێت ئەم چەکانە بەکاربهێنێت یان نە ؟ بەڵکو پرسیاری سەرەکی پرسیارە لە نیەتی مالیکی بۆ چۆنیەتی حکومڕانی لە عێراقدا، ئەگەر نا حکومەتێك ئەوە حاڵی بێت نەتوانێت خزمەتگوزاری سەرەکی بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات و نەتوانێت تەنیا لە ناوچەی سەوز ئاسایش و سەقامگیری دابین بکات، کە چەند کیلۆمەترێکە لەناو بەغدا و تەنیا بنکە و بارەگای حکومەتەکەی مالیکی لەخۆی دەگرێت، ئەوا لەم قۆناخەدا زەحمەتە بتوانێت هەنگاوی دیکە هەڵبگرێت یان مەترسی راستەقینە لەسەر هەرێمی کوردستان دروست بکات، لەمەش زیاتر وەك دەیڤید ئیگناشیۆس رۆژنامەنووسی ناودار لە واشنتۆن بۆست لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان پێی راگەیاندین (خۆشبەختانە هێزی پێشمەرگە بەپێی پێویست بەهێزە و توانای ئەوەی هەیە بەرگری لەخۆی بکات و پێویستی بەوە نییە ئەمریکا دەستێوەردانی سەربازی ئەنجامبدات بۆئەوەی لەبری پێشمەرگە شەڕبکات)، ئیگناشیۆس کە لەنزیکەوە چاودێری بارودۆخی کوردستان و عێراق دەکات لە ئێستادا لەوە دڵنیایە کە نوری مالیکی و حزبەکەی ناتوانن کاری لەو جۆرە ئەنجامبدەن، بەڵام ئەویش لەگەڵ ئێمە هاوکۆك بوو کە مالیکی زەمینە بۆ ئەوە خۆشدەکات کە لە ئایندە هەنگاوی دیکە هەڵبگرێت، ئەمەش نەك هەر بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ئاراستەی عێراق بەرەو هاوپەیمانی روسیا و چین و دژایەتی دۆستەکانی ئەمریکا لەناوچەکە بگۆڕێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە



نزار جەنابی بۆ گوڵان:

**لەشەڕی دووەمی کەنداو بینیمان سەدام حوسێن ئەو هەموو چەکەی لە روسیای کڕیبووی بەرگەی چەند رۆژێکی هاوپەیمانانی نەگرت**

مالیکی و حزبەکەی نیەتیان بەو جۆرەیە کە بە تاکحزبی و تاکڕەویی حکومڕانی عێراق لە ئایندە بکەن، ئەوا هەنگاوی یەکەمیان بۆ ئەم نیەتە دروستکردنی سوپایەکە کە توانای ئەوەی هەبێت لەسەر ئاستی ناوخۆ گەلەکەی خۆی پێ سەرکوت بکات، سەبارەت بەم لایەنەش وەك نزار جەنابی تۆژەری ستراتیژی لەسەر عێراق لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ رۆژهەڵاتی نزیك و پێشتریش لە ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٥ بەڕێوەبەری گشتی تەمویلی پێداویستیە سەربازییەکانی وەزارەتی بەرگری عێراق بووە، لە لێدوانێکی تایبەت بە گوڵانی راگەیاند: (سەدام حوسێن لە کاتی شەڕی ئێران -عێراقدا، سوپاکەی بە چەکی رووسی بە ئاستێکی زۆر بەرز پڕچەك کرد، ئەو سوپایەی گەلەکەی خۆی پێ سەرکوتکرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ و لەشەڕی دووەمی کەنداو بینیمان ئەو هەموو چەکە بەرگەی چەند رۆژێکی هاوپەیمانانی نەگرت)، ئەگەر سەرنج لە قسەکانی ئەم تۆژەرە ستراتیژییە سەربازییە بدەین ئەو راستیە دەبینین کە نوری مالیکی خۆیشی باش دەزانێت ئەو چەکانەی کە لە روسیا دەیکڕێت ناتوانێت شەڕی لەگەڵ چەکی رۆژئاوا و ناتۆ پێ بکات و ئامانجی کۆتایی مالیکش لە کڕینی ئەم چەکانە تەنیا و تەنیا سەرکوتکردنی پێکهاتەکانی عێراقە بەگشتی و هەرێمی کوردستانە بە تایبەتی، بەڵام وەك پرۆفیسۆر کارۆل ئۆلیری بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی سەنتەری ئاشتی لە زانکۆی ئەمریکا بە گوڵانی راگەیاند کاتێك مالیکی بیەوێت بە چەکی روسی هێرش بکاتە سەرکوردستان، ئەوە هێزەکانی ئەمریکا و ناتۆ و تورکیا بەرەپەرچی دەدەنەوە.

لەسەر ئاستی پێکهاتەکانی عێراقیش ئەم هەنگاوەی مالیکی بۆ خۆ پڕچەککردنی سوپاکەی بە مەترسیەکی گەورە لەقەڵەم دەدرێت، لەمبارەوە میسال ئالوسی سەرۆکی حزبی ئومەی عێراقی لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بڕیاری کڕینی چەك لەروسیا تەنیا بڕیاری مالیکیە و پەیوەندی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە نییە و بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و وتی: (حکومەتەکەی مالیکی، دیلی رێنماییە ئیقلیمیەکانە، دیلە لەرووی پاڵپشتیکردنی سوریا، ناکرێ ئەو راستییەیش لەیادبکەین کە ملیارەها دۆلار لە پارەی عێراق گواستراوەتەوە بۆ تەهران و شام، بەواتایەکی دیکە پرۆسەی پڕچەککردن و سەردانی حکومەتی عێراقی

به سەرۆکایەتی مالیکی بۆ مۆسکۆ چەندین مەسەلە لەخۆدەگرێت، یەکەم: ئەمە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران نییە، بەڵکو بڕیاری شەخسی مالیکییە، دووەم: ئەم بڕیارە کۆدەنگییەکی سیاسیی لەسەر نەدراوە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی، بەڵکو زیاتر لەلایەن ئۆفیسی مالیکی دەنگی لەسەر دراوە کە ئاشکرایە کێ لەوێیە و دیارە بۆ بەرژەوەندیی کێ کاردەکەن، کڕینی چەك لە روسیا شتێکی زۆر مەترسیدارە لەبەرئەوەی ئێمە پشتمان بەستبوو بە رێککەوتنە ستراتیژییەتەکەی نێوان عێراق و ئەمریکا لەڕووی پاڵپشتی لە بەها دیموکراسییەکان و مافەکانی مرۆڤ و پرۆسەی دەستووری عێراق، ئەمڕۆش کە عێراق رووی کردووەتە مۆسکۆ کە پشتگیری لە کوشتنی گەلان دەکات و پاڵپشتی لە بەرفراوانبوونی هێزی سەربازی دەکات، مانای ئەوەیە مالیکی دەیەوێت بەم هەنگاوە خۆی لەو قەیرانە دەرباز بکات کە تێی کەوتووە، ئەو وا هەست دەکات ئەگەر بەرژەوەندییەکانی مۆسکۆ بپارێزێت ئەوا مۆسکۆ بە وەفایە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە لەبەرژەوەندی ئەو کاربکەن، هەروەك چۆن ئێستا بۆ بەشار ئەسەد بەوەفان، ئەمە وامانلێدەکات هەست بە پێشهاتێکی مەترسیدار بکەین کە مالیکی هەڵستاوە بە پەنابردن بۆ تەهران و مۆسکۆ لەبەرئەوەی بەدوای پاڵپشتی دەگەڕێت بۆ حکومەتێکی فاشیل و نالەبار کە کەموکورتی هەیە لەبارەی دەستوور و خزمەتگوزارییەکان و خزمەتکردنی وڵات)).

ئالوسی لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە هەر کەسێك دژی سیاسەتی تاکڕەوی و دیکتاتۆری مالیکی رابووەستێتەوە و رێگە نەدات بەرەو دیکتاتۆریەت ملبنێت، ئەوا لای ئەو ئەو کەسە دژی عێراقە و بەعێراقی لەقەڵەم نادرێت لەمبارەوە وتی:(سیاسەتی عێراقی لەسەر ئاستی ناوخۆییدا شکستێکی گەورەی وەدەستهێناوە، ئەمە بێجگە لە تاکڕەوی مالیکی و هەوڵدان بۆ دووبارە هێنانەوەی زاراوەی حزبی قائید کە بەکردەیی مالیکی پیادەی کردووە، هەربۆیە ئەم بۆتە هۆکاری ئەوەی بەپێی تێگەیشتنی حکومەتی ئێستای عێراق هەر کەسێك لەدژی تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتی مالیکی بوەستێت بە هاووڵاتییەکی عێراقی ناژمێردرێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە بارودۆخی ناوخۆیی لە ئاستێکی خراپدایە و کوشتن و تەقینەوە تەشەنەی کردووە و کەس بەرپرسیار نییە لە کوشتنی هاووڵاتیان لە عێراق بێجگە لە یەك کەس نەبێت کە شەخسی مالیکییە لەبەرئەوەی ئەو بەخۆی بەتەنیا وەزیری بەرگرییە و وەزیری ناوخۆیە و بەڕێوەبەری هەواڵگرییە و لێپرساوی دەزگا ئەمنییەکانە، هەربۆیە من ئۆباڵی هەر قوربانیەك دەخەمە ئەستۆی مالیکی ئەوە کە بە ئەنقەست پاڵ بە وڵاتەکەمانەوە دەنێت بەرەو ئاراستەی پێشێلکردنی دەستوور بڕوات و مافی هاووڵاتیبوون و مافی سیاسی و رادەربڕین نەمێنێت، کۆتایی ئەمەش ئاشکرایە کە حکومەت شکستی بەدەستهێنا و مالیکی شکستی بەدەستهێنا لەگەڵ نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و باری گوزەرانی هاووڵاتیانیش لە ئاستێکی تێکشاودایە و دۆسیەی ئەمنیش لەژێر کۆنترۆڵ نییە و سیاسەتی دەرەوەیش هیچ سیادەتێکی عێراقی لێ نابینرێت، ئەمە کۆتاییەکەیە و هەر بۆیەیش کاتی ئەوە هاتووە مالیکی بگۆڕین ئەگەر نا بە قورسی باجەکەی دەدەین. من لێرەدا پەیامێکم بۆ برا کوردەکانم هەیە و پێتان دەڵێم، هەڵکشانێك هەیە لەرووی هەستی فاشیستی عەرەبی ئیسلامی دژی کورد بۆمەبەستی خولّقاندنی قەیرانێکی ناوخۆیی، بۆیە بۆ ئێوەی کورد دەڵێم ئێوە توخمێکی سەرەکین لە پرۆسەی سیاسی و دەبێت بە هۆشیاری رووبەڕووی ئەم رەوتە فاشیە ببنەوە).



## میسال ئالوسی بۆ گوڵان:

**هەڵکشانێک هەیە لەرووی هەستی فاشیستی عەرەبی ئیسلامی دژی کورد بۆمەبەستی خولّقاندنی قەیرانێکی ناوخۆیی، دەبێت ئێوەی کورد بە هۆشیاری رووبەڕووی ئەم رەوتە ببنەوە**

### رێککەوتننامەی هەولێر رووناکی کۆتایی تونێلەکەیە

بۆچی هاوپەیمانی کوردستان پێ لەسەر جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتنە دادەگرێت؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرایە و ئەگەر ئەم رێککەوتنە نەبوایە ئێستا نە ئەم حکومەتە بوونی دەبوو نە پرۆسەی سیاسیی عێراقیش هیچ بەهایەکی بۆ دەمایەوە، لەمەش گرنگتر لەبەر ئەوەی ئەم رێککەوتنە بە دەستپێشخەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەموو لایەنەکانی کۆکردۆتەوە و پێکەوە گەیشتوونە ئەوەی رێکبکەون و عێراق لە قەیرانێکی گەورە و مەترسیدار رزگار بکەن، ئەوا لایەنی هاوپەیمانی کوردستانی ئەرکی سەرشانیەتی کە چاودێری جێبەجێکردنی خاڵەکانی ئەم رێککەوتنە بکات، بۆ ئەوەی عێراق ببێتە ئەو دەوڵەتەی کە شایستەی ئەوە بێت بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەناویدا بمێنیتەوە، پرسیاری دیکە لەسەر ئەم پرسە ئەوەیە ئایا بەدیلی ئەم رێککەوتنە دەکرێت هەبێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەکرێت بڵێین ئەم رێککەوتنە میکانیزمی جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستووری عێراقە، بۆیە بێجگە لە دەستوور هیچ شتێکی دیکە نابێتە بەدیل بۆ ئەم رێککەوتنە، لەم حاڵەتەشدا تەنیا رێگە جێبەجێکردنی دەستوورە کە میکانیزمی ئەو جێبەجێکردنەش رێککەوتنی هەولێرە، بەڵام ئەگەر ئەم رێککەوتنە کە لەو کاتەوەی ئیمزای لەسەر کراوە تائێستا بەشی زۆری خاڵەکانی جێبەجێ نەکراوە، ئەگەر هەروا بمێنێتەوە نابێت بەدوای بەدیل یان رێگە چارەی دیکە بگەڕێین؟ بێگومان دوایین کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حزب و لایەن سیاسییەکانی کوردستان وەڵامی بەجێی ئەم پرسیارە و ئەگەر مالیکی هەر بەردەوام بێت لە پێشێلکردنی دەستوور و جێبەجێ نەکردنی رێککەوتننامەی هەولێر، ئەوا گەلی کوردستان مافی خۆیەتی بڕیاری دیکە بدات و خۆی نەکاتە بەشێك لەو حکومەتە فاشیلەی کە ئەگەر لەسەر ئەم ئاراستەیەی ئێستای بەردەوام بێت و عێراق بەرەو هەڵدێر و کاولبوون دەبات.



## پرۆفیسۆر کارۆڵ ئۆلێری بۆ (گوڵان):

# ئێستا ساتێکی ناسکەو دەبێت ماڵی کورد یەک بێت و زیاتر جەخت بکەنە سەر کێشە گەورەکان و ناوچەکە لەسەر لێواری تەقینەوەیە

خاتوو کارۆڵ ئولیری ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و پرسی کورد بە تایبەتی و بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی سەنتەری ئاشتی-یە لە زانکۆی ئەمریکا لەواشنتۆن، هەروەها ئەم خانمە ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە بەشێوەیەکی تایبەتی لەسەر هەرێمی کوردستان کاردەکات و لەسەر پرسی هەرێمی کوردستان لەناو کۆنگریسی ئەمریکادا دانیشتنی گوێگرتنی بۆ رێکخراوە و ئەویش بە ئەمانەتەوە بارودۆخی هەرێمی کوردستانی بە کۆنگرێسی وڵاتەکەی گەیاندووە، پرۆفیسۆر ئۆلێری یەکێك بووە لە رێکخەرانی کۆنفرانسی (کورد کلیلی سەقامگیری عێراقە) کە لەساڵی ٢٠٠٢ لە مەڵبەندی مستەفا بارزانی لەناو سەنتەری ئاشتی زانکۆی ئەمریکا لەواشنتۆن گرێدرا، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم خانمە پێش رووخانی رژێمی پێشـــووی عێراق بە ســـاڵێك، کاری لەسەر ئەو پرسە کردووە ئەگەر کێشەی کورد لە عێراقدا چارەسەر بکرێت، ئەوا عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی هاوچەرخ، بە پێچەوانەوەشەوە ئەگەر هەر زوڵم لەکورد بکرێت، ئەوا عێراق سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت، هەربۆیە بۆ قســـەکردن لەســـەر بارودۆخی ئێستای عێراق و سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق و ئاییندەی هەرێمی کوردستان، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ پرۆفیسۆر کارۆل ئۆلیری ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.

**ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵ جیهانی سوننە کۆکین لەکاتێکدا حکومەتی بەغدا لەگەڵ ئێران و حزبوڵلا و ڕژێمی سوریا کۆکە**

*** چەند هەفتەیەکی دیکە ماوەی چوار ساڵ بەسەر ئیدارەی ئۆباما تێدەپەڕێت و لە ئەمریکا هەڵبژاردن دەکرێتەوە، وەك گوێبیست دەبین کە کۆمارییەکان وەك ڕکابەری دیموکراتییەکان لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەوجۆرە باس لە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما بەرامبەر عێراق دەکەن کە شەڕی عێراقی دۆڕاند، ئایا بەڕێزت وەك پسپۆڕێك لەمبارەوە چۆن سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەیت؟**

- بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە من حەزدەکەم وەك پسپۆڕێك بەشێوازی شرۆڤە و شیکاری قسە بکەم، نەك وەك کەسێك کە هاوسۆزی دیموکراتەکان بێت یان کۆمارییەکان، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا من دەڵێم ئەگەر ئێوە لایەنگیری ئەو بۆ چوونە بن کە پێیان وایە ئیدارەی ئۆباما شەڕەکەی دۆڕاندووە، ئەوا دەڵێم نەخێر وانییە و لەگەڵ ڕێزم بۆ بۆچوونەکەتان بەڵام بۆچوونەکەتان هەڵەیە، هۆکاری ئەمەش بەبۆچوونی من ئەوەی ئەگەر چوار ساڵ لەمەوپێش دیسان کۆمارییەکان هەڵبژاردنیان ببردایەوە، ئەوا هەر هەمان سیاسەت پیادە دەکراو هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق دەکشانەوە، من لەوە دڵنیانیم ئایا ئەگەر کۆمارییەکان بمانایەوە دەمانتوانی ڕێککەوتنی (SOFA) لەنێوان حکومەتی ئەمریکا و عێراق جێبەجێ بکەین یان نا؟ ئایا کۆمارییەکان لەگەڵ مالیکی سەر دەکەوتن یان نا؟ بەڵام بە بۆچوونی من وەك ئەکادیمیەك و پسپۆڕ لە بواری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەهۆی کاریگەری ئێران و هەڵوێستی حکومەتی ئێران بەتایبەتی مەجلیسی شورا، ئەوا ئەگەر کۆمارییەکانیش لە حکومدا بوونایە ڕێککەوتنی (SOFA) هەر جێبەجێ نەدەکرا، بۆیە وەك من دەبینم ئیدارەی ئۆباما ڕێك هەمان ئەو سیاسەتەی پیادەکرد کە ئەمریکییەکان داوایان دەکرد جێبەجێ بکرێت، ئەویش کۆتایی هێنان بوو بە شەڕی عێراق، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو ئێمە وەك ئەمریکا ئەو هەموو قوربانیەمان بۆ ئازادکردنی عێراق پێشکەشکرد، بەڵام یەك پارچەی عێراق کە ئەویش هەرێمی کوردستان بوو ئاسوودەو خۆشحاڵ بوون بەمانەوەمان، تەنانەت حکومەتی عێراقی لە بەغدا زۆر بەراشکاویی پێیان ڕاگەیاندین کاتی ئەوە هاتووە ئەمریکا لەعێراق بچنە دەرەوە بەشێوەیەکیش کە لەهیچ بەشێکی عێراق نەمێنینەوە، بێجگە لە کوردستان، ئەمەش مانای ئەوەیە کە حکومەتی عێراقی ئامادە نییە و ڕازی نییە ئەمریکا لە عێراق بمێنێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەوە خواستی ئێرانە و ئێران ڕازی نییە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بوونی هەبێت، تەنانەت هەندێك لە ئەندامانی پێشووی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی تەنیا بە رووکار سوپاسی ئەمریکایان کرد، بۆیە هەر بەڵێن و هاوپەیمانیەك لە ساڵی ٢٠٠٢ بەسەرۆك بوش درابێت، ئەوا لەم کەشوهەوای ئێستا هەیە لەنێوان هەردوولادا هیچ لەو هاوپەیمانییە نەهاتۆتەدی، بۆیە بەپێویستی دەزانم خوێنەری گۆڤارەکەتان ئەو دیوی مەسەلەکە ببینن و گرنگە لەڕوانگەی ئەمریکاوە سەیری مەسەلەکە بکەن، بەڕای من گرنگە بزانن سەرۆك ئۆباما چی دەکرد — ئێوە لە کوردستانن و ئێمەیش لە ئەمریکایین، دوو جیهانی جیاواز — بۆیە پێویستە لەمە تێبگەن: ئەگەر سەرۆك ئۆباما بەپێی بۆچوونی کۆمارییەکان بەڕاستی سەرۆکێکی خراپ بووە، هەروەها ئەگەر سەرۆك ئۆباما بەڕاستی دژی هەڵوێستی کۆمارییەکان بووایە ئەوە بەسەربەرزییەوە لە عێراق دەرنەدەچوو، بەواتایەکی دیکە دەمەوێ ئەوە بڵێم کە سەرۆك ئۆباما لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا و پێش هەڵبژاردنی بۆ سەرۆکایەتی زۆر ناهاوڕا بوو لەگەڵ سەرۆك بوش لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی بۆ شەڕی عێراق، ڕاستە سەرۆك ئۆباما لەدژی هەڵگیرسانی شەڕەکە بوو بە پلە یەك و زیاتریش لەدژی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شەڕەکە بوو، لەبەر ئەوەی پێیوابوو کە

**جاری بەغدا زۆر سست و تێکشکاوە و تەنانەت توانای ئەوەی نییە تەزووی کارەبا دابین بکات و ناتوانێت هەوایەکی سارد بۆ هاووڵاتیانی لە هاویندا دابین بکات. تەنانەت توانای نییە هەلی کار دابین بکات**

**ئەگەر مالیکی بەچەکی روسی بیەوێت ئارامی و سەقامگیری کوردستان بشێوێنێت. ئەمریکاو ناتۆ بەرگری لە هەرێمی کوردستان دەکەن**

دوژمنانی ئێمە لە ئەفغانستانەوە هاتبوون نەك لە عێراقەوە، هەروەها بە پلە دوو سەرۆك ئۆباما لەدژی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شەڕەکە بوو لەلایەن ئیدارەی بوشەوە، بەهەرحاڵ پاش ئەوەی ئۆباما بوو بە سەرۆك ئیدی ڕەخنەی لە ئیدارەی بوش نەگرت، بەڵکو لاپەڕەیەکی نوێی هەڵدایەوەو بڕیاریدا کاتی ئەوە هاتووە ئەمریکا بەسەربەرزییەوە لەم شەڕە دەرچێت، بۆیە زۆر گرنگە لەوە تێبگەین کە سەرۆك ئۆباما هەرگیز باسی لەوە نەکردووە ئەمریکا لە عێراق بدۆڕێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئۆباما پەیوەندیی باشی لەگەڵ مالیکی و حکومەتی عێراقی پاراست، ڕاشکاوانەتر دەکرێت بڵێین سەرۆك ئۆباما لە عێراق هەمان ئەو هەنگاوەی هەڵگرت کە کیسنجەر لە شەڕی ڤێتنام هەڵیگرت، ئەویش کشانەوەی هێزەکان بوو لەعێراق، هەروەك چۆن کیسنجەر هێزەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام کێشایەوە.

*** عێراقی ئەمڕۆ جیاوازە لەوەی ئەمریکا پێشبینیی بۆ دەکرد، حکومەتی عێراقی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەکو هاوپەیمانێکی ئێران دەژمێردرێت و عێراق پاڵپشتی لە ڕژێمەکەی سوریا دەکات لەکاتێکدا وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانی ئەمریکا وەکو تورکیا و سعودیە و قەتەر هەڵوێستی جیاوازیان هەیە...**

- بۆچوونەکەتان زۆر دروستە، مەبەستتان لەوەدایە کە ئێمە لەبارەی کەیسەکەی سوریا-و هەروەها لەبارەی چەندین مەسەلەی دیکە گەیشتینە دیوە پێچەوانەکەی حکومەتی عێراق و ئەمەش بەتایبەتی بەهۆی ئێرانەوە وایلێهات، ئێمە ئەمڕۆ هاوڕاین لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە، هەروەها هاوڕاین لەگەڵ قەتەر پەیوەندییەکانمان لەئاستێکی ئاساییدایە ماوەیەکی درێژە قەتەر هاوپەیمانی ئەمریکایە، هەروەها لەگەڵ تورکیا کۆکین کە ئەندامی ناتۆیە و هاوپەیمانی ئەمریکایە، بۆیە ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵ جیهانی سوننە کۆکین لەکاتێکدا حکومەتی بەغدا لەگەڵ

ئێـــران و حزبولـــلا و رژێمی ســـوریا کۆکە، ئێمــە لەبــارەی وردەکارییـــەکان هاوڕاین و بۆچوونەکەتان دروســـتە، بەڵام پرســـیاری سەرەکیتان چییە؟

*** پرسیاری سەرەکیمان ئەوەیە ئایا هەڵوێستی ئێستای حکومەتەکەی مالیکی زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە دەگەیەنێت؟ هەروەها رات چییە لەبارەی دابینکردنی چەك لەلایەن روسیاوە بۆ عێراق؟ تاچەند ئەم مەسەلەیە و هەنگاوەکانی مالیکی ئەمریکای نیگەران کردووە لەمبارەیەوە؟**

- بەراشـــکاوەیی بیڵێــم، من بـــاش تێدەگەم کە بۆچـــی ئێوە لـــە کوردســـتان نیگەرانن لـــەوەی مالیکـــی چەك لە روســـیا بکڕێت، پێــش هەمووشـــتێك، چەکـــی ئەمریکـــی لەبەراوردکردنیدا لەگەڵ چەکی روســـی زۆر پێشـــکەوتووتر و باشـــترە، دووەم: مـــن لێرەدا باسی ئایندەیەکی دوور ناکەم پاش ٢٠ ساڵی داهاتوو، بەڵکو مەبەســـتم لەمڕۆوە تاکو ٥ ساڵی داهاتوو واتە باسی ئاییندەیەکی کورت دەکەم، بۆیە من لەو بڕوایەدا نیم سوپای عێراق بتوانێت ئەو چەکەی دەیکڕێت بەبێ مەشـــق و راهێنـــان بەکاری بێنێـــت، لەبەرئەوەی ئەو حکومەتەی ئێســـتای عێراق تەنانەت توانای نییە کارەبـــاش دابین بـــکات، لەمەش زیاتر ســـوپای ئەو حکومەتە دابەشە لەنێوان سوننە و شیعە، هەرچەندە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ئەو سوپایە کوردیش لەخۆدەگرێت، بۆیە وەك رای خۆم لەســـەر ئاســـتی ئاییندەی کورت مەودا هەســـت بە هیچ نیگەرانییەك ناکەم و پێموایە ئەو ترســـەتان لە مەودایەکی کورتدا مایەی نیگەرانی نییە، بـــەڵام وێڕای ئەمانەش من لە نیگەرانییەکانتان تێدەگەم، هەربۆیە ئەگەر لێم بپرســـی ئایا چۆن بەراوردی هێزی تورکیا لەگەڵ هێزی حکومەتی مالیکی دەکەیت کە

> **لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە و لەڕووی پاراستنی سنوورەکانتان و لەڕووی پاراستنی ئاسایشتاندا ئەوە بەرای من سەرۆك بارزانی کارێکی زۆر نایابی ئەنجامداوە و پێویستە هاوولاتیان دەستخۆشیی لێبکەن**

ســـوپاکەی بەچەکی رووسی پڕچەك دەکات، ئەوا ئەو کاتە لەوەڵامدا پێت دەڵێم من لەســـەر هێزی تورکیا کـــە هاوپەیمانـــی ئەمریکا و کوردیـــش هاوپەیمانی ئەمریـــکا و تورکیایە، گرەو دەکـــەم و، پێموایە ئەمریـــکا و تورکیا و ناتۆ بەرگری لەکوردســـتان دەکەن، ئەگەر مالیکـــی بەچەکی رووســـی بیەوێت ئارامی و ســـەقامگیری کوردستان بخاتە مەترسیەوە. بۆیـــە من لـــەم قۆناخە دەتوانـــم ئەوەندە بڵێم مـــن لـــە نیگەرانیەکانتان تێدەگـــەم، ئەوەی ئێوە باســـی دەکـــەن خەملاندنێکی ئایندەییە، دەتوانین پێشـــبینیی ئەو شـــتە بکەین، بەڵام جارێ بەرەو ئاراســـتەی ئەو رۆژە هەنگاومان هەڵنەگرتووە، هاوکات پێموایە هەموو لایەنێك لەنێویشـــیاندا ئەمریکا لـــە نیگەرانییەکانتان تێدەگات و لەنزیکەوە چاودێریی ئەم مەسەلەیە دەکەن، بەڵام وەکـــو خەملاندنێك من لەگەڵ بۆچوونەکەتان هاوڕام و پێموایە ئەگەری ئەوە هەیە بارەکە بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕوات، هەر لەبەر ئەمەشە کێشـــەی ئێران هەرە جددیترین کێشـــەیە لە ناوچەکە، هەروەهـــا هەمـــوو ئەو لایەنانەی باســـمان کرد پەیوەندیی بە ئێرانەوە هەیە لەبەرئەوەی ئێران هاوپەیمانی روســـیایە و ئەمـــڕۆ عێراقیش بەرەو هەمان ئاراســـتە هەنـــگاو هەڵدەگرێت، هەربۆیە دەڵێم من باش لەو ســـیناریۆیە تێدەگەم کە ئاماژەتان پێکرد، ئەم سیناریۆیە راستیەکە و ئەگەری روودانی هەیە، بۆیە پێویســـتە بەدواداچوونی لەســـەر بکرێت، بەڵام بەرای من جارێ لەو ئاراستەیە نزیك نەبووینەتـــەوە، بەواتایەکی دیکە بەرای من جارێ بەغدا زۆر ســـست و تێکشکاوە و تەنانەت توانای ئـــەوەی نییە تەزووی کارەبا دابین بکات و ناتوانێت هەوایەکی ســـارد بۆ هاوولاتیانی لە هاوینە دابین بکات، تەنانەت توانـــای نییە هەلی کار دابین بکات، بۆیە بۆ

> **سەرۆك ئۆباما لە عێراق هەمان ئەو هەنگاوەی هەڵگرت کە کیسنجەر لە شەڕی ڤێتنام هەڵیگرت. ئەویش کشانەوەی هێزەکان بوو لەعێراق.**

حاڵی حازر پێشـــبینیی ئەوە ناکەم عێراق ئەو توانایەی هەبێت سوپایەکی بەهێز بونیاد بنێت، بەڵام پێویستە چاودێریی بکەین.

*** تاچەنـــد چوونـــە ریزی عێـــراق بۆ نێو هاوپەیمانێتیـــی روســـیا و ئێـــران بارەکـــە ئاڵۆزدەکات؟**

- بەڵـــێ بارەکـــە ئاڵـــۆز دەکات، بەرای من عێـــراق بۆ حاڵی حازر دابەشـــبووە و لاوازە و هەروەها ژێرخانە ناوخۆییەکەی و تواناکەشی لاوازە، ئەمە وێڕای ئاســـتی بەرزی گەندەڵی و ناکۆکی سیاســـی کە لە عێراقـــدا بوونی هەیە، بێجگە لە ناکۆکییەکانی نێوان سوننە و کورد ئەوە جەنگ لەنێو شـــیعەدا هەیە، شیعە دابەشە، سەدر لەدژی مالیکی، حەکیم لەدژی مالیکی، بەرای من عێـــراق تاکو ئەمڕۆش لەسەر ئاســـتی ناوخۆدا دابەشـــبووەو لاوازە، بەپێچەوانەوە ئەمڕۆ ئێران هەرەشـــەیە، بۆیە ئەگـــەر ئێران بەردەوام بێـــت لەدژایەتیکردنی ئەمریـــکا و رۆژئاوا، ئەوا عێراقیش لەســـەر هەمان رێچکەکەی ئێران دەڕوا و بەتێپەڕبوونی کات عێراق بەهێزتر دەبێت و دەگاتە ئاســـتی ئـــەو نیگەرانییـــەی کە ئێوە ئامـــاژەی پێ دەکەن، بۆچوونەکەتان دروســـتە، بەڵام ئەوەی لێرەدا هەستی پێدەکەین هاوکات مەسەلەیەکی تراژیدیشـــە ئەوەیـــە کە ئێمـــە وەك ئەمریکا ترلیۆنەهـــا دۆلارمان خەرجکـــرد و هەزارەها قوربانیماندا لـــە هاوولاتیانـــی ئەمریکی و کورد و لـــە عێراقیش داوە لەپێناو ئازادکردنی ئەم وڵاتە، پرســـیار ئەوەیە ئایا ئەمەمان کرد بۆئەوەی بگەین بە وڵاتێك کە بۆتە هاوپەیمان لەگەڵ دوژمنێکی راســـتەوخۆی ئەمریکا و رۆژئاوا؟ بێگومان ئەمە تراژیدیایە.

*** کەواتە ئێمە هاوڕاین لەسەر ئەوەی مالیکی ئەگەر بەم ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرێت، ئەوا هەم خۆی لەبەرەی دژی ئەمریکا دەبینێتەوە**

> **ئەگەر کۆمارییەکانیش لە حکومدا بوونایە رێککەوتنی (SOFA) هەر جێبەجێ نەدەکرا. بۆیە وەك من دەیبینم ئیدارەی ئۆباما رێك هەمان ئەو سیاسەتەی پیادەکرد کە ئەمریکیەکان داوایان دەکرد جێبەجێ بکرێت. ئەویش کۆتایی هێنان بوو بە شەڕی عێراق**

**و دەبێتە مەترسیش بۆسەر ڕەوشی ناوخۆ بە تایبەتی هەرێمی کوردستان، ئایا چۆن ئەم هەڕەشەیە بەرپەرچ دەدرێتەوە؟**

- من لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ئێوە هاوڕام، بەڵام ئەم هەڕەشەیە چەند کاتی بەسەردا تێپەڕێت و مالیکی دەستی واڵا بێت، زیاتر دەردەکەوێت، بەڵام بۆ ئێستا هێشتا جارێ بارەکە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە، لەبەر ئەوەی مالیکی هەتا ئیستا نەیتوانیووە وزەی کارەبا بۆ بەغدا دابین بکات، بۆیە پێموایە ئەگەر مالیکی لەسەر ئەم ڕێچکەیەی ئێستای بەردەوام بێت کە ئێمە پێشبینیی دەکەین بەردەوام بێت، ئەوە دوای ٥ ساڵی داهاتوودا مالیکی هەموومان دووچاری کێشە دەکاتەوە، بەڵام ئێوە وەك هەرێمی کوردستان کەرەستەتان لەبەردەست هەیە — مەبەستم لە چەك نییە و چەك وەکو کەرەستە ناژمێرم — بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئەمریکا زۆر پاڵپشتیتان دەکات و دۆست و هاوڕێتان زۆرە و هەموویان پێویستە پاڵپشتی لە حکومەتی ئیئتیلافی بکەن و هەروەها پێویستە لەسەر ئۆپۆزسیۆنیش نوێنەرایەتیی بیرۆکەی پۆزەتیڤ بکات کە مایەی پاراستنی یەکپارچەیی و پاراستنی هێزی کوردستان بێت لە هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ ئەمریکا، ئەمە بۆچوونی راستگۆی شەخسی خۆمە لەمڕووەوە، بێگومان لە دیموکراسییەتدا ئۆپۆزسیۆن هەیە و خودی خۆم پاڵپشتی لە هەبوونی ئۆپۆزسیۆن دەکەم، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پێمباشە ئۆپۆزسیۆن شتێکی بەواتا جێبەجێ بکات نەك ڕەخنە لە تاکەکان بگرێت، پێویستە ئۆپۆزسیۆن باشترین ڕێگە چارە پێشنیاربکات و حکومەتی ئیئتیلافی کوردیش جێبەجێی بکات، بەڕاشکاوەیی دەیڵێم هەڵەیەکی گەورەیە گەر ئێستا هەوڵبدەن حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوەشێننەوە، ئەوەش ئامانجی حزبی گۆڕانە کە هەوڵدەدات حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕووخێنێت، هاوشێوە لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٦ کە بارودۆخەکە و هاوپەیمانێتییەکانتان بەپتەوی بەتایبەتی لەگەڵ ئەمریکا و هەروەها لەگەڵ تورکیا، بەڕای من ئەمڕۆ تورکیا و ئەمریکا باشترین هاوپەیمانی ئێوەن لە ناوچەکە. لێرەیشدا دەمەوێ شتێك بڵێم: داوای لێبوردن دەکەم گەر هەندێك لە کوردەکانم بریندارکردووە، بەڵام من وەکو هاووڵاتییەکی ئەمریکی دەدوێم و من کورد نیم بەڵام هاوکات باوەڕم بە کوردستانی عێراق هەیە و هەر لەسەرەتاوە پاڵپشتیم لە ئێوە کردووە و چەندین ساڵە کەیسەکەی ئێوەم لەگەڵ خەڵکی ئەمریکا تاوتۆکردووە و لەبەردەم کۆنگرێس خستوومەتەڕوو، من دۆستی ئێوەم و ئەرکی دۆست ئەوەیە کە بەڕاشکاوەیی بدوێت و ڕاستییەکان باس بکات، من لەوە بەئاگام کە هەندێك خەڵك لە کوردستان ڕەخنە لە سەرۆك بارزانی دەگرن، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە و لەڕووی پاراستنی سنوورەکانتان و لەڕووی پاراستنی ئاسایشتاندا ئەوە بەڕای من سەرۆك بارزانی



لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کوردن، لێرەیشدا دەمەوێ وەکو دۆستێکی کورد بدوێم، لەگەڵ ڕێزم بۆتان، من لە ئۆپۆزسیۆنەکەتان تێدەگەم، لەهەموو وڵاتێك ئاڕاستەی جیاواز هەیە کە لەگەڵ حکومەت ناهاوڕان، هەروەها هەموو وڵاتێك لایەنی ئۆپۆزسیۆنی هەیە، بەڵام باوەڕم پێبکەن کە ئەم قسەیە دەکەم، دەمەوێ وەکو دۆستێکی ئێوە بدوێم، بۆیە ڕاشکاوانە پێتان دەڵێم ئۆپۆزسیۆن بوون مانای ئەوەنییە لەسەر ئاستی ناوخۆ ماڵی کورد دابەش بکەن، ئێوە لە ئیسرائیلییەکان فێر بن، خۆتان لەبەردەم جیهان وەك گەلێکی یەکگرتوو پیشان بدەن، ڕاستە کێشەی گەندەڵی لە کوردستان هەیە و ڕاستە ئێوە دەتانەوێ پێشکەون، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە نییە کە دژی حکومەتی خۆتان بن لەکاتێکدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە تەقینەوەدایە، ناسك بوو، ئێستایش ساتێکی ناسکە و دەبێت ماڵی کورد یەك بێت، بۆیە پێویستە زیاتر جەخت بکەنەوە لەسەر کێشە هەرە گەورەکانتان بۆئەوەی لە ٥ ساڵی داهاتوودا بتوانن خۆتان بپارێزن لە ناوچەیەکدا کە لەسەر لێواری تەقینەوەیە، پرسیار لە خۆتان بکەن، ئایا نزیك نییە سوریا لەکۆتاییدا ببێتە دەوڵەتێکی وەهابی؟ کەس نازانێ بارەکە دەگاتە کوێ و تەنانەت منیش نازانم چی لە ئاییندەدا ڕوودەدات، لەوانەیە ئێوە لە عێراق بکەونە نێوان دەوڵەتێکی قاعیدە لە دیوی ڕۆژئاواتان لەگەڵ دەوڵەتێکی شیعە — دەوڵەتێکی قاعیدە ئاسا — لە دیوی ڕۆژهەڵات-تان، بۆیە لەوانەیە بارەکە لە ئێستا خراپتر بێت، هەربۆیە ئامۆژگاریم بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەیە ماڵی خۆتان ڕێکبخەن و جەخت بکەنەوە لەسەر پاراستنی پەیوەندی کارێکی زۆر نایابی ئەنجامداوە و پێویستە هاووڵاتیان دەستخۆشیی لێبکەن، پرسی کورد لە سوریا وەکو نموونەیەك وەرگرن، دوو ساڵ بەر لە ئێستا بە چاوی خۆم بینیم لە سوریا کورد کوردی دەکوشت، لە تورکیا هەتا ئێستا پەکەکە بەشێکە لە کێشەکە نەك لە چارەسەر، ئێمە لە ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە گرووپانە ناکەین کە لە هاووڵاتیانی خۆیان دەکوژن، ئەمەش شتێکە کە سەرۆك بارزانی لەبارەیەوە زۆر زۆر زیرەك بوو و بەئاشکرا داوای کرد کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکرێن و کورد یەکگرتوو و خاوەنی یەك هەڵوێست بن، من هیوادارم کوردەکانی سوریا خۆیان لەبەر ڕۆشنایی پەیامی بارزانی ڕێکبخەن بۆ سوریای پاش ئەسەد کە لەو کاتەدا دەتوانن پشتگیریی ئەمریکا وەدەستبێنن.

دەیڤد ئگناشیۆس ستوون نووسی واشنتۆن پۆست بۆ (گوڵان):

# گەورەترین هەڵەی ئیدارەی ئۆباما ئەوەبوو ئاکامی هەڵبژاردنی عێراقی پشتگوێ خست و پشتگیری مانەوەی مالیکی کرد

**دیڤید ئیگناشیۆس یاریدەدەری سەرنووسەر و ستوون نووسی رۆژنامەی واشنتۆن پۆستە و هەروەها بەهاوکاری لەگەڵ رۆژنامەنووسی ناوداری جیهان بەرنامەی پۆست گلۆبال ئۆنلاین لە واشنتۆن پۆست و نیوزویك بەڕێوە دەبات، رۆژنامەنووس ئیگناشیۆس تایبەتمەندە لەسەر پرسی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کورد و بەدەیان ستوونی لەسەر عێراق لە واشنتۆن پۆست بڵاو کردۆتەوە، ئێمەش وەك گوڵان چەند جارێکی دیکە لەسەر پرسە هەستیارەکانی عێراق لێدوانمان لێوەرگرتووە، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق و سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق لە ئیدارەی باراك ئۆباما، چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد، بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**



*** ماوەی ٤ ساڵە ئیدارەی ئۆباما بەشێوەیەکی جیاواز لە ئیدارەی بوش دۆسێی عێراق بەڕێوە دەبات، بۆیە ئەگەر بەراوردی ئەم ٤ ساڵە لەگەڵ شێوازی ئیدارەدانی بوش بکەین، ئایا تۆ وەك چاودێرێکی سیاسەتی ئەمریکا چۆن سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لە عێراقدا دەخوێنیتەوە؟**

- پێش هەموو شت دەتوانم بڵێم لەماوەی ئەو ٤ ساڵەی ئیدارەی ئۆباما، ئەمریکا لە شێوازی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاراستەی رووداوەکان لە عێراقدا نفوزی خۆی لەدەستداوە، گەورەترین هەڵەی ئیدارەی ئۆباما لە سیاسەتی بەرامبەر بەعێراق ئەوە بوو، کاتێك عێراقییەکان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ مانەوەی نوری مالیکیان وەك سەرۆك وەزیران رەتکردەوەو دەنگیان بە لیستی ئەلعێراقیەدا کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکی ئەو لیستە بوو، بەڵام ئەمریکا پشتگیری ئەو بڕیارەی عێراقییەکانیان نەکرد، بۆیە لەم حاڵەتەدا باشترین هەڵوێست و سیاسەتی ئەمریکا لەهەمبەر ئەم بارودۆخە دەبوو پشتگیری کردن بووایە لەو بڕیارەی عێراقییەکان دابوویان، ئەگەر ئەمەمان بکردایە دەبووە هاندەر بۆ جۆرێك لە گۆڕانکاری لە حکومەت، دەبووە رەنگدانەوەیەك بۆ ئەو گۆڕانکارییەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان هێنابوویە ئاراوە، بەڵام ئێمە وەك ئەمریکا لەو سیاسەتە شکستمان هێناوەو بەهەمان شێوەی ئێران پشتگیریمان لە مانەوەی نوری مالیکی کرد بۆ ئەوەی حکومەتی نوێ پێکبهێنێت، بەڕاستی من لەم هەڵوێستەی ئەمریکا تێناگەم و پێموایە هەڵەبوو.

*** تۆ ئاماژەت بەوە کرد کە پشتگیری ئەمریکا بۆ مانەوەی مالیکی هەڵەبوو، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە تاچەند نوری مالیکی ئەو هەڵەیەی قۆزتۆتەوەو توانیوویەتی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریبهێنێت؟**

- بەبۆچوونی من هەتا ئێستا مالیکی زۆر بەوردی و بە ورياييەوە ئەم هەلەی قۆستۆتەوەو توانیوویەتی سوود لەم دەرفەتە وەربگرێت، هەربۆیە من پێموایە ئەمریکا مەیلی زیاتر بەرەو لای ئێران هەیە، هەرچەندە لەوەش تێدەگات کە پێویستە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکە بپارێزێت، هەربۆیە ئەگەر ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی سادە و لەروانگەی ئامانجی ئەمریکا لە رووخانی پێشوو بەراورد بکەین و بەشێوەیەکی پراکتیکیانە ئاکامەکە هەڵبسەنگێنین، هەست دەکەین ئەو پارە و قوربانییەی ئەمریکا لەپێناوی ئازادکردنی عێراق دای، زۆر کەمترە لەو دەسکەوتانەی بەدەست هاتوون، هەر بۆ نموونە ئەمڕۆ روسیا چەك دەفرۆشێت بە عێراق و نوری مالیکی

**کۆمپانیای ئەکسن مۆبیل کە هەرەگرنگترین کۆمپانیایە لە ئەمریکا بڕیاریدا وێڕای ئەو هەموو بەرهەڵستکارییەی حکومەتی مالیکی لە بەغدا کردی، هەر بەردەوام بێت لە کارکردن لە پرۆژەکانی نەوت لە کوردستانی عێراق**

سەردانی تەهران دەکات بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی و ئامۆژگاری، هەروەها پاڵپشتی لە مانەوەی بەشار ئەسەد دەکات، بۆیە ئەم ئاکامانەی ئێستا دەیبینین بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا، بەسەرکەوتن ناژمێردرێن.

*** بۆچی عێراق پەنای بردۆتە بەر روسیا بۆ چەك کڕین، ئایا ئەمریکا ئامادەنەبوو چەك بە عێراق بفرۆشیت؟**

- ئەمریکا بەرنامەی هەبووە بۆ ئەوەی پاڵپشتیەکی سنووردار بۆ دووبارە فراوانکردن و پڕچەککردنی سوپای عێراق، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەمریکا بەحەزەر بووە لە مەترسیەکانی سوپایەکی گەورەو بەهێز بۆ عێراق و هەموو کات ئەگەری هەڕەشەی ئەم سوپایەی بۆ سەر دراوسێکانی و هەروەها هەڕەشەکانی بۆ سەر ژێرخانی دەوڵەتی فیدرالی کە بواری بە دروستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوە، بۆیە من پێموایە ئەمریکا ئەو بەرنامەیەی هەبووە لەگەڵ حکومەتی عێراق هاوکار بێت لە بونیادنانەوەی سوپای عێراق، بەڵام ویستوویەتی ئەو پێکەوە کارکردنە لە ئاستێکی سنووردارداا بێت.

*** وەك دەرکەوت حکومەتی عێراق هاریکاری سنووورداری زیاتر پێویست بووە بۆ پڕچەککردنی سوپاکەی، بۆیە پەنای بۆ روسیا بردووە، ئایا ئەم پەنابردنە مانای ئەوە نییە حکومەتی مالیکی هەنگاو بۆ میحوەری روسیا و چین هەڵدەگرێت؟**

- بەڕای من جارێ ئەوە ڕووینەداوە، بۆیە من وا هەستدەکەم لەم قۆناخە مالیکی دەیەوێت زەمینە بۆ هەڵبژاردنی بژاردەکان یان ئۆپشنەکانی بەردەمی برەخسێنێت، بۆیە لەم حاڵەتە جارێ زووە بۆ ئەوەی بڵێین حکومەتی عێراق چۆتە بازنەی روسیاو چین، بەڵام لەم دەرفەتە من دەمەوێت ئاماژە بەهەرێمی کوردستان و کێشەکانی کورد بدەم، ئەگەر ئەم مەسەلەیە لە روانگەی ئەمریکا سەیر بکەین، من دەزانم لە روانگەی ئەمریکاوە یەکێك لەو پێشکەوتنە پۆزەتیڤانەی لەساڵی رابردوو لەعێراق، بریتییە لە بەرفراوانبوونی توانا و متمانە بەخۆبوونی هەرێمی کوردستان و هەروەها ئامادە باشی کاراکتەرە سەرەکیەکانی ئەمریکا بۆ هەمانگی و پێکەوە کارکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرووی پاڵپشتیکردنیان بۆ بەرژەوەندییە ئابووریی و سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا، لێرەدا گرنگە ئاماژە بە بڕیارەکانی کۆمپانیای ئەکسن مۆبیل بکەم کە هەرەگرنگترین کۆمپانیایە لە ئەمریکا، کە بڕیاریدا وێڕای ئەو هەموو بەرهەڵستکارییەی حکومەتی مالیکی لە بەغدا کردی، هەر بەردەوام بێت لە کارکردن لە پرۆژەکانی نەوت لە کوردستانی عێراق، هەر بۆیە بە بۆچوونی من ئەم هەڵوێستە لەنێو بزنسمانە گەورەکانی ئەمریکا ئەم راستیانەی سەلماند:

١- ئەم هەڵوێستەی ئەکسن مۆبیل مانای ئەوەیە کە ئیعترافکردنە بە بایەخی هەرێمی کوردستان لەعێراقدا.

٢- ئەم هەڵوێستە گەواهیدانە بۆ توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان کە توانیوویەتی پەیوەندییەکی سەقامگیر لەگەڵ تورکیا دروست بکات.

بە بۆچوونی من ئەو پەیوەندییە سەقامگیرەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، بەرهەمی لێکتێگەیشتنی هەردوولایە کە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە سەقامگیری ناوچەکە دەبێتە مایەی وەدیهێنانی خۆشگوزەرانی ئابووری و پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان هەردوولا و ئەمەش دەبێتە بنەما بۆ پەرەپێدانی ئابووری، بۆیە ئەگەر لەم چوارچێوەیە سەیر بکەین، لەسەر ئەم بنەمایە بەرەو پێشەوەچوون هەیە، سەرەنجامیش دەکرێت بڵێین لەو ساتە وەختەی کە سیاسەتی ئەمریکا بەشێوەیەکی گشتی لەعێراقدا دووچاری هیوا بڕان بۆتەوە، بەڵام لە

**ئەمریکا ئەو بەرنامەیەی هەبووە لەگەڵ حکومەتی عێراق هاوکار بێت لە بونیادنانەوەی سوپای عێراق، بەڵام ویستوویەتی ئەو پێکەوە کارکردنە لە ئاستێکی سنووورداردا بێت**

**لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمریکا-یە ئەوە دەتوانن پێشبینی ئەوە بکرێ کە ئەمریکا پاڵپشتیی ستراتیژی لەهەموو ئاستەکاندا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین بکات**

هەمانکاتیشدا ئەو ساتە وەختەشە کە ئەمریکا پەیوەندی پتەوی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی کورد هەیە، ئەمەش بۆتە مایەی وەدیهێنانی پێشکەوتنی گەورە و زەمینەیەك دروستبووە کە ئەمریکا هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا بەهێزتر بێت.

*** بەڕێزت وەك چاودێرێکی بارودۆخەکە، ئایا تاچەند ئەمریکا ئامادە دەبێت بەرگری لە هەرێمی کوردستان بکات ئەگەر هات و مالیکی بووە هەڕەشە لەسەر ئارامی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان؟**

- خۆشبەختانە هێزی پێشمەرگە بەپێی پێویست بەهێزەو توانای ئەوەی هەیە بەرگری لە خۆی بکات، پێویستی بەوە نییە ئەمریکا دەستێوەردانی سەربازی ئەنجامبدات بۆ ئەوەی لەبری پێشمەرگە شەڕ بکات، بەڵام تەنانەت ناشکرێ پێشبینیی دەستێوەردانی ئەمریکا-یش بکەن لەبەر ئەوەی ئەمریکا پێشوەختە شەڕێکی زۆری لە عێراق کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمریکا-یە ئەوە دەتوانن پێشبینی ئەوە بکرێ کە ئەمریکا پاڵپشتیی ستراتیژی لەهەموو ئاستەکاندا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین بکات.

هەروەها لەدوماهیدا دەخوازم بڵێم، پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و کوردی عێراق بۆ چەندین ساڵ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە، لەبیرمە لە سەردەمی پێش رووخانی سەددام حوسێن لە واشنتۆن چاوم بە مسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی کەوت، ئەوان ئەو کات لە واشنتۆن وەك خەو و خۆزگەیەك باسیان لە درووستبوونی حکومەتێکی کوردیی هەرێمی لە عێراق دەکرد، ئەمڕۆیش دەبینین ئەو خەونە هاتووەتەدی لەکاتێکدا لەیادمە رۆژانێك هەبوو پێموابوو وەدیهێنانی ئەو خەونە مەحاڵە.



دیڤید فلیپس بەڕێوەبەری پرۆگرامی بونیادی ئاشتی لە زانکۆی کۆلۆمبیا بۆ گوڵان:

# مالیکی بەردەوام مەیلی تاکڕەوی هەبووە و ئێستاش حکومەتەکەی بەرەو تاکڕەوی زۆرینە هەنگاو هەڵدەگرێت

**پرۆفیسۆر دیڤید فلیپس پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرسی عێراق و تورکیا و کورد و تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی بونیادی ئاشتی و مافە لەسەنتەری دیراساتی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆلومبیاو پێشتریش راوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بووە، بۆ قسەکردن سەبارەت بەباری ئێستای عێراق، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر فلیپس کرد بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** پێت وانییە بە کشانەوەی هێزەکانی لەعێراق، ئەمریکا شەڕەکەی عێراقی دۆڕاند؟**

- نەخێر، پێموانییە-ئەمریکا- شەڕەکەی عێراقی دۆڕاندبێت. سەددام ڕۆیشتووە و عێراقیەکانیش لە ڕێی گفتوگۆوە دەست و پەنجە لەگەڵ چارەسەرکردنی جیاوازیەکانیدا نەرم دەکەن. ئەمە کاتی دەوێت.

*** ئەو عێراقەی ئەمریکا لەدەستی رژێمی پێشوو رزگاری کرد، ئێستا پشتگیری لەمانەوەی ئەسەد دەکات، ئایا ئەمریکا بۆ ئەمە عێراقی رزگارکرد؟**

- هەڵوێستی عێراق زیان بە خەڵکی سوریا دەگەیەنێت کە خوازیاری حکومەتێکی نوێنەرایەتین کە تێیدا پرۆسەی بریاردان بە نامەرکەزی بکرێت و ئاییندەیەك بۆ وڵاتەکەیان بهێننەدی کە خاڵی بێت لە توندوتیژی.

*** لەمەش زیاتر ئێستا مالیکی بەنیازە سوپاکەی پڕچەك بکات، ئایا تاچەند ئەم هەنگاوەی مەترسیدارە؟**

- بەردەوام مالیکی مەیلی شمولیەت و تاکڕەوی پیشانداوە. دیموکراسی پەیوەستە بە سازشکردن و گەیشتن بە ڕێککەوتنەوە. پێویستە مالیکی هۆشیار بێت بەو ڕاستیەی کە حکومڕانیەکەی بەرەو تاکڕەوی زۆرینە ملدەنێت.

*** ئایا ئەو چەکانە مەترسی لەسەر گەلی عێراق دروست ناکات، بەتایبەتیش گەلی کوردستان؟**

- پێویستە ئەمریکا ڕێککەوتنی فرۆشتنی تانکی ئەبرامز و فڕۆکەی جەنگی بە عێراق هەڵوەشێنێتەوە. ئەگەری زۆرە چەکی پێشکەوتوو لەلایەن مالیکیەوە لە دژی خەڵکەکەی بەکاربهێنرێت نەك بۆ پاراستنی سنوورەکانی عێراق. پێویستە ئیدارەی ئۆباما زۆر ڕوون بێت لەوەی: کە ڕێگە نادات بەغدا دەستدرێژی بکاتە سەر هەرێمی کوردستان. کوردەکانی عێراق دۆستێکی بەنرخن کە دەبێت واشنتۆن بەرژەوندیەکانیان بپارێزێت. لەمەش زیاتر لەم مەسەلەیەدا ڕەفتارەکانی چین و ڕوسیا مایەی شەرمەزارین کە ڕێگەیان لە کۆششە نێودەوڵەتیەکان گرت بۆ فشارخستنەسەر ڕژێمی دیمەشق. دەبێت مالیکی لایەنی ڕاستی مێژوو بگرێت، نەك ببێتە جێبەجێکاری سیاسەتی بێزراوی چین و ڕوسیا لە ئاست سوریادا.

نزار جەنابی تۆژەری ستراتیژی

## رژێمی پێشووی عێراق دووەم گ

*** بەم دواییە مالیکی-سەردانی ڕوسیای کرد و ڕێککەوتنی کڕینی چەکی کرد، ئەمەش بە مانای ئەوەیە کە چەکی ڕوسیا لە ڕێی عێراقەوە دێتەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا تا چەند ئەم هەنگاوە مەترسیە بۆسەر سەقامگیری ناوچەکە و چۆن ئەیخوێنیتەوە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا، ڕوسیەکان بە دوای ئەوەدا دەگەڕێن جێ پێیەکیان هەبێت لە ناوچەکە، ڕەنگە ئێوەش ئەوە بزانن کە سوریا یەکێك بوو لە گەورەترین کڕیارانی چەکی ڕوسیا، ئێستاش کە سوریا لە ناکۆکیدایە، ڕوسیا بە دوای وڵاتێکی دیکەدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی سیستمی چەك و کەل و پەلی خۆی پێبفرۆشێت بۆ ئەوەی جێ پێیەکی هەبێت لە ناوچەکە، ڕەنگە ئێوەش ئەوە بزانن کە ماوەیەك بەر لە ئێستا میسری لەدەستدا و و هیچ شتێکی نییە لە (جی سی سی)دا، هەروەها کاتێك سعودیەش شتێکی لە ڕوسیا کڕی، ئەوا خستیەلاوە، ئێستاش سەرچاوەی سەرەکی چەك لە ناوچەکەدا چەکی ئەمریکیە، چەکی ئەمریکی و ڕۆژئاواییە نەك ڕوسی.


*** بەڵام کۆنتراکتی کڕینی چەکی روسیی جێگەی متمانە نییە، رژێمی سەدام حوسێنمان بینی بە چەکی روسی چی لە گەلەکەی خۆی کرد، هەروەها ئێستا رژێمی ئەسەدیش دەبینین بە چەکی روسی چی لە گەلەکەی خۆی دەکات، ئایا ئەم چەکانە هەمان مەترسیی دووبارە ناکەنەوە؟**

- ئەمە دەقا و دەق جیاوازی نێوان کۆنتراکتی بەدەستهێنانی سیستمی چەکە لە ڕوسیا و کۆنتراکتی بەدەستهێنانی چەکە لە ئەمریکا، ئەگەر ئەمریکا سیستمی چەکت بداتێ ئەوا هەڵوێستی دەبێت کاتێك ئەو چەکە دژی خەڵکەکەی خۆت بەکاردەهێنێت، بەڵام روسیا- ئەگەر بەرژەوندی وڵاتەکەیت پاراست- ئەوا بەلایەوە گرنگ نییە ئەگەر تەواوی خەڵکەکەت سەربڕیت و لەناو ببەیت، ئەمە یەکێکە لە جیاوازیە سەرەکیەکانی نێوان ئەو دو عەقیدە- سەربازیە-.

با بتگەڕێنمەوە بۆ مێژوو، لە هەشتاکاندا، لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا و دوای ئەوەش عێراق زۆربەی بودجەی وڵاتەکەی بۆ کڕینی چەك تەرخانکرد، بە شێوەیەکی سەرەکی چەکی ڕوسی، بەڵام ئەو چەکانە لە ساڵی ١٩٩١دا

## سەربازی بۆ گوڵان:

# ـــــورەترین وڵات بوو لە ڕووی زرێپۆش و تانکی روسی بەڵام لەماوەی سێ ڕۆژدا سکراب کران



نـــزار جەنابی کە هاووڵاتیەکـــی عەرەبی عێراقە تـــوێژەری باڵایە لە ئامۆژگای واشـــنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك و لەسەر دۆسیی عێراق لەو ئامۆژگایە کاردەکات، پێشتریش لەدوای رووخانی رژێمی پێشوو نـــزار جەنابی یەکێك بوو لەو عێراقیـــە ئەمریکیانەی گەڕایەوە بۆ عێراق و بووە بەڕێوەبەری گشتی تەمویلی کەلوپەلی سەربازی لەوەزارەتی بەرگری عێراق، بۆقسەکردن لەسەر رەوشی ئێســـتای عێراق و هەوڵەکانی مالیکی بۆ کڕینی چەك لەروسیا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی نزار جەنابی کرد، بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.

بۆ زیاتر لە ســـێ بۆ چوار ڕۆژ خۆی نەگرت. عێـــراق دووەم گەورەتریـــن وڵات بوو لە ڕووی زرێپۆش و تانك و زرێپۆشی تایبەت بە هەڵگرتن و گواستنەوەی سەربازی، بەڵام لە ماوەی سێ ڕۆژدا ســـکرابکران، لەبەر ئەوە پێم وانییە ئەمە باشـــترین ئایدیا یان باشترین ڕێگاچارەبێت کە بچیت هەمان سیستمی کۆنی چەك بکڕیت کە ســـەددام بۆ کوشتنی ئێمە بەکاری دەهێنا، واتە دووبـــارە لە هەمان ئـــەو وڵاتەی کـــە چەکـــی بە سەددامدا بۆ کوشتنی ئێمە، پێم وایە ئەمە ئایدیایەکی

ئێران. بەڵام ســـەبارەت بە ئاییندەی عێراق لەم بارودخـــە ئاڵـــۆزەدا، من پێت دەڵێم چ شـــتێك دۆخەکە ئاڵۆز دەکات، لە کۆتاییدا بەشار ئەسەد دەڕووخێت، ئەگەر لە مانگی داهاتووشدا نەبێت ئەوا لـــە چەند مانگی کەمی داهاتوودا، بەڵام لە کۆتاییدا بەشار ئەسەد دەڕووخێت. حکومەتی داهاتووی ســـوریاش ئەوەی لـــە یاد دەبێت کە کێ پشـــتیوانی کردوون و کێ هاوکاری بەشار ئەسەدی کرد بۆ کوشتنی خەڵکەکەی، ئەمەش لە بەرژەوەندی پەیوەندی ئاییندەی نێوان عێراق و ســـوریا نابێت، لەبەر ئـــەوە دەبێت پراگماتی بیـــن و بیر لە ئاییـنـــدەی دوور بکەینەوە، نەك لە مانگی داهاتوو، بەڵکو دەبێت لە ســـاڵانی داهاتوو بڕوانین و حسابی باشترین بەرژەوەندی

زۆر خراپە و ئەوە سیاسەتێکی خراپیشە.

*** لەســـەر ئاســـتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت جەمســـەرگیری نێودەوڵەتی – بە تایبەتی لە پەیوەندیدا بە سوریاوە-دروســـت بووە، کە تێیدا ڕوسیا و چین پشتیوانی لە هەموو ئەو وڵاتانە دەکەن کە بەرگری لە مانەوەی ئەســـەد دەکەن لـــە دەســـەڵاتدا، لەلایەکی دیکـــەوە ڕۆژئاواو هاوپەیمانەکانی لەگەڵ ڕووخانی ئەســـەددان، پرســـیارەکە ئەوەیە ئایا تا چەند هاوپەیمانێتی عێراق لەگەڵ ڕوسیا دۆخەکە ئاڵۆز دەکات؟**

- لە پەیوەندیدا بە ناکۆکی و کێشـــەی سوریاوە هەڵوێســـتی ڕاگەیەنراوی عێـــراق ناکۆکە بە هەڵوێستی ڕاگەیەنراوی ئەمریکا، بەڵام ئەمریکا بە ئاشکرا ڕاینەگەیاندووە کە هەڵوێستی عێراق دژ بـــە بەرژەوەندیە نیشـــتمانیەکانی- یان هەر دەســـتەواژەیەکی دیکە کە بـــەکاری دەهێنن- ئەمریکایە، بەڵام لـــەو گفتوگۆیانەی لێرە لە ناوەندە سیاسییەکانی واشنتۆن دی.سی. دەکرێن، نیگەرانیەك هەیە لەوەی عێراق ببێتە داردەستی عێراق بکەین لە مامەڵەی سیاسیماندا لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بە داخەوە حکومەتی عێراقی بە باشـــی ڕاوێژی بۆ نەکراوە لەبارەی چۆنیەتی ئیدارەدانی قەیرانی ســـوریاوە. ئەمە هەمان ئـــەو حاڵەتەیە کە لە ســـاڵی ١٩٩١دا ڕوویدا، کاتێك ســـەددام، شـــیعە و کوردەکانی دەکوشت، کەس لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یان وڵاتانی دەوروبەر هاوکاری شـــیعە یان کوردیان نەکرد، تەنیـــا لە دەرنگوەختـــدا و ئەو کاتەی هەزاران کەس گیانیان لەدەستدا، واتە ئەو کاتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردانی کرد.

*** کێشـــەکە ئەوەیە مالیکی- سەرۆك وەزیران- فەرماندەی هێزە چەکدارەکانە و چەندین کێشەی هەڵپەســـێردراوی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیـــە و کوردەکانیش مەترســـی ئەوەیان هەیە مالیکـــی ئەم چەکانە بۆ هێرشـــکردنە ســـەر کوردســـتان بەکاربهێنێت، پرســـیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئەمە مەترســـیە لەســـەر هەرێمی کوردســـتان کە هەرێمێکی سەقامگیرە و خۆی بە هاوپەیمانی ئەمریکا دەزانێت و ئایا دەبێت عێراقیەکان چی بکەن لـــە کاتێکدا مالیکی چەك دەکڕێت؟**

- پێموایە ســـەرۆك وەزیران زانیاری هەڵەی پێدراوە، بـــاوەڕم وایە ئەو کەســـانەی ڕاوێژ بە ســـەرۆك وەزیـــران دەدەن، ئەو ئەفســـەرە پلەبەرزانەی پێشتر بەعســـیبوون و ڕاوێژی پێـــدەدەن، زانیاری هەڵەیـــان هەیە، چونکە ئەگەر ســـەرۆك وەزیران و ئەگەر ســـوپای عێراق دەســـت بە کوشـــتنی خەڵکی عێراق بکەن، باوەڕم وانییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەماشاکار بێت، پێموانییە جووڵاندنی تانك و تـــۆپ دژی خەڵکی خۆت ئایدیایەکی باش یان سیاســـەتێکی باش بێـــت. بەڵام پێم وایە ســـەرکرایەتی کورد کارێکی باش دەکات، پێم وایە باشـــترین ڕێگاچارە بۆ یەکلاکردنەوەی ئـــەم کێشـــەیە بریتییە لە چارەســـەرکردنیان لە ڕێـــی دەســـتوور و پەرلەمان و پرۆســـە سیاســـییەکەوە، سەردەمی بەکارهێنانی چەك و هەڵگشـــاندنی بارودۆخەکە و پەنابردنەبەر توندوتیژی بۆ یەکلاکردنـــەوەی ناکۆکیەکان بەسەرچووە. پێموایە باشـــترین ڕێگا ئەوەیە کار لەگەڵ هاوپەیمانەکانی عێراقدا بکرێت، هاوپەیمانەکانی عێراق، نەك هاوپەیمانەکانی حکومەتی عێراق، کارکردن لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیـــا و تورکیا و وڵاتە دراوســـێکان و دۆستەکان، بۆ پشـــتیوانیکردن لە گۆڕینی پرۆســـە سیاســـییەکە، واتـــە هەوڵـــدان بۆ پشـــتیوانیکردن لە هێنانەدی گۆڕانکاری لە ڕێی پرۆسە سیاسییەکە و پرۆسە دەستووریەکە لە عێراقدا، ئەمە باشترین ڕێگایە بۆ عێراق، پەنابردنەبـــەر توندوتیژی لەبەرژەوەندی هیچ لایەنێکدا نییە لە عێراقدا. کورد و ســـوننە و زۆرێك لە شـــیعەکان پشتیوانی لەو سیاسەتە ناکەن کە ئێستا پیادەدەکرێت، کەواتە پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەك لە نێوان شـــیعە و ســـوننە و کوردا کە سنووری تائیفی و نەتەوەیی ببڕێت باشترین ڕێگای بەرەوپێشچوونە.

خەڵکی لە باشـــوورەوە دێن و دێنە هەولێر و جیاوازیەکە دەبینن، جیاوازی نێوان سیاسەتی حکومەتـــی هەرێم و سیاســـەتی حکومەتی بەغـــدا دەبینن، کاتێك دێـــن درك بەوە دەکەن کە دەبێت پراگماتی بن و چیتر وەك سوننە و شیعە مامەڵە نەکەن.

# پرۆگرامی پەڕینەوە لەنەوەی ئاگرەوە بۆ نەوەی ئاشتی

**((جێبەجێکردنی پرۆگرامی پەڕینەوە لە نەوەی ئاگرەوە بۆ نەوەی ئاشتی، بۆ کۆمەڵگەیەک کە خەون بە دیموکراسیەوە ببینێت، دەبێت بە فەرمانی یەکەمی هەمو یەکەمەکان، بۆ حکومەتێک کە خەون بە دیموکراسیەوە ببینێت، دەبێت بە ئەولەویەتی هەمو ئەولەویەتەکان.))**


د.عادل باخەوان*

بۆ گوڵانی نووسیوە

نەوەی ئاگر، منداڵانی ئەو کۆمەڵگانەن کە بە جەنگی ناوخۆ و شێوازە جۆراوجۆرەکانی زەبروزەنگدا تێدەپەڕن. بیناکردنەوەی نەوەی ئاگر لەسەر بنەماکانی پێکەوەژیان و هەموو ئەو بەهایانەی کە دەیانکاتەوە بە مرۆڤی «ئاسایی» پێویستی بە پرۆژەیەکی گشتگیری فرە لایەن هەیە. پرۆژەیەك لە «خواری خوارەوەی کۆمەڵگەوە» دەستپێدەکات و خانە بە خانەی بونیە کۆمەڵایەتیەکانی زەبروزەنگی نەوەی ئاگر بینادەکاتەوە. کەم نین ئەو کۆمەڵگانەی کە «لە سەری سەرەوە» سەرکردە یەکتر کوژەکانی دوێنێی لە ئەمڕۆدا پێکەوە کۆدەکاتەوەو ڕێکەوتنی گەورە و فراوانیان پێ واژۆدەکات، بەبێ ئەوەی هیچ یەکێك لەم ڕێکەوتنانە کاراییان لەسەر «ئاساییکردنەوە» و «بەمۆرڤکردنەوەی» نەوەی ئاگر دابنێت. دەکرێت لێرەدا ئاماژە بکەین بە سودان، کۆنگۆ، جەزائیر، فەلەستین، مالی و کوردستانی عێراقیش. کۆی ئەو ڕێکەوتنە ستراتیژی و بایەخدارانەی کە سەرکردەکان واژۆیانکردون، نەیانتوانیوە کۆمەڵگەکان لە بونیە کۆمەڵایەتیەکانی جەنگ و زەبروزەنگ بەرنە دەرەوە، چونکە ئەو ئەکتەرە کۆمەڵایەتیانەی کە لە ژیانی هەمو ڕۆژێکدا ئەم فەرمانە جێبەجێدەکەن، هەمو ئەو مرۆڤە سادانەن کە نەخراونەتە نێو ڕەوتی ئەو پرۆژە کۆمەڵگەییانەوە کە بڕیارە «خواری خوارەوەدا» کاربکەن. هەموو دیپلۆماتەکانی دنیا، هەمو تایبەتمەندە جیهانیەکانی زەبروزەنگ و هەموو سەرکردەکانیش پێکەوە ناتوانن کۆمەڵگەیەك لە ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیەکانی جەنگی ناوخۆ بەرنە دەرەوە، بەبێ ئامادەبوونی ئەو پرۆژە سۆسیۆلۆژیە فراوانەی کە لە «خواری خوارەوە» کەسایەتیی نەوەی ئاگر بینادەکاتەوە. بەپێچەوانەی ئەو ژوورە تەسکانەی کە چەند سەرکردەیەك تیایاندا کۆدەبنەوەو ڕێکەوتن واژودەکەن، ئەم پرۆژە سۆسیۆلۆژیە دێت و تەواوی گرووپە کۆمەڵایەتیەکان دەخاتە نێو کردەی دانوستاندن، گفتوگۆکردن، لەیەکتر تێگەیشتن، پێکەوەدانیشان، پەیوەندیی دروستکردن، لەیەکبووردن و کۆبوونەوە لە ڕووبەرە هاوبەشەکاندا و فێری ئەوەیان دەکات کە چۆن لەگەڵ جیاوازیەکانیاندا پێکەوە بژین و چۆن جیاوازیەکانیان وەك سەرچاوەی یەکتر دەوڵەمەندکردن تەماشابکەن، نەك وەك هەڕەشە بۆسەر یەکتری.

ئەو ناوچە ڕۆحیانەی کە جەنگی برا گەورەکان برینداری کردوون، ئەو ڕووبەرە شووناسییانەی کە زەبروزەنگی سەرکردە مەزنەکانی کۆمەڵگەیەك دڕاندوونی، بە بڕیاری ستراتیژی سەری سەرەوە سارێژناکرێن و نادورێنەوە، بەڵکو بەکارکردنی ئەکتەرە کۆمەڵایەتییە بچووکەکانی خواری خوارەوە، لەسەر پرۆگرامێکی زانستیی ورد، سارێژدەکرێن و دەدورێنەوە. پرۆگرامێك کە وەك چۆن دەستکاری خودی نەوەی ئاگر دەکات، ئاواش دەستکاری ڕێکخستنە ئابووری و سیاسییەکان دەکات و سەرلەنوێ پەیوەندیەکانیان دادەمەزرێنێتەوە، بەشێوەیەك کە گرووپە کۆمەڵایەتیە دژبەیەکەکانی دوێنێ بتوانن ڕووبەری هاوبەشی پێکەوە ژیان لە ئەمڕۆدا بدۆزنەوە و ئەمەش پێی دەوترێت : پەڕینەوە لە کولتوری جەنگەوە بۆ کولتوری ئاشتی، لە کولتوری زەبروزەنگەوە بۆ کولتوری لێبوردەیی.

سنوورەکانی پرۆگرامی پەڕینەوە لە کولتوری یەکەمەوە بۆ کولتوری دووەم دەبێت دەستنیشانبکرێت، چونکە پێوانەکردنی دەرەنجامەکان تەنیا لەهەلومەرجێکدا بەدی دێت کە بتوانین، لەسەر ئاستی سۆسیۆلۆژیا، خودی ئەو پرۆگرامە و سنوورەکانی کارکردنی بخەینە نێو کردەی «چەندایەتی»ەوە. گەر لۆژیکی ئەم پرۆگرامە نەخەینە ژێر کارایی لۆژیکی «ستاتیستیکەوە» ناکرێت بتوانین ئاستەکانی سەرکەوتنی دەستنیشانبکەین. واتە تەنیا بەس نییە بۆئەوەی کە ئێمە بڵێین لەسەر خواری خوارەوەی کۆمەڵگە کاردەکەین، بەڵکو دەبێت خودی گرووپە کۆمەڵایەتیەکان و بنکە جەماوەریەکانیان، تەمەنیان، سێکسیان، بڕوانامەکانیان، پراکتیکی ئاینییان، ئینتیمای سیاسییان، ڕیشەی جوگرافییان دەسنیشان بکەین و هەر یەکەو لە ئاستی خۆیدا بخەینە

نێو کوچەیەکی پرۆگرامە فراوانەکەوە. لە گریمانەی ڕانەهێنانیدا، هەر لەسەرەتاوە شانسی سەرنەکەوتنی بەرز دەکەینەوە.

یەکێك لە بایەخەکانی پرۆگرامی پەڕینەوە بریتییە لە دروستکردنی پانتایی هاوبەش بۆ ئەکتەرە ئەو ناکۆکانەی نەوەی ئاگر. بۆنمونە کۆکردنەوەی پەنجا کەسی جیاواز لەسەر هەمو ئاستەکانی بڕوانامە (دکتۆرا، ماستەر، لیسانس، دیپلۆم، شەشی ئامادەیی، سێی ناوەندی، بێ بڕوانامە)، ئینتیمای حزبی (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە، شیوعی، سۆسیالیست، کۆمۆنیست)، ئینتیمای جوگرافی (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، کەرکوك)، پراکتیکی ئاینی (ئیمانداری پابەند، ئیمانداری ناپابەند، ئیمانداری توند، ئیمانداری ناوەندگیر، بێ ئیمان)، سێکس (ژن، پیاو)، هتد. بۆ ماوەی مانگێک لە لادێیەکی دوورە دەستدا. ئەم پەنجا کەسە، لە ماوەی مانگێکدا فێری ئەوە دەکرێن کە چۆن لەگەڵ یەکتریدا قسەبکەن، چۆن گوێ لە یەکتری بگرن، چۆن یەکتری قبوڵ بکەن و چۆن جیاوازیەکان وەك سەرچاوەی دەوڵەمەندی تەماشا بکەن نەك وەك مەترسی. گەورەیی ئەم پرۆگرامە تەنیا لە چۆنیەتییەکەیدا نییە، بەڵکو لە چەندایەتیەکەشیدایە. واتە لەیەك کاتدا بتوانێت چەندین گرووپی پەنجا کەسی، لە چەندین جێگای جیاوازدا پێکەوە کۆبکاتەوە و کاریان لەسەر بکات، وەك ئەوەی کە لە ئێستادا حکومەتی فەرەنسی بۆ ئەو شارە فەرەنسیانەی ڕێکدەخاتە کە زۆرترین زەبروزەنگیان تیادا بەرهەم دێت.

هەر کارکردنێك لەسەر دیموکراسی، لەسەر دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە، لەسەر دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی دیموکراتیك لە کۆمەڵگەکانی پاش جەنگی ناوخۆدا، بەبێ ئامادەیی بەهێزی پرۆگرامی پەڕینەوە لە کولتوری یەکەمەوە بۆ کولتوری دووەم، شانسی گەورەی هەیە کە دواتر ببێت بە کارکردن بۆ دروستکردنی گۆڕستان بۆ خودی دیموکراسی و قوربانیەکانی. لەهیچ کۆمەڵگەیەکدا دیموکراسی سیاسی توانای پارێزگاریکردنی لە ئاشتی کۆمەڵایەتی، لە پێکەوە ژیان، لە کولتوری سارد، لە یەکتر قبوڵکردن نیە، بەپێچەوانەوە، دیموکراسی سیاسی بەبێ پرۆگرامی پەڕینەوەی کۆمەڵگەیی، دەکرێت ببێت بە هۆکاری لەتکردنی وڵات، جەنگی ناوخۆ، گەندەڵی، کۆچی نەوەکان، هەڵوەشانەوەی «ئینسیجامی کۆمەڵایەتی»، دروستکردنی چینێکی دابەستەی دابڕاوی کۆمەڵایەتی، لاوازبوونی ئینتیما بۆ نیشتمان، تاد. تەنیا گەرەنتیەك بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لەم قەیرانانە ڕووکردنە ئەو جیهانبینیەیە کە دیموکراسی لە سیستەمی سیاسیدا کورت ناکاتەوە، بەڵکو سەرەتا و پێش هەموو شتێك وەك پرۆگرامی بیناکردنەوەی کۆمەڵگە تەماشای دەکات.

بایەخێکی دیکەی ئەم پرۆگرامە لەوەدایە کە بەتەنیا کار لەسەر هەڵوەشانەوەی جەنگی ناوخۆ وەك یەکێك لە چوارچێوەکانی زەبروزەنگ ناکات، بەڵکو کار لەسەر هەڵوەشانەوەی هەموو چوارچێوەکانی زەبروزەنگ دەکات: زەبروزەنگی پیاو بەرامبەر بە ژن، زەبروزەنگی برا گەورە بەرامبەر بە برا بچوکەکان،زەبروزەنگی باوک بەرامبەر بە مناڵەکانی، زەبروزەنگی مامۆستا بەرامبەر بە خوێندکارەکان، زەبروزەنگی پۆلیس بەرامبەر بە هاووڵاتیان. لە کۆمەڵگەیەکدا کە، بەپێناسە دۆرکایمیەکەی، زەبروزەنگ بوبێت بە «فاکتێکی کۆمەڵایەتی» (هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی فاکتی کۆمەڵایەتی نیە)، واتە بوبێت بە شتێکی ئاسایی (نۆرماڵ)، واتە ئەنجام(نە)دانی وەك دۆخێکی نائاسایی وێنادەکرێت، لە هەلومەرجێکی ئاوادا، جێبەجێکردنی پرۆگرامی پەڕینەوە لە نەوەی ئاگرەوە بۆ نەوەی ئاشتی، بۆ کۆمەڵگەیەك کە خەون بە دیموکراسیەوە ببینێت، دەبێت بە فەرمانی یەکەمی هەموو یەکەمەکان، بۆ حکومەتێك کە خەون بە دیموکراسیەوە ببینێت، دەبێت بە ئەولەویەتی هەموو ئەولەویەتەکان.

لە ئێستا و ئێرەی مێژووی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیدا، نەك بەتەنیا ئەو نەوەیەی کە حکومەت بەڕێوە دەبات، بەڵکو ئەو نەوەیەی کە حزبەکان، کە فەرمانگەکان، کە دەزگاکان، کە زانکۆکان، کە مزگەوتەکان، کە بازاڕەکان، کە یاریگاکان، کە کتێبخانەکان بەڕێوەدەبات، هەمان ئەو شتەیە کە ئێمە ناومان لێنا «نەوەی ئاگر»، نەوەی جەنگی ناوخۆ، نەوەی زەبروزەنگە جیاوازەکان. لە ئامادەنەبوونی پرۆگرامی پەڕینەوەدا، سپاردنی کۆمەڵگە بەم نەوەیە، یەکسانە بە کاراکردنەوەی سیستەمی ئامادەباشی کۆمەڵگەییمان بۆ پێشوازیکردن لە ئەزمونکردنەوەی فۆڕمە جیاوازەکانی ئەو زەبروزەنگانەی کە لە داهاتوویەکی نزیک یان دووردا دێنەوە بۆ بەسەرکردنەوەمان. ئێمە کە دەست بۆ ماددەی خاوی «نەوەی ئاگر» نەبەین و سەرلەنوێ نەیکەینەوە بە «نەوەی ئاشتی»، ئیتر چۆن لەهەر چرکە ساتێکدا چاوەڕوانی کارەساتی گەورە نەبین !

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

**ئێمە کە دەست بۆ ماددەی خاوی «نەوەی ئاگر» نەبەین و سەرلەنوێ نەیکەینەوە بە «نەوەی ئاشتی»، ئیتر چۆن لەهەر چرکە ساتێکدا چاوەڕوانی کارەساتی گەورە نەبین!**

**هەموو دیپلۆماتەکانی دنیا، هەمو تایبەتمەندە جیهانیەکانی زەبروزەنگ و هەموو سەرکردەکانیش پێکەوە ناتوانن کۆمەڵگەیەک لە ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیەکانی جەنگی ناوخۆ بەرنە دەرەوە، بەبێ ئامادەبوونی ئەو پرۆژە سۆسیۆلۆژیە فراوانەی کە لە «خواری خوارەوە» کەسایەتی نەوەی ئاگر بینادەکاتەوە**

**ئەو ناوچە ڕۆحیانەی کە جەنگی برا گەورەکان بریندارى کردوون، ئەو ڕووبەرە شووناسیانەی کە زەبروزەنگی سەرکردە مەزنەکانی کۆمەڵگەیەک دڕاندونی، بە بڕیاری ستراتیژی سەری سەرەوە سارێژناکرێن و نادورێنەوە بەڵکو بەکارکردنی ئەکتەرە کۆمەڵایەتیە بچوکەکانی خوارەوە، لەسەر پرۆگرامێکی زانستیی ورد، سارێژدەکرێن و دەدورێنەوە**

**لەهیچ کۆمەڵگەیەکدا دیموکراسی سیاسی توانای پارێزگاریکردنی لە ئاشتی کۆمەڵایەتی، لە پێکەوە ژیان، لە کولتوری سارد، لە یەکتر قبوڵکردن نییە، بە پێچەوانەوە، دیموکراسی سیاسی بەبێ پرۆگرامی پەڕینەوەی کۆمەڵگەیی، دەکرێت ببێت بە هۆکاری لەتکردنی وڵات**

## کیلی کلارک بیردسلی بۆ گوڵان:

# پرۆسەی سەرکەوتووی بونیادنانی نەتەوە بە حکومڕانی سەقامگیر و باش کۆتایی دێت



**پرۆفیسۆر کیلی کلارك برادیسلی ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ئیمۆری لە شاری ئەتلەنتا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر بونیادنانەوەی وڵاتی دوای شەڕ و پرۆسەی بونیادی نەتەوە، سەبارەت بە پرۆسەی بونیادی نەتەوە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و هاوکات دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر کیلی کلارك کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**



*** پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە جیاوازە لە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت، هەربۆیە زۆر جار دەوڵەت بوونی هەیە، بەڵام پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە هێشتا دەستیپێنەکردووە، ئایا پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە چی دەگەیەنێت؟**


- ئەمە پرسیارێکی پڕ لە تەحەددیە، پێموایە پرۆسەی ڕەسمی بونیادنانی دەوڵەت، - ئەمانە دەگرێتەوە-وەك دیاریکردنی سنوورەکان و سەروەری و نوێنەرایەتیکردن لە قەوارە نێودەوڵەتیەکاندا، لە کاتێکدا پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە پرۆسەیەکی درێژخایەنترە کە پەیوەستە بە دامەزراندنی دامەزراوە کاراکانی حکومڕانیەوە، کە بە شێوەیەکی کارا یاسا و نیزام، سەروەری یاسا و ئاسایش بەدی بهێنێت. ڕەنگە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە گرنگتر بێت کە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە بە حکومڕانیەکی سەقامگیر و حکومڕانیەکی باش کۆتایی دێت.

*** لەزۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان پۆست کۆلۆنیالیزم، ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوو نایێت، هۆکارەکەی ئەوەیە کە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە پرۆسەی بەدامەزراوەکردنی دەوڵەتە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە فاکتەری سەرەکی لە پرۆسەی بەدامەزراوەیکردندا چین؟**

- ئەوە تەحەددیەکی گەورەیە لە کۆمەڵگەکانی دوای شەڕ کە زۆرجار ناتوانرێت پرۆسەیەکی کارای بونیادنانی نەتەوە ئەنجام بدرێت، کە دەبینین ناکۆکیەکی زۆر لە کۆمەڵگەکانی دوای شەڕدا سەرهەڵدەدەن، ئەویش لەبەر ئەوەی شەڕ و ناکۆکی دەوڵەت و هەروەها نەتەوەشی تێکشکاندووە، کەواتە زەحمەتە هەموو دامەزراوە جیاوازەکان بونیادبنرێنەوە. ئەوەندەی من بزانم ڕێگاچارەیەکی سیحری نییە بۆ ئەوەی ئەم کارە ئەنجام بدرێت و ئەمەش پرۆسەیەکە چەندەها ساڵ دەخایەنێت، کە هەندێ جار ئەمە پێویستی بە هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەبێت لە ڕووی وەبەرهێنان و هێزە ئەمنیەکانەوە.

*** یەکێك لەو خاڵانەی کە دەبێت بە تەحەدا لەبەردەم پرۆسەی بونیادی نەتەوە، ئەوەیە ئەم پرۆسەیە داهاتێکی یەکجار زۆری دەوێت، ئەو سەرچاوەی داهاتەش لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو وەك پێویست نییە، ئایا حکومەت لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو چۆن دەتوانێت ڕووبەڕووی ئەم تەحەدایانە بێتەوە؟**

- ئەمە تەنگژەیە، داهاتێکی زۆر ئەدرێت بە حکومەت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، بەڵام ئەو داهاتە زیان بەم پرۆسەیە دەگەیەنێت ئەگەر هاتوو حکومەت بە خراپی ئەو پارەیەی بەکارهێنا، بۆ نموونە ئەگەر گەندەڵیەکی زۆر لە ئارادابوو، یاخود ئەگەر حکومەت ئەو داهاتەی بۆ وەبەرهێنان لە بواری سەربازیدا خستەگەڕ نەك بۆ هێنانەدی پەرەپێدانێکی بەردەوام لە بواری ئابووریدا. کەواتە ئەمە تەنگژەیە و



دەبێت حکومەتەکە سەقامگیر بێت بۆ ئەوەی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە ئەنجام بدات. ڕاسپاردەی من ئەوەیە، ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنە و دەبێت هەنگاوی بچووك هەڵبگیرێت، بۆ نموونە دەبێت لەبەرامبەر ئەو پارەیەی پێیدەدرێت دەبێت چاکسازی بکرێت لەو حکومەتەدا -کە داهات و دارایی پێدەدرێت- بە چەشنێك ئەگەر بۆ بونیادنانی ژێرخان بەکاری بهێنێت، ئەوکاتە دەوڵەتێکت دەبێت کە دەتوانێت بەردەوام بێت.

*** لەم پرۆسەی بونیادی نەتەوە پێویستە حکومەت هۆکارێك بێت بۆ چالاککردنی کۆمەڵگە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی چالاك هۆکارێکە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادی نەتەوە، ئایا چۆن کۆمەڵگە چالاك دەکرێت؟**

- مەسەلەکە ئەوەیە بوار بە پرۆسەیەکی پتر دیموکراتی بدرێت بۆ ئەوەی ڕووبدات، کە خەڵکی ئازادی دەنگدان و کۆبوونەوە و گوزارشتکردنیان هەبێت، بوونی کۆمەڵگەیەکی چالاك- هەروەك ئێوە ناوی لێدەنێن- بە مانای بوونی ململانێیەکی زۆر دێت و ئەگەر پەلە لە ئەدای دیموکراسی بکرێت، ئەوا ڕەنگە ململانێیەکی زۆر لە نێو ئەو لایەنانەدا دروست بکەیت کە پێشتر شەڕی یەکتریان دەکرد و ئەمەش دەبێتەهۆی خاوبوونەوەیان لەوەی بەرەوپێشەوە هەنگاوهەڵبگرن و پتر سووردەبن لەسەر هەڵوێستەکانیان. لەبەر ئەوە من دەڵێم دەبێت پرۆسەیەکی دیموکراتی درێژخایەن هەبێت کە پلە بە پلە دەرگای ئازادی بە ڕووی -هاووڵاتیاندا- والا بکرێت. بەڵام ئەگەر ئەو دەرگایە ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ والا بکرێت، ئەوا ململانێیەکی زۆر دروست دەبێت.

*** لایەنێکی دیکە مەسەلەی دیموکراتییە، لەبەر ئەوەی ژینگەی دیموکراتی هۆکارێکە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادی نەتەوە، بەڵام پرۆسەی دیموکراتی و پرۆسەی بونیادی نەتەوە، هاوکات پێکەوە دەست پێدەکەن، ئایا چۆن هاوسەنگی لەنێوانیان دروست دەکرێت؟**


- ڕەنگە لێرەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت،... کە ڕەنگە بۆ پەرەپێدانی سیستمەکە بێت، بۆ ئەوەی ئارامی و نیزام بگەڕێتەوە و ئەو کاتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەتوانێت هەنگاو بە هەنگاو بکشێتەوە، بۆ ئەوەی حکومەت بەرپرسیارێتی زیاتری حکومڕانی بگرێتەئەستۆ بۆ دابینکردنی ئاسایش، تاوەکو لە کۆتاییدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنیا بە دابینکردنی سەرچاوە بەشداری بکات، نەك لە ڕووی واقیعیەوە بەشداربێت لە لایەنەکانی حکومەتدا. ئەمە کاتی دەوێت و دەبێت پرۆسەیەکی لەسەرخۆ بێت، چونکە هەروەك توێژینەوەکان دەریانخستووە کاتێك پرۆسەی بە دیموکراتیکردن زۆر بە خێرایی ئەنجام دەدرێت، ئەوا ئەمە زۆرجار دەبێتەهۆی گەڕانەوە بۆ شەڕی ناوخۆ.

سیاسی

# ئەزموونی حوکمڕانی کوردیی وەک بنەمایەک بۆ دەوڵەتسازی



**((ئەزموونی حوکمڕانی جۆراوجۆرمان هەیە لەمێژوودا، بەڵام کێشـــەکە ئەوەیە کە ئێمە لەو مێژووە دابڕاوین. نەریتی بەڕێوەبردن نوێ نییە، بەڵکو نەمانتوانیوە شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی خۆجێی بگوێزینەوە بۆ ئێستامان و ئەو زانینە ئەزموونییە کەڵەکەبووە لە مردن رزگارکەین. کەواتە خاوەنی ئەزموونین، بـــەڵام دابڕاوین لەخودی ئەزموونەکە. بۆیە ئەو گوتەی «ئێمـــە ئەزموونی حوکممان نییە»، نەک هەر بێئاگایـــە لەمێژوو، بەڵکو دەیەوێ بەناوی «ئەزموونی نوێ»وە وەک قارچکێ لەنێو بیابانێکدا هەڵتۆقێ.))**



**نەوزاد جەمال***
**بۆ گوڵان نووسیوویەتی**

ئەگەرچـــی فەرمانڕەوایەتـــی بابەتێکـــی سەربەخۆیە لە پرســـی دەوڵەتسازی، بەڵام بەدیوێکیشـــدا ناڕاســـتەوخۆ پێوەی بەندە. پێوەندییەکـــەش لە پرســـیارێکی گرنگەوە ســـەردەردەهێنێ: ئاخـــۆ کـــێ توانـــای فەرمانڕەوایی و مافی دەســـەڵاتدارێتی لەو دەوڵەتەدا هەیە؟ هەربۆیە پرســـی دەسەڵات لە دوودەیەی رابردوودا لەهەرێمی کوردستان دا بـــووە ئامانجێکی سیاســـیی و مایەی مشـــتومڕی حزبایەتی ئاڵـــۆز. لەبەرئەوە قەیرانـــی ململانێی حزبایەتی کە لەســـەر دەسەڵاتگرتنەدەســـت وەســـتاو دروستبوو، بەدیوێکدا دەگەڕێتەوە بۆ دابەشـــبوونێکی ناوەکی لەپێکهاتەی دامەزراوەی حکومەتدا. دواجار ئەویـــش دەگەڕێتەوە بـــۆ نەبوونی دامەزراوەیەکـــی بـــاڵای نیشـــتمانی و دەزگایەکـــی خاوەن ســـەروەریی کە ناوی دەوڵەتە کەبتوانێت لەسەروو قۆزاخەی حزبەوە مامەڵـــە لەگەڵ پرســـی فەرمانڕەوایەتیدا بکات. ئەوەی لێرەدا مایەی هەڵوەستەکردن و بەدواچوونە، ئەزموونی فەرمانڕەوایەتییە لەمێـــژووی نزیکی کورددا کـــە دەکرێ ببێتە پاشـــخانێکی گرنگ لەحوکمڕانی و دەوڵەتسازییدا.

### مێژوویەک و چەند ئەزموونێک

زۆرجار گوتەیەکمان بەرگوێ دەکەوێ: ئێمە بێ ئەزموونین لە مێـــژووی فەرمانڕەوایی خۆمانـــدا. واتـــە پێشـــینەیەکمان نییە لە چۆنیەتـــی کاروبـــاری حوکمڕانیدا. بەڵام دەبێ بپرســـیین: ئایا راســـتە ئێمەی کورد ئەزموونی پێشترمان نەبووە لەحوکمڕانیدا؟ ئایا ئەوەی دوودەیـــە لەحوکمڕانی هەرێمی کوردســـتان دا، شـــتێکی نوێیە بە بەراورد بەمێژووی نزیـــک و دوورمان؟ ئەگەر نا، چەند سەدەیەک کە جۆرە حوکمڕانییەک پیادەکراوە، دەشـــێ ناوی بنێین ئەزموونی

**خاوەنی ئەزموونیین، بەڵام دابڕاوین لەخودی ئەزمەنوونەکە. بۆیە ئەو وتەیەی «ئێمە ئەزموونی حوکمان نییە»، نەک هەر بێئاگایە لەمێژوو، بەڵکو دەیەوێ بەناوی «ئەزموونی نوێ»وە وەک قارچکێ لەنێو بیابانێکدا هەڵتۆقێ!**

حوکم؟ بۆیە دەشبێ بپرسین «ئەزموون» چییە تابڵێین تازەیە یا نا؟

لەراستیدا دیاردەی حوکمرانی کوردی شتێکی نوێ نییە، تا پێی بنازین یا بیکەینە بەهانەو پاساو بۆ کەموکورییەکانی ئێستامان. بۆیە ئەگەر لە ڕوانگەی مێژووییەوە سەیربکەین، دەبینین ئێمە ئەزموونی دەوڵەتمان نییە بەمانا دیاریکراوەکەی، کە ئەمە جێی گومان نییە. بەڵام پێشینەی دەوڵەتداری واتە خاوەنی دەسەڵاتی خۆجێین لەزەمەنی میرنشینەکانەوە. هەر لە میرنشینی مەروانی، ئەردەڵان، بابان، سۆران و بدلیس وەوە، ئەزموونێکی کەڵەکەبووی چەند سەدەی قەڵەمڕەویی لەئارادایە. هەڵبەت یەکێک لەو کتێبە نایابانەی کە باس لە پێکهاتەی حوکمرانی کوردی دەکات، کوردناسی ڕووسی «ڤاسیلیەڤا» لە کتێبی (کوردستانی خورووی رۆژهەڵات؛ و. د. رەشاد میران).

ئەم کوردناسە میرنیشینەکان بە دەوڵەتۆکەیەک (mini state) دادەنێت، چونکە میرنشینێکی (semi independent) نیمچەسەربەخۆن (ڤاسیلیەڤا: ١٢٩). واتە خاوەنی ستاتۆس-پێگەی خۆیان بوون و بەفەرمی لەلایەن «بابی عالی» دەرباری سوڵتانەوە مامەڵەیان لەتەکدا کراوە. زۆرجار هەندێ لەمیرەکان کەبە«میری سنوور» ناسرابوون بەشدارییان لە جەنگی سەفەوی و عوسمانی داکردووە. هەربۆیە لە سەردەمی چەرخی نۆزدەدا بەمیرنشینی «بابان» یان دەووت: « کورد حکومەتی»(ە.س). ئەمەش بەرێکەوت نییە، چونکە «عەبدولرەحمان پاشای بابان» رۆژگارێک پێشنیارکرابوو ببێتە «والی بەغدا» بەڵام خۆی ئەم داوایەی رەتکردۆتەوە (ڤاسیلیڤا: ٧٤). هەروەها لە وەقفنامەکەی «عەبدولرحمن پاشای بابان»دا بۆ مەلای «جەلی کۆیی» کەباس لەناوچەکانی بندەستی دەکات وەک فەرمانڕەوایەک، بەڵگەیەکی مێژوویە لەسەر شکۆی فەرمانڕەوایەتیی (مەسعود محەمەد:حاجی قادر- ب١: ٢٦٠).

ئیدی قەڵەمڕەویی بابان یا ئەردەڵان کەبەسەر زۆر ناوچەی کوردستاندا دەیروانی، دەسەڵاتێکی سیاسیی نەبوو لەناوچەیەکی سنووردارا، بەتایبەت خاوەنی لەشکرو سکەی پارەو ستراتیژیەتی پاوانخوازی و فراوانخوازیی بووە. بۆیە وەک یەکەیەکی جوگرافی و سیاسی و ئابوری خاوەنی جۆرە سیستمێك بوو لە بەڕێوەبردندا ئەگەرچی بەپێوەری ئێستا سەرەتاییش بێ.

کەواتە ئەزموونی حوکمرانی درێژدەبێتەوە بۆ چەندین سەدە، لەبەرئەوەی دەرکەوتێکی راگوزەر نەبووە لەمێژووی سیاسی کوردا.

بەڵام بۆ لێی بێئاگاین؟ بۆئەو پاشخانە نەبۆتە نەریتی بەڕێوەبردن و پەروەردەکردنی کەسی شیاوو لێهاتوو لە بوارەکەدا؟ بەڕای من چەند فاکتەرێک هەن:

١- نەبوونی هزری دامەزراوەیی و پووکانەوەی شێوەی بەڕێوەبردن پاش رووخان و لاوازبوونی میرنشینەکان و گەڕانەوە بۆ قۆناغی پاش ڕێکخراوەیی.

٢- پێنەگەیشتنی چینی خوێندەوار و ئەوتۆکرات کە کاروباری بەڕێوەبردن لە پاش سەرهەڵدانی دامەزراوەکان دا بکاتە نەریتێکی سیستماتیکی کارگێریی.

٣- مۆدێرنەزەیشن، بەهاتنی دەوڵەتی مۆدێرنی ئێراق، ئێران و تورکیا گورزێ لە چینی دەسەڵاتدارو دامەزراوە نەریتییەکان درا. ئەو نوێکارییە لەبەڕێوەبردندا نەیتوانی ببێتە جێگرەوەی قەڵەمڕەویی میرنشینەکان و کۆتایهاتنی نەریتی کاربەڕێوەبردنی پێشتر.

٤- دواجار ئەم دامەزراوە نوێیانەش نەبوونە کولتورێك پێشکەوتوو، بەڵکو لەژێر هەژموونی کولتوری پێش مۆدێرندا داتەپین و تا ئێستاش کە دامەزراوەی مۆدێرن بەرجەستە هەیە، بەڵام هزری نامۆدێرن کاری تێدا دەکات!

٥- گواستنەوە تەختی دەسەلات لە خانەدان و پیاوماقووڵ و پێگەی دەستەبژێریی بنەماڵە ناسراوەکانی کوردی شارەکانەوە بۆ دەسەڵاتی خێڵەکان لەدەرەوەی شار.

٦- نەنووسینەوەی ئەزموونی حوکم و کێشەکان لەلایەن میرو فەرمانڕەواکانەوە، مەگەر هەوڵەکانی «بدلیس»ی یا «ماشەرەفخانم» و هەندێکی کەم نەبێ تا گرفت و نهێنییەکانی ئەو میرنشینانە بخەنەمێژووی نووسراوەوە.

**لە سەردەمی چەرخی نۆزدەدا بەمیرنشینی «بابان» یان دەووت: « کورد حکومەتی»(ە.س). ئەمەش بەرێکەوت نییە، چونکە «عەبدولرەحمان پاشای بابان» رۆژگارێک پێشنیارکرابوو ببێتە «والی بەغدا» بەڵام خۆی ئەم داوایەی رەتکردۆتەوە**

**ئەنجام:**

بێگومان ئەزموونی حوکمرانی جۆراوجۆرمان هەیە لەمێژوودا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئێمە لەو مێژووە دابڕاوین. نەریتی بەڕێوەبردن نوێ نییە، بەڵکو نەمانتوانیوە شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی خۆجێی بگوێزینەوە بۆ ئێستامان و ئەو زانینە ئەزموونییە کەڵەکەبووە لە مردن رزگارکەین. کەواتە خاوەنی ئەزموونین، بەڵام دابڕاوین لەخودی ئەزموونەکە. بۆیە ئەو گوتەی «ئێمە ئەزموونی حوکمان نییە»، نەک هەر بێئاگایە لەمێژوو، بەڵکو دەیەوێ بەناوی «ئەزموونی نوێ»وە وەک قارچکێ لەنێو بیابانێکدا هەڵتۆقێ!

بۆیە ئەوەی ریشەی خۆی نەناسێ، هەڵەی مەزنیش دەکات. جگەلەوەی ئەو گوتەزایە باس لە لێنەهاتوویی خۆی دەکات. پێموایە لافی تازەیی حوکمرانی، بەرهەمهێنانی گوتارێکە - دیسکۆرسێکە- کەخۆی بێ بنەچەو پاشخان دەکاتە موعجیزەیەک، بەڵام لەسیاسەتدا ئەوەنییە. مێژوو بەپاشخانی ئەزموونێک و مەعریفەیەك دەمانگەیەنێتە ئامانج. کەواتە ئەو گوتەیە کەباس لەبێئەزموونی دەکات، خۆپەراندنەوەی هەقیقی نییە بەڵکو ملپەڕاندنی خۆیەتی، لەبەرئەوەی:

- خۆبچووک کردنەوەیە
- پاساوە بۆ هەڵەکان کە هێشتا نەبوونەتە مایەی لێوەرگرتن.
- خۆدزینەوەیە لەبەرپرسیاریەتیی.
- بیرنەکردنەوەیە لەداهاتوو و چارەنووسی ئەزموونکارییەکە.

*** مامۆستای فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی-زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر**



**کێشەی وەرگرتنی قوتابیمان هەیەو حکومەت بەڵێنی داوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هاوکاریمان بکات**

●●●

**لەبەر ئەوەی پارەی پترۆدۆلار بۆ کەمپی زانکۆ تەرخانکراوەو ناتوانین ئامێری نوێ بۆ بەشەکانی زانکۆ بکڕین**

●●●

**دەبێت حکومەت لەبری قوتابی کرێی خوێندنی ئێواران بدات**

●●●

**بەرنامەمان بەو جۆرەیە بەپێی پێداویستی بازاڕ کادیر ئامادە بکەین**

●●●

**لەبەر ئەوەی ژمارەی دەرچووانی ئامادەیی زۆرە، ئەمساڵ لە وەرگرتنی قوتابیاندا ڕێژە لە ٤٠٪ی پلانەکە زیادکراوە**

●●●

**لەگەڵ ئەوەداین ئاستی خوێندن بەرزبکەینەوەو پڕۆگرامەکانی خوێندن بگۆڕین تا لەگەڵ دنیای سەردەم بگونجێت**



د. ئەحمەد ئەنوەر دزەیی (سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەددین) بۆ (گوڵان):

# پێش کۆتایی ئەمساڵ بەردی بناغەی کەمپی زانکۆی سەڵاحەددین دادەنرێت

**ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین لەم دیمانەیەی گوڵاندا بە تێروتەسەلی زۆر بابەتی تایبەتمەند بە خوێندن و پێداویستیەکانی ئەم سەردەمەی ئەو بوارەی خستۆتەڕوو لەوانە باس لە وەرگرتنی قوتابییانی زانکۆ دەکات هەروەها ئاماژەی بە دروستکردنی کەمپی زانکۆی سەڵاحەدین دا، لەگەڵ ئەو پرۆژانەی کە ئەمساڵ دەخرێنە بواری جێبەجێ کردنەوە، لە بەشێکی تری دیمانەکەدا سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین باسی لە چۆنیەتی گۆڕینی ڕاگری کۆلیژەکان کرد، لە تەوەرێکی تری وتەکانیدا هەلی خوێندن لە ماستەرنامەو دکتۆرای بە شێوەی سیستمێکی نوێ خستەڕوو هاوکات ئاماژەی بە چەندین پرس و بابەتی دیکەی گرنگی پێوەندیدار بە خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دا، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** پرۆژەی کەمپی زانکۆی سەڵاحەددین بە کوێ گەیشت؟**

- هەڵبەتە کەمپی زانکۆی سەڵاحەددین خەونی دێرینەی ئێمەو شاری هەولێریشە، خۆشبەختانە ماوەیەکی زۆرە هەوڵی بۆ دەدەین، لە ئێستادا دیزاینی تەواوبووەو هەندێ وردەکاری ماوەو پاشان دەدرێتە تەندەر، پێش کۆتایی ئەمساڵ بەدڵنیاییەوە بەردی بناغەی دادەنرێت و لە قۆناغی یەکەمدا چەندین پڕۆژە کە لە ئەولەویەتی زانکۆدایە دەست پێدەکات بەتایبەت ئەو کۆلێژانەی باڵەخانەکانیان شیاوی کۆلێژ نییەو ژینگەیەکی لەباری بۆ قوتابی و مامۆستا نییە.

*** یەکێك لە گرفتەکانی ئەمساڵ مەسەلەی وەرگرتنی قوتابییانی زانکۆیە، ئایا زانکۆی سەڵاحەددین لە توانادایە ئەو ژمارە زۆرەی دەرچووانی ئامادەیی وەربگرێت؟**

- ساڵانە کێشەی وەرگرتنی قوتابییانمان هەیە، لە پلانی زانکۆدا بۆ ئەمساڵ وامان دارشتبوو کە ٤٣٠٠ قوتابی لە قۆناغی بەرایی (بەکالۆریۆس) وەربگرین، بەڵام بەهۆی ئەوەی ژمارەی دەرچووانی ئامادەیی زۆر بوو، بۆیە بە ڕێژەی ٤٠٪ لە پلانەکە زیادکرا، لە راستیدا لەو بارەیەوە قسەمان لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی وەزارەت کردووە کە ناتوانین ئەو ڕێژە زۆرە قوتابییە وەربگرین، کە دەکاتە ١٠٠٠ هەزار قوتابی لەسەرووی پلانی خۆمان، بەڵام بەڵێنی ئەوەیان پێداوین ئەگەر لەکاتی وەرگرتن رووبەڕووی کێشەی شوێنی نیشتەجێبوونی قوتابیان لە بەشە ناوخۆیی و هۆڵی خوێندن ببینەوە ئەوا بۆمان چارە بکەن و بودجەیەکیش بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکرێت تا بەسەر کێشەکان زاڵ بین.

*** ئایا ئەمساڵ کێشەی بەشە ناوخۆییەکان سەرهەڵدەداتەوە؟**

- لە بەشە ناوخۆیەکان کێشە کەمەو دەتوانین بڵێین کێشەمان نییە، بەڵام وا دیارە قوتابیان ئارەزووی ئەوە دەکەن باشترین و نزیکترین بەشە ناوخۆیی لە کۆلێژەکەیان هەڵبژێرن، ئەمەش ئاسان نییە، لە زانکۆی سەڵاحەددین تا بەم شێوەیە بەشە ناوخۆیی دابین بکات، چونکە لە شاری هەولێر بەهۆی ئەوەی پایتەختی کوردستان و زۆرینەی ئۆفیسە سەرەکییە سیاسی و بازرگانی و دبلۆماسییەکانی تیا کۆبۆتەوەو بە زەحمەتی باڵەخانە بەکرێ دەگیرێت، ئەو باڵەخانانەی کە موڵکی زانکۆنە تەنیا دەتوانرێت یەك لەسەر سێی قوتابی بەشە ناوخۆیی تیا نیشتەجێ بکرێت، ئەو کێشانەش زیاتر لەوەوە سەرهەڵدات کاتێك ساڵانە باڵەخانەکان بۆ قوتابی بە کرێ دەگرین، زۆر نزیکی کۆلێژەکان نییە، چونکە لە نزیك کۆلێژەکان باڵەخانەی بۆ بەکرێگرتن کەم هەیە، بەڵام ئەگەر باس لە خزمەتگوزاری بکرێت ئەوا لە باڵەخانەکانی موڵکی زانکۆ خزمەتگوزارییەکان زۆر باشن، ئەوانی دیکەش تاڕادەیەکی باش خزمەتگوزاری بۆ دابین کراوە، هەموو قوتابییەکیش شوێنی تایبەتی خۆی بۆ

> **لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەی زمانی کوردی کەمە، بەڵام نامەو تێزی ماستەر و دکتۆرامان بەزمانی کوردی زۆرە**

دابین کراوەو کەس نییە بێ بەشە ناوخۆیی بێت.

*** نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان پسپۆڕان و شارەزایانی زانکۆ لەگەڵ حکومەت و دامودەزگاکانی وەزارەتەکان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیمە، چونکە هەماهەنگی تەواو لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەت هەیە و زانکۆی سەڵاحەددینیش بەشێکە لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەرچی پڕۆژەو بەرنامە لەسەر ئاستی پەرلەمان و حکومەت پێشکەش دەکرێت هەر هەمووی بە هاوکاری مامۆستایانی زانکۆیە، بەتایبەت زانکۆی سەڵاحەددین، جا لە دانانی رەشنووسی پڕۆە یاساکان بێت یا پڕۆژە جێبەجێکراوەکانی حکومەت بێت، یا پڕۆگرامی کۆنگرەو کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و خولە راهێنانکارییەکانی وەزارەتەکان بێت، ئینجا یا مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین دەچێتە وەزارتەکان و وانە دەڵێتەوەو لە خولەکاندا یا بەشدارە لە دانیشتنەکانیان، یا لە پسپۆڕی تایبەتی خۆیان راوێژی پێدەکرێت، بێگومان لەزۆرینەی دەزگاکانی حکومەت بە ئەهلییەکانیشەوە بەبێ راوێژی پسپۆڕانی زانکۆکان بەرنامە دانارێژن ئینجا چەندی دەخرێتە بواری پراکتیك ئەوە شتێکی دیکەیە، بۆ نموونە لە چەند رۆژی رابردوو سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی کوردستان کە هەموویان مامۆستای زانکۆن، ئەجێندایەکی زۆر گرنگیان پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، کە ئیشکردنی چەند ساڵ بوو، جگە لەوەی مامۆستایانی زانکۆی سەڵاحەددین بەشدارن لە کۆمەڵگەی مەدەنی، رەنگە تاڕادەیەك لەگەڵ کەرتی تایبەت وەك پێویست نەبێت، بەڵام لەگەڵ دەزگاکانی حکومەت پێوەندییەکی بەتین و

هەماهەنگییەکی باش هەیە.

*** ئایـــا پێتوانییە کاتێك قوتابـــی دەردەچێت لە توانای دانییە لە بـــازاڕی کاردا ئیش بۆ خۆی بدۆزێتەوە ئەمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە پســـپۆڕان و شارەزایانی زانکۆ بەپێی پێداویستی بازاڕ نین؟**

- ئێمـــە لەگـــەڵ ئەوەدایـــن ئاســـتی خوێندن بەرزبکەینـــەوەو پڕۆگرامەکانی خوێندن بگۆڕین بەرەو ئەو ئاستە بڕوات تا لەگەڵ دنیای سەردەم بگونجێت، بە هیوای ئەوەین بە بوونی بەرنامەی تواناسازی و گەڕانەوەی قوتابیانی خوێندنی باڵا لە دەرەوە بتوانین ئاســـتی زانستی بەرزبکەینەوە لە ڕێگەی مامۆســـتای چاك و ئاست بەرز، یا گۆڕیـــن و پەرەپێدانـــی پڕۆگرامەکانی زانکۆ، ئەو کاتە دەتوانین هەلی کار بەئاســـانی بەدەست بهێنن، چونکە ئاستی زانســـتیی و پراکتیکیان بەرزتر دەبێتەوە لەبارەی پێداویستی بازاڕی کاردا، وەك ئەوەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لە دوا کۆبوونـــەوەی ئەنجوومەنی وەزیران لەم چەند ڕۆژەی رابردوودا جەختی لەسەر کردەوە، تا ئێمە لە زانکۆکاندا گرنگی بەوە بدەین بازاڕی کار چی پێویســـتە بەو شێوەیە دەرچووان پێبگەیەنیـــن، کارمان لەســـەر کـــردووەو پلانی ساڵانەشـــمانەو لە ئایندەدا لەسەر ئەو ئاڕاستەیە دەڕۆیـــن کە بازاڕی کار چ جۆرە پســـپۆڕیەکی پێویســـتە لەو پسپۆڕیانەوە قوتابی لەسەر ئاستی کەرتـــی گشـــتی (حکومەت) و کەرتی تایبەت وەربگرین.

*** گرنگی پـــلان و بەرنامەتان بـــۆ کردنەوەی بەشی نوێ چییە؟**

- ساڵی پار بەشی زمانی ئەڵمانی لە کۆلێژی زمان کرایەوە، ئەمســـاڵ دوو بەشی زانستی لە شـــارۆچکەی مەخمور کراوەتـــەوەو قوتابی لە قۆناغی یەکەمەوە وەردەگرین و بودجەش بۆ ئەو کەلوپەلانەی پێویستن بۆ ئەو بەشانەو مامۆستا تەرخانکـــراوەو باڵەخانەشـــیان بـــۆ دابینکراوە، لـــە شـــارۆچکەی شـــەقڵاوەش چوار بەشـــی زانســـتی کراوەتەوەو لە قۆناغـــی یەکەم قوتابی وەردەگرین، ئامادەکاری دابینکردنی مامۆســـتاو باڵەخانەشیان بۆ کراوەو نوێکردنەوەی باڵەخانەکە کراوە، بەڵام بۆ زیادکردنی چەند هۆڵێکی دیکە ئێســـتا دەرخســـتەکەی ئامادەکراوە تا دەست بە دروستکردنی بکرێت بۆ خوێندنی ئەمساڵ.

*** ئایا ئەو مەرج و ڕێنماییانە چین کە مامۆستایان و دەرچووانی پەیمانگەی مامۆستایان دەتوانن لە کۆلێژی مامۆستایان بخوێنن؟**

- ئەوە کۆلێژی مامۆســـتایان نییە، لە راستیدا بـــۆ خۆی کۆلێژەی پـــەروەردەی بنەڕەتییە، لەو کۆلێژەدا پێنج بەشی خوێندنی ئێواران دەکەینەوە، تەنیا بۆ مامۆستایانی سەر بەوەزارەتی پەروەردەیە و هەموو مامۆستایەك وەردەگیرێت جا دەرچووی پەیمانگەی مامۆســـتایان بێت لە دوو ساڵی یا سێ ساڵی بێت، یا دەرچووی پیشەیی یا ئامادەیی بێـــت، مەرجی ئێمە ئێســـتا دانانـــی ڕێژەیەکە بەمجۆرە ٥٠٪ بۆ دەرچووانی ئامادەیی، ٢٥٪ بۆ دەرچووانی پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان، ٢٥٪ بۆ دەرچووانی پیشـــەیی، ئەمانە پێشبڕکێ لە نێوان خۆیان دەکەن و بە شەفافی ئەنجامەکان رادەگەیەنرێت، لە قۆناغی یەکەم ئەمساڵ دەوام دەکەن لە خوێندنی ئێواران لە بەشەکانی (زانستی کۆمەڵایەتـــی، زانســـتی گشـــتی، ماتماتیك، زمانی ئینگلیـــزی و زمانی کوردی)جگە لەوە هیچ مەرجی دیکە بۆ وەرگرتن نییە.

*** زۆرجار گلەیی لە نەبوونی تاقیگەو خولەکانی راهێنان و مەشـــق دەکرێت، ئایا بۆچی ئامێری پێویست لە تاقیگەکان نییە؟**

- ئەو گرفتـــە پێوەندی بە تەرخانکردنی بودجە هەیە، ســـاڵانە بودجەمان کەمدەکرێتەوە، ساڵی رابـــردوو ئامێری باش و تازەمان بۆ تاقیگەکانی کۆلێژی ئەندازیاری و زانســـت کڕیـــوە، بەنیاز بووین بۆ بەشـــێکی دیکەی کۆلێژەکانی (زانست و ئەندازیاری و کشـــتوکاڵ و پەروەردەی بەشـــە زانستییەکان) دابین بکەین، چونکە ئەو کۆلێژانە زیاتر پێویســـتیان بە ئامێری تاقیگە هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەمســـاڵ بودجەی زانکۆ کەم کرایەوە بـــە رێـــژەی ٥٠٪، بۆیە نەمانتوانیـــوە ئامێری زیاتر دابین بکەیـــن، رەنگە زانکۆکانی دیکە لە زانکۆی سەڵاحەددین باشـــتربن، چونکە پارەی پترۆ دۆلاریان وەرگـــرت، کە هی کۆمپانیاکانی نەوت بوو، بۆیە ئێســـتا خەریکی کڕینی ئامێری باشـــن، بەڵام زانکۆی ســـەڵاحەددین مەرج بۆ خەرجکردنی پارەی پترۆدۆلاری لەســـەر داندرا، کە تەنیا دەبێت لە پڕۆژەی کەمپی زانکۆ بەکاری بهێنێت، نـــەك کڕین و دابینکردنی ئامێرەکان، لە پڕۆژەی ئایندەشـــدا کڕینـــی ئامێرەکانمان داوا کردووەو ئەمەش لە ئەولەویەتی کارو بەرنامەکانی زانکۆدایە.



*** تـــا چ رادەیەك پێوەندیتـــان لەگەڵ ڕێکخراوە پێوەندارەکانی قوتابیان هەیە؟**

- پەیوەندییەکـــی بەهێزمـــان هەیـــە، لەگەڵ ســـکرتاریەتی قوتابیان و نوێنەرایەتی قوتابیانی زانکـــۆ، بەهۆی ئـــەوەی نوێنەرایەتی زانکۆ لە دەست ئەوانەو راستەوخۆ پێوەندیدارن بە قوتابیان، لەیەکگەیشـــتن لە نێوانماندا هەیەو نوێنەرەکان لە کۆلێژو بەشـــەکان کاری خۆیان دەکەن و بوونەتە نێوانگری مامۆستاو ســـەرۆکایەتی بەشەکان و راگرایەتییەکان لەگەڵ قوتابیاندا، رەنگە جاری

**بۆ خوێندنی ماستەر بەرفراوانیەکی زۆرو دەرفەتی باش هەیە، بۆ دکتۆراش تەمەن هەڵگیراوە بەتایبەتی لە سیستەمی تازەدا**

وا هەبێت هەندێ داواکاری قوتابیش هەبێت لەگەڵ یاساو ڕێنمایەکانی زانکۆ نەگونجێن، بۆیە ناتوانین جێبەجێی بکەین، بەڵام هەر داواکاریەکی ڕەواو یاسایی هەبێت لە چوارچێوەی زانکۆ بۆمان جێبەجێکردن.

*** زۆرجار پشت بە مامۆستای عەرەب دەبەسترێت ئایا ئەمە گرفت بۆ قوتابی دروست ناکات؟**

- ئێمە دوو جۆر مامۆستای بە ڕەگەز عەرەبمان هەیە کە لە زانکۆ وانە دەڵێنەوە، هەندێکیان لە بەشە زانستییەکانی کۆلێژە زانستییە پەتییەکان وانە دەڵێنەوە کە زمانی خوێندن بە ڕێژەی ٨٠٪ ئینگلیزیەو هیچ گرفتمان نییە، بەڵام هەندێ جار کێشە لە کۆلێژە بەشە مرۆڤایەتییەکان دروست دەبێت کە زمانی خوێندن ٨٠٪ کوردی و عەرەبییەو ٢٠٪ ئینگلیزیە، بەڵام بەگشتی کێشەمان نەبووە، هەرچەندە لە زانکۆ کێشەی زمان کێشەیەکی سەرەکییە، بۆیە بە بوونی مامۆستایانی بە ڕەگەز عەرەب لە هەندێ پسپۆڕایەتی کێشە دروست دەبێت، بەڵام هەوڵمان داوە مامۆستایەکی کورد هاوکاری بکات تا ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە نەبینەوە، ئەوەش زۆر کەم ڕوویداوە.

*** بۆچی زۆربەی نامەی ماستەرە تێزەکان بە زمانی عەرەبییە؟**

- نەخێر، زۆربەی نامەو تێزەکانی خوێندنی باڵا لە بەشە زانستییەکان بەزمانی ئینگلیزییەو بەشە مرۆڤایەتیەکانیش بە زمانی عەرەبییە، بەهۆی ئەوەی سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبییەو تۆژینەوەکانی پێشوو بە زمانی عەرەبی بووە، بەڵام نامەو تێزی زۆریش بە زمانی کوردی نووسراوە، لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەی زمانی کوردیشمان کەمە.

*** بڕیارە ڕاگری کۆلێژەکان گۆڕانکاری بەسەر دابێت ئەمە چۆنە؟**

- پرۆسەکە لە زانکۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کۆتایی پێهاتووەو بەرزکراوەتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، چاوەڕێ دەکەین فەرمانی پێ دەربچێت، هەروەها بە پرۆسەیەکی شەفاف ئەنجامدراوەو سی ڤی وەرگیراوەو چاوپێکەوتن لە ڕێگەی لیژنەیەك لە وەزارەتەوە کراوە کە لە سێ سەرۆك زانکۆ پێکهاتبوو لەگەڵ کاندیدەکان بۆ ڕاگری هەریەك لەو کۆلێژنەی ماوەی یاسایی ڕاگرایەتیان تەواو کردووەو کۆنووسەکە بەرزکراوەتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، چاوەڕێی فەرمانی ئەنجومەنی وەزیرانین تا ڕاگرە بەڕێزە نوێیەکان لە ساڵی نوێوە دەست بەکاربن.

*** خوێندنی ئێواران لەمساڵەوە بەبێ پارەیە، ئێوە لەم ڕووەوە چیتان کردووە؟**

- سەبارەت بە خوێندنی ئێواران لە زانکۆی سەلاحەددین تەنیا قۆناغی سێیەم و چوارەم ماون داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی خوێندنی باڵا کردووە تا بودجەی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنی ئێواران تەرخان بکەن، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان قوتابیانی خوێندنی ئێوارانی لە کرێی خوێندن بەخشیوە، لە ئێستاشدا لیستێك ئامادە دەکەین و بەرزی دەکەینەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا تا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بری قوتابی کرێی خوێندنەکە بدات.

*** زانکۆی ئەهلی (کەرتی تایبەت) لە زیادبوونە لەسەر چ ڕێنمایەك ئەم فەوان بوونە دەکرێت ئایا جەنابتان چۆن سەیری دەکەن؟**

- زانکۆ ئەهلییەکان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی هەیەو سەرپەرشتیان دەکات و ڕێنمایی و یاسای خۆیان هەیە، بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریش لە وەزارەت بۆ سەرپەرشتی زانکۆ ئەهلییەکان هەیە، ئێمە وەك زانکۆش پێمانخۆشە کەرتی تایبەت بەشداربێت لە وەبەرهێنانی مرۆیی و هێنانی هەندێ پسپۆڕی دەگمەن کە لە هەرێمی کوردستان نییە، تا ئێمەش سوودیان لێوەربگرین، ئەمە جگە لەوەی لۆدی سەر زانکۆ حکومییەکان کەمبکەنەوە لە وەرگرتنی ژمارەی زیاتری قوتابی لەسەر بنەماو مەرجی زانکۆ حکومیەکان، بەڵام ئەوەشمان پێخۆشە بەداواداچوونەوەو چاودێریی ئاستی زانستییان بکرێت، ئەمەش نەك زانکۆ ئەهلییەکان، بەڵکو زانکۆ حکومیەکانیش چاودێری بکرێن، تا بتوانرێت کاروبارەکانی زانکۆکان لەسەر ڕێڕەوێکی زانستی بەرز بەڕێوەبچێت و کێبرکێی زانستیش لە نێوان زانکۆکان بێتەکایەوە.

*** بۆچی هەوڵنادرێت هەلی خوێندن بۆ دەرچووان بەتایبەت لە ماستەرو دکتۆرا فراوانتر ناکەنەوە تەنانەت بۆچی تەمەن دەکرێتە پێوەر ئایا ئەمە لە هیچ زانکۆیەکی پێشکەوتوو هەیە؟**

**سەنتەری ڕاوێژکاری کشتوکاڵی لە کۆلێژی کشتوکاڵ، لە گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵیدا ڕاوێژێکی زۆری پێشکەش بە جووتیاران کردووە**

- ئێستا بۆ تەواوکردنی خوێندنی ماستەر بەرفراوانیەکی زۆر هەیەو دەرفەتی باش دراوە بەو کەسانەی ئارەزووی خوێندن دەکەن، بەڵام بۆ خوێندنی دکتۆرا پێمان باش بووە بە سیستەمی تازە بخوێنرێت، بۆ نموونە بۆ ماستەر دەتوانرێت لە زانکۆ ناوخۆییەکان یا لە بەرنامەی تواناسازی داواکاری پێشکەش بکات، سەبارەت بە پێوەرەوە ئێستا تەمەن کراوتە ٤٥ ساڵ، چونکە پێشوو ٣٥ ساڵ بوو، بۆ دکتۆراش تەمەن هەڵگیراوە بەتایبەتی لە سیستەمی تازەدا.

*** تازەترین ڕێنماییەکانی کە لەوەزارەتی خوێندنی باڵا دەرچووە چییە، تا چ ڕادەیەك لە دەرکردنی بڕیارو یاساو ڕێنماییەکاندا ڕاوێژتان پێ دەکرێت؟**

- هەموو سەرۆك زانکۆکانی کوردستان بەشدارن لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو ئاگاداری گشت بڕیارو ڕێنماییەکانین کە ئێستا لە وەزارەت دەردەچێت، چونکە هەموو بابەتەکان لە ئەنجومەنی وەزارەت تاوتووێ دەکرێت و ئێمە وەك سەرۆك زانکۆکان لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەت لە دەرکردنی بڕیارو ڕێنماییەکان ڕاوێژمان پێ دەکرێت و پاشان لەلایەن بەڕێز جەنابی وەزیرەوە رادەگەیەنرێت، تەنانەت هەموو بڕیارەکان بە کۆنووسی لیژنەکانەوە بۆمان دێت کە نوێنەرایەتی زانکۆکان لەو لیژنانە هەیە، هەروەها لە لیژنەکاندا بەشێك لە یاریدەدەری سەرۆك زانکۆکان یا بەڕێوەبەری تایبەتمەند تێیدا بەشدارن.

*** زانکۆ تاچەند توانیویەتی لە گەشەکردنی ژێرخاندا بە گشتی بەشداری بکات؟**

- بێگومان ئەو پرۆژە گرنگانەی لە چەند ساڵی رابردوودا ئەنجامدراون یا تا ئێستا بەردەوام و پلانیشی بۆ دادەنرێت لەسەر دەستی دەرچووانی زانکۆکانە لە هەموو پسپۆرییەکانەوە بەتایبەت زانکۆی سەلاحەددین کە زیاتر لە ١٠٠ هەزار دەرچووی هەیە و پێشکەشی بازاڕی کاری کردووە، بەکەرتی تایبەتیشەوە، بەهەمان شێوە مامۆستایانی زانکۆ لە گەشەکردنی ژێرخاندا رۆڵی کارایان بینیوە، لە کۆلێژی ئەندازیاری سەنتەری راوێژکاریمان هەیە کە بەشێکی زۆری پرۆژە گرنگەکانی پارێزگای هەولێر لەسەر دەستی پسپۆڕانی ئەندازیاری ئەو سەنتەرە دەکرێت، بۆ نموونە دیزاینی پڕۆژەی دروستکردنی پردی ئاقوبان - شیوەسوور و سەدان دیزاینی دیکە کە لەلایەن وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمەوە یا کەرتی تایبەت داواکاربێت ئەنجامدراوە، ئەمە جگە لە پشکنینی کەرەستەی جۆراوجۆردا، هەروەها سەنتەری راوێژکاری کشتوکاڵی لە کۆلێژی کشتوکاڵ، راوێژێکی زۆری پێشکەش بە جوتیاران کردووە لە گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ بەهەردوو جۆری رووەکی و ئاژەڵییەوە.

# کورد و زانست؟!

## (٢)

## (زانست و تەشریفات)

ڕێبوار سیوەیلی *

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

### بەچیدەڵێن ڕێگری کەلتووریی؟

ئێمە لەکۆمەڵگایەکدا دەژین کە ئاسانە بەناوی کەلتوور و داب و نەریت و میراتیی باووباپیرانەوە، ڕێگریی لەپێشکەوتنی زانست بکەین و لەمەشدا نەریتێك هەیەکە تیایدا بڕیاردەرانی سیاسی بۆ نەخرۆشاندنی عامەی خەڵك و ڕەوتی کۆنەخوازیی لەکۆمەڵگادا، ڕەچاوی دەکەن، ئەویش نەریتی چاوپۆشینە لە زانست و کاراییەکەی لەپێناوی نازانست و موحافیزەکارییەکەی. بەڵام ئەمە پاساوی ئەوە ناداتەوە، کە بگوترێت ڕێگرە کەلتوورییەکان شیاوی چاوپۆشی لێکردنن. چونکەئەم ڕێگرانە، هەرچەندە سەرچاوەو بنەوانێکی نازانستیانەیان هەیە، ئاواش بیری زانستی بە مەترسییەك بۆ سەر گشت کۆمەڵگا لێکدەدەنەوە، لەکاتێکدا زۆربەی ئەم ڕێگرانە بەڵگەی تێنەگەیشتنن لە زانست و دەوری زانست لەکۆمەڵگادا. هەر بۆیەشە لە پێناسەیەکی گشتیدا بۆ ڕێگرە کەلتوورییەکانی زانست دەتوانین بڵێین: بریتین لەو هۆکارە خراپ و نێگەتیڤانەی کە لە ئەنجامی مانەوەیان لەلای تاکەکەس و چین و توێژو گرووپە کۆمەڵایەتیەکان، بە پشتگیریی سیاسی، بوونەتە میراتێکی شێوەیاسایی کەخووی پێوەگرتوون و لەبەرامبەر سەرهەڵدان و مانەوەو گەشەی بیری زانستیدا ڕێگریی دەکەن.



### یەکەمین ڕێگر: دابڕان لە مێژووی زانست و بیرکردنەوەی شێوەزانستی:

ئێمە دووچاری ونبوونی شوناسی زانستیانە و شێوەزانستیانەی خۆمان بووین و ڕاهاتوین لەسەر ئەوەی کە ئێمە وەك کورد هیچ بیرکردنەوەیەکی زانستیمان نەبووە. ئەم دابڕانە بۆتە هۆی ئەوەی کە بەدوای مێژوویەکدا نەگەڕێین کە تیایدا پێشینەکانی ئێمە پەیڕەوییان لە بۆچوونی زانستیانەو نیمچە زانستیانە کردووە. لێرەدا دەبێت بزانین، کە تەنانەت لە زانکۆکانی ئێمەو دامەزراوە زانستییەکانی تردا هیچ شتێکی ئەوتۆ لەسەر پێشینەی ئەم بابەتانەی خوارەوە ناخوێندرێ کە تیایاندا بنەماو شێوە زانستییەکان لەلایەن کوردەکانەوە، ڕەچاو کراوە، بەبێ ئەوەی ڕۆشنبیریی و تیۆرەی زانستیی، یان پسپۆڕیی زانستی ئامادەیی دیارو بەرجەستەی هەبووبێت.

نموونەی ئەو بابەتانەی کە بۆچوون و بیری زانستیانە و شێوە زانستیانەیان لە پشتەوەیەو نەوەکانی پێش ئێمە لەسەریان ڕۆیشتوون و ژیانی خۆیان بەهۆیانەوە ڕێکخستوون، ئەم لایەنانەی خوارەوەن و دەکرێ ببنە بابەتی وانەی زانستی و بەرهەمهێنانەوەیان لەچوارچێوەیەکی میتۆدیکدا، هیچ نەبێت بۆ دروست کردنەوەی متمانەی گەنجەکانی ئێستامان بەرابردووی نەتەوەیی و نیشتیمانیی خۆیان.

١.دروستکردنی خانووبەرە و حەمامەکان: (کە تیایاندا ڕەچاوی: ئەندازە، هارمۆنی و گونجان، ناسین و هەڵبژاردنی کەلوپەلی گونجاو لە ڕووی جۆرایەتییەوە، کراوە).

٢.دروستکردنی کەلوپەل و ئامرازیی تەکنەلۆژیی و کارکردن (بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵ و باخداریی و ئاژەڵداریدا).

٣.ئەندازەی ئاودێری و دۆزینەوەی ئاوی ژێرزەوی

٤.خوێندنەوەی کشتوکاڵیانەی ئاسمان و کەشوهەوا و کەشناسی

٥.کارکردن لەبواری دروستکردنی دەرمان و پزیشکیی میللییدا

٦.پیشەکانی وەك دارتاشی، مزگەری،

زێڕینگەری، پەیکەرتاشی و تاد

هەموو ئەم بابەتانە لەبونیادی خۆیاندا پێویستییان بەشارەزایی و ئەزموونێکی شێوەزانستیی هەیەو جێی گرنگی پێدان و زیندووکردنەوەن، هەر هیچ نەبێت بۆ ئاشکرا کردنی ئەو دانایییەکردەیییەی کەوایکردووە ئەم پیشانە بەردەوامیی وەربگرن و کارایی و سوودیی خۆیان لەکۆمەڵگادا بسەلمێنن.

**دووەمین ڕێگر: نەبوونی خواست و داواکاری لەسەر زانست:**

لەگەڵ ئەوەشدا کە بەشێکی بەرچاوی بەرپرسان و بڕیاردەران لەسەر پرۆژەکان، باکگراوندێکی زانستیان هەیە، کەچی لە پۆستە سیاسی و ئیدارییەکانیاندا پەنا بۆ ڕاوێژکاریی زانستیانە و زانستکاران نابەن. نەك هەر لە بواری زانستە مرۆییەکاندا، کە بەتەواوی پشتگوێ خراون، بەڵکو لە بواری کارگێڕی، بانکداری، کشتوکاڵ و ئاودێری و شارسازیشدا شارەزایان زۆر بەدەگمەن ڕا و بۆچوونیان وەردەگیرێ.

لە ئەنجامدا: زۆرینەی ئەو بڕیارانەی دەدرێن و دەچنە بواری پراکتیکی و جێبەجێکردنەوە، دەربڕی ئەو بنەما تیۆریانە نین کە پێویستە بۆچوونە زانستیەکانمان بیر بخەنەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بڕیاردەران لە وڵاتی ئێمەدا کاتێك پۆستە سیاسیی و ئیدارییەکان دەگرنە دەست، بیریان دەچێتەوە کە ڕەچاوی بنەمای زانستەکان بکەن و بەمجۆرەش کاری سیاسی و ئیداری لە کار و بڕیاری زانستی جیا دەکەنەوە.

**سێیەمین ڕێگر: بێگانە پەرستیی زانستی:**

بێگانە پەرستیی زانستی، نیشانەی بیمارییەکی دەروونیە، کە تیایدا خۆبەکەمزانین هانمان دەدات بۆ پەرستنی ئەوانیتر. ئەم بۆچوونە دەیەوێت پێمان بڵێت: ئەوی لە دەرەوە دێت، زانستییە و ئەوەی لە ناوەوە بیری لێدەکرێتەوەو دەگوترێ و دەنووسرێت، نازانستیە.

تەنانەت لە زانستگا و بەشەکانیشدا، ئەوەندەی گرنگیی بەو تیۆری و بۆچوونانە دەدرێت کە بێگانەکان و بەتایبەتیش بە زمانی (ئینگلیزی)، نووسراون، هەرچەندەش کۆن و پەککەوتە بوون، ئەوەندە گرنگیی بە دەقی بەکوردی نووسراو، یان زمانە خۆرهەڵاتییەکانی تر نادرێت.

ئەوەی کە زانست بە ڕەهایی بە بەرهەمی ئەوانیتر بزانرێ و خۆشمان بە مشەخۆر و پەراوێزی، بۆخۆی ڕێگرێك لەبەردەم بەرهەمهێنانی بۆچوونی زانستیانە و خۆماڵیانەدا دروستدەکات. باشترین توێژینەوە بە زمانی کوردی بنووسرێ، بەڵام سەرچاوەکانی بە زمانی بێگانە (ئینگلیزی، فەرانسی و ئەڵمانی) نەبن، بە کارێکی زانستی نازانرێ، بەڵام ڕاگواستن و کۆپی پەیستکردن و تەنانەت دزینی بەرهەمی ئەوانیتر کارێکی زانستییە.

**چوارەمین ڕێگر: بەستنەوەی داهێنان و زانست بە بڕوانامە و ناوبانگەوە:**

لە هەرێمی کوردستاندا کەلتووری تواناکوژیی بەسەر کەلتووری هاندان و دەستخۆشیدا باڵا دەستە. ئەوانەی بەناوبانگن و خاوەن بڕوانامەن، وەك کەسانی نموونەیی تەماشایان دەکرێت. بەڵام مەرج نییە ئەوانە زیرەك و داهێنەر بن. لە زانکۆ و دامەزراوە زانستییەکاندا، نمرەی بەرز کراوەتە پێوەری زیرەکی و قوتابیی باش، نەك توانایی. پرانسیپی زیرەکی و بە توانایی، ئەوە نییە کێ نمرەکەی زۆرە، بڕوانامەکەی بەرزە، یان ناوبانگی هەیە. بەڵکو پرانسیپەکە ئەوەیە: دەکرێ هەمووان داهێنەر و زیرەك و لێهاتوو بن، ئەگەر هاتوو زەمینەی ئاشکراکردنی تواناکانیان بۆ ڕەخسا.

**پێنجەمین ڕێگر: زیندوو کوژیی و مردوو پەرستی:**

لە کۆمەڵگای ئێمە و زۆرینەی کۆمەڵگا هاوشێوەکاندا بە زیندوویی ڕێزی داهێنەران و مرۆڤی زانستیی ناگیرێت. هاوکاتی بوون و لەگەڵ ئێمە بوون و لەناومانا بوون، ناهێڵن ئێمە داهێنەران لە سەردەمی خۆماندا ببینین. کاتێکیش دەمرن، بە درۆ یان بەڕاست تێدەگەین ئەوان چ کەسانێك بوون و ئەمجا دەکەوینە شینگێڕی و پەیکەر بۆ دروستکردن و فیستیڤاڵ گێڕان بۆیان. زیندووکوژیی زانستیانەی ئێمە، بنەمایەکی سایکۆلۆژیانەی هەیەو لەوێوەبەچاوی سووك تەماشای داهێنەران و زانستکارانی خۆمان دەکەین، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕییەی لەئاست بێگانەکاندا هەستی پێدەکەین.

**شەشەمین ڕێگر: پیرپەرستی و بەستنەوەی زانایی بە تەمەنەوە:**

زانست پتر لەوەی پەیوەست بێت بە تەمەنی مرۆڤەوە، بەرئەنجامی توێژینەوە و بیری نوێ و ئاشکراکردنی پێوەندییە شاراوەکانە. ڕاستە تەمەن لە ڕووی ئەزموونەوە مرۆڤ داناتر دەکات، بەڵام ناشکرێ کۆی زانست ببەستینەوە بە ئەزموونەکانی تەمەنەوە. لەم کاتەدایە زانست ڕووبەڕووی قەیران دەکەینەوەو تەمەن دەکەینە ڕێگر لەبەردەم داهێنانی نوێ و توانای نوێدا. هەر لەم ساڵانەدا، لەهەرێمی کوردستان، گەنجانی داهێنەر، مۆلیدەی کارەبا، هەلیکۆپتەر و ئۆتۆمبێل

**بێگانە پەرستیی زانستی، نیشانەی بیمارییەکی دەروونیە، کە تیایدا خۆبەکەمزانین هانمان دەدات بۆ پەرستنی ئەوانیتر. ئەم بۆچوونە دەیەوێت پێمان بڵێت: ئەوی لە دەرەوە دێت، زانستییە و ئەوەی لە ناوەوە بیری لێدەکرێتەوەو دەگوترێ و دەنووسرێت، نازانستیە**

**بەشێکی بەرچاوی بەرپرسان و بڕیاردەران لەسەر پرۆژەکان، باکگراوندێکی زانستیان هەیە، کەچی لە پۆستە سیاسی و ئیدارییەکانیاندا پەنا بۆ ڕاوێژکاریی زانستیانە و زانستکاران نابەن**

**لە کۆمەڵگای ئێمە و زۆرینەی کۆمەڵگا هاوشێوەکاندا بە زیندوویی ڕێزی داهێنەران و مرۆڤی زانستیی ناگیرێت. هاوکاتی بوون و لەگەڵ ئێمە بوون و لەناوامانا بوون، ناهێڵن ئێمە داهێنەران لە سەردەمی خۆماندا ببینین**

و گەلێك ئامێری تریان بەرهەمهێنا، بەڵام هیچیان پشتگیریی راستەقینەیان بۆ برەودان بەپیشەتەکنەلۆژییەکەیان پێنەبڕا.

بەستنەوەی زانایی بە تەمەنەوە، ڕاستەوخۆ ئەو تێگەشتنە بەرهەم دەهێنێت کە گەنجەکان و کەم ئەزموونەکان ناتوانن بزانن. لەکاتێکدا گەنجەکان قسەی خۆیان هەیە و پێویستیشە گوێیان لێبگیرێت. لەناو دامەزراوە زانستییەکاندا بەتایبەتی کۆلێژەکانی پزیشکی، ئەندازیاری، ئابووری و بیناسازی، کەلتووری گوێگرتن لە گەنجەکان لاوازە و لەو کۆلێژانەدا دانایی و زانست بە تەواوی بەستراوە بە تەمەن و بڕوانامەی بەرزەوە. بە هەمان شێوەی کۆمەڵگا...

**حەوتەمین ڕێگر: نەبوونی نەریتی ڕەخنەگرتن و دژوازیی بۆچوونەکان:**

نەبوونی ڕەخنەگرتن لە بواری زانستدا، بە پیرۆزکردنی ئەوەی کە هەیە تەواو دەبێت و لە کۆتاییدا زانست ئەوەندە سادە و کورتدەکرێتەوە کە سنووری نێوان بۆچوونی زانستیی و نازانستی تێکەڵ بەیەکتر دەبن و ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی بۆچوون و تێڕوانینی دژواز. هەرچەندەش بۆچوونە هەرەمەکییەکان زۆر و جەماوەرییش بن، پێویستە بۆچوونە زانستییەکان شەرمنانە نەخرێنە ڕوو.

**هەشتەمین ڕێگر: نەبوونی نەریتی ڕێزلێنان:**

لە کۆمەڵگای ئێمەدا، هیچ زانایەك و پسپۆڕێکی زانستی، هێندەی یاریزانێکی تۆپی پێ، یان گۆرانیبێژێك گرنگیی پێنادرێت و بواری بەشداریکردنی لە میدیاکاندا بۆ نارەخسێنرێت. نەبوونی کەلتووری قەدرزانی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕێگرێکی شاراوەی کەلتوورییە لەبەردەم گەشەکردنی زانست و بڵاوبوونەوەیدا.

**لەم ساڵانەدا، لەهەرێمی کوردستان، گەنجانی داهێنەر، مۆلیدەی کارەبا، هەلیکۆپتەر و ئۆتۆمبێل و گەلێك ئامێری تریان بەرهەمهێنا، بەڵام هیچیان پشتگیریی راستەقینەیان بۆ برەودان بەپیشەتەکنەلۆژییەکەیان پێنەبڕا**

**نۆیەمین ڕێگر: نەبوونی نەریتی کاری پێکەوەیی:**

کاری گرووپ و پێکەوەیی لە دامەزراوە زانستییەکانی ئێمەدا، تا ئەم ساڵانەی دوایی، پشتگیریی نەکراوە. مرۆڤی ئەکادیمی ئێمە لەسەر پێکەوە کارکردن ڕانەهاتووەو کاری هەرەوەزیی نامۆیە بە بوارە زانستییەکان. ئەمەش لەکاتێکدا، کەکاری هەرەوەزی گرنگیی تایبەت بەخۆی هەیە:

١.کاری پێکەوەیی دەلالەت لە تۆلێرانس و کەلتووری ڕاوێژ و گفتوگۆ دەکات.

٢.بەرهەمهێنانی زانستی و حەقیقەتی زانستی، پێویستی بە فرەدیسپلینی و جیاوازیی بیروڕا هەیە.

٣.ئەنجامی زانستی، بەرهەمی کاری هەرەوەزیی و جیاوازیی بیروڕایە.

ڕێگری دەیەم: نەبوونی فرەدیسپلینی:

**لە زانستگا و بەشەکانیشدا، ئەوەندەی گرنگیی بەو تیۆری و بۆچوونانە دەدرێت کە بێگانەکان و بەتایبەتیش بە زمانی (ئینگلیزی)، نووسراون، هەرچەندەش کۆن و پەککەوتە بوون، ئەوەندە گرنگیی بە دەقی بەکوردی نووسراو، یان زمانە خۆرهەڵاتییەکانی تر نادرێت**

دوورکەوتنەوەی بوارە زانستیەکان لە یەکترو پێکەوە کارنەکردنیان، کە ڕەنگدانەوەی میزاجی تایبەتی زانستکاران و بڕیاری پێشینەیانە لەسەر بواری پسپۆڕیی یەکتر، بۆتە هۆی دواکەوتنی پڕۆسەی زانستیی و بڵاوبوونەوەی تاکڕەهەندیی زانستی. تاکڕەهەندیی زانستی و نەبوونی پلورالیزمی زانستی، بەو دۆخە دەوترێ کە تیایدا پسپۆڕانی بوارێکی زانستی وا بیردەکەنەوە، کە بەبێ گەڕانەوە بۆ بوارە زانستییەکانی تر، بەبێ بەشداریی پێکردنی شارەزایانی تر، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجامی بەدەستهاتووی زانستەکانیتر، دەتوانن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی زانستیدا، بە دەرەنجامی پەسەندو ڕاستەقینە بگەن.

**ڕێگری یازدەیەم: نەبوونی نەریتی ئاڵوگۆڕی بیروڕا:**

لە کۆمەڵگای کوردستاندا و لە ناو

**پرانسیپی زیرەکی و بە توانایی، ئەوە نییە کێ نمرەکەی زۆرە، بڕوانامەکەی بەرزە، یان ناوبانگی هەیە. بەڵکو پرانسیپەکە ئەوەیە: دەکرێ هەمووان داهێنەر و زیرەک و لێهاتوو بن، ئەگەر هاتوو زەمینەی ئاشکراکردنی تواناکانیان بۆ ڕەخسا**

پسپۆڕاندا، زۆر بەکەمی بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکرێت. ئەوەی هەیە دەربڕینی بیروڕا و بیروڕای دژ و بیروڕای پێچەوانەیە. بەڵام کەلتووری ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە ئارادا نییە. کەلتووری گۆڕینەوەی بیروڕا، لەدیاردەی ڕەهاییگەریی بیروبۆچوونەکان و تەکفیرکردنی یەکتر کەمدەکاتەوەو زانایان و پسپۆڕان ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوەو ئامانجی هاوبەشیان لەنێواندا بۆ دروستدەکات.

**ڕێگری دوازدەیەم: قەدەغەی زانستی:**

هەندێك بابەت و دیاردە لەو قۆناغەی ژیانی نوێی کۆمەڵگای کوردستانیدا دروستبوون، کە بە ئاسانی ناتوانرێ بکرێنە بابەتی توێژینەوە و قەدەغەیان لەسەرە. قەدەغەی زانستی، میکانیزمێکە بۆ فڕێدانە دەرەوەی هەندێك بابەت، کە عورفی گشتی و کەلتوور، ڕێگە بە بەرجەستەکردنیان نادەن و وەك بابەتی دەستلێنەدراو، بڤەو مەترسیدار تەماشایان دەکرێت، لەکاتێکدا کە لەکۆمەڵگادا بوونەتە دیاردەو گرنگیی خۆیانیان لەژیانی تاکەکاندا هەیەو پێویستە زانستیانە لێیان تێبگەین، وەك: ژیانی سۆزداری و سێکسی، بابەتی ئایینی، تیرۆریزم، پیدۆفیلی (منداڵبازی)، هۆمۆسێکسواڵیتی، جێندەرگۆڕین (سێکس ترانسفۆرمەیشن)، هەروەها چاودێریکردنی پرۆسەی زانستی لەزانکۆ و دامەزراوە زانستیەکان و سیستەمەکاندا، بەو ئیعتیبارەی ئەو دامەزراوانە بۆخۆیان بەرپرسیاری یەکەم و بنەوانی زانستن و نابێت کەس چاودێرییان بکات!

**ڕێگری سیازدەیەم: یەکلانەبوونەوەی گوتاری سیاسی:**

گوتاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر زانست خۆی یەکلا نەکردۆتەوە: ئایا گوتاری سیاسی و هەرسێ دەسەڵاتەکەی هەرێمی کوردستان (سەرۆکایەتی هەرێم،

سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت)، بیروڕای زانستی بە سەرچاوەیەکی دەسەڵات دەزانن؟ ئایا زانست بنەمایە بۆ بیرکردنەوەکانیان و بڕیارەکانیان؟ ئایا دەکرێ بە ڕاشکاوی هەڵوێستی خۆیان لە بۆچوونی زانستیانە دەرببڕن؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە پێویستە لە ئێستاوە وەڵام بدرێنەوە. داهاتووی هەرێمی کوردستان لەئاستی سیاسی و دیپلۆماسی و ئیداریدا و بەلەبەرچاوگرتنی ئامانجی هاوبەش و نەتەوەیی کورد، بەبێ یەکالاکردنەوەی هەڵوێستی دەسەڵاتەکان لەئاست بیری زانستیدا، ئیمکانی نییە. بۆیە پێویستە بیری زانستیانە لەم هەرێمەدا وەك پێشزەمینەی هەر جۆرەبیرکردنەوەیەکیتر لەداهاتووی نەتەوەیی و مرۆییمان گرنگیی تەواوی خۆی پێبدرێت. ئەوەی لەئێستادا هەیە، جگەلەبۆنەی و ڤیستیڤاڵ و نومایشی زانستیی زیاتر نییەو ئەمەش بەس نییە بۆ دابینکردن و دڵنیابوونەوە لەداهاتوو..

**ڕێگری چواردەیەم: بچووککردنەوەی زانست لە بۆنەو کۆنفرانسە بەناو زانستیەکاندا:**

دەگمەنن ئەو وڵاتانەی وەکو هەرێمی کوردستان، بۆنەی زانستیی و فیستیڤاڵ و کۆنفرانسیی زانستیان تێدا ببەسترێت. دووریی و نەشارەزایی سیاسەتمەداران لەبیری زانستی و نەبوونی توانا زانستیە ڕاستەقینەکان لەبواری بڕیاری سیاسیداو هەبوونی کەلێنی خۆبەکەمزانیی سیستەمی حکومڕان لەهەرێمەکەداو زۆریی مشەخۆرانی زانستی و خاوەن بڕوانامەی تەزویر و خۆبەرەپێشەوەو پڕۆفیسۆربازرگان لەنزیکی کەسایەتیە سیاسیەکان و هەروەها لاوازیی و سستی پرۆسەی زانستی لەدامەزراوە ئەکادیمیەکان و زانکۆکاندا، وایکردووە، کۆنفرانس و بۆنەی زانستیی، کەزیاتر ڕەهەندێکی نومایشی و سیاسی و پینەسازییان هەیە، لەهەرێمەکەدا ببەسترێن. جگەلەلاوازیی بیری زانستی و بەدەگمەن خستنەڕووی تێزی زانستی لەم بۆنەو کۆنفرانسانەدا، ئاواش بەدەگمەن ئەم بۆنەو کۆنفرانسانە بەرگەی هەڵسەنگاندنێکی ئەخلاقیانەو ژینگەپارێزانەو مرۆییانە دەگرن. زۆرینەی ئەم کۆنفرانس و بۆنانە، لەلایەن کەسانێکەوە پێشنیار دەکرێن و دەبرێنەپێش و بڕیاری سیاسییان لەسەر وەردەگیرێ، کەنیەتێکی تریان لەدەرەوەی پرانسیپی زانستی خۆیەوەهەیە. ئەمانە بەدوای کار، پۆست و پارەدا وێڵن و هەموو ئەمەش لەپای پرۆژەی زانستیدا دەخەنەڕوو تا نیەتە شاراوەکانیان ئاشکرا نەبن. هەر ئێستا من کاتەلۆگی دووەمین و دوایین کۆنفرانسێکم لەبەردەمدایە، کەهێشتا دووکەڵی لێهەڵدەستێت. لەو کاتەلۆگەدا، سی ڤی کەسانێکی تێدایە، ئەسڵ و ئەساسی نییەو ئەو کەس تا ئێستا نەیتوانیوە لەهیچ زانکۆیەکی هەرێمی کوردستان گرێبەست و دامەزراندنی بۆ بکرێ و چونکە هیچ کامێ لەو بڕوانامەیەی نییە، کەئیدیعایان دەکات. ئەم کۆنفرانسانە، جگەلەبایکۆتکردنی توانا زانستیەکانی هەرێم و بەپەراوێزخستنی زانستکارانی لۆکاڵی، ئاواش کەسانێکیان تێدایە تا ئەم ساتەوەختە بەیەك پیت بەشداریی لەژیانی زانستیی هەرێمەکەو ئەم کۆمەڵگایەدا نەکردووە. ئەمە جگە لەوەی ئەم بۆنەو کۆنفرانسە بەناو زانستیانە، وێنەی ئەوەدەدەن بەهاوولاتیان، کەزانستیش وەك هەر شتێکیتر، پرۆسەیەکی تەشریفاتیەو بریتیەلەگۆشت و کەبابخواردن و مانەوەلەگرانترین هوتێلەکانی هەرێمدا. ئەمەش لەکاتێکدا کەمووچەی باسکاران و زانستکاران و پاداشتی توێژینەوەلەولاتەکەو لەدامەزراوە زانستیەکاندا، ئەوەندەکەمە، کەڕووی باسکردنی نییە. ئەم جۆرەکۆنفرانسە بەناو زانستیانە، لەوڵات و کۆمەڵگایەکدا دەبەسترێن، کە هەتا ئێستا شوێنی حەوانەوەی قوتابیان بەتەواوی دابین نەکراوەو هەزاران قوتابی دەرچووی ساڵانی پێشوو چاوەروانیی دامەزراندنن بەپێی پسپۆڕیی خۆیان.

**هەندێك ئەنجام:**

١. زانست لە هەرێمی کوردستاندا بە قەیراندا تێپەڕ دەبێت.

٢. ڕێگرە کەلتوورییەکان، لە دامەزراوە زانستییەکانیشدا کاراییان هەیە.

٣. تێکەڵبوونی زانست و بیروڕای هەڕەمەکی و دژوازیی بیروڕای پسپۆڕان.

٤. ئاگادارنەبوون لە میتۆدی زانستیی نوێ و نەبوونی چاودێریی زانستی بەسەر دامەزراوە زانستیەکان خۆیانەوە..

٥. نەبوونی بڕیاری سیاسی لەسەر جەختکردنەوە لە شیکردنەوەی زانستی کێشەکان و تێکەڵکردنەوەیان بە تێگەیشتنی گشتییەوە. هەروەها غیابی هزری زانستیی لەبڕیاری سیاسیدا.

٦. پرۆسەی زانستی کراوەتە قوربانیی و خراوەتەپەراوێزی ئەو مشەخوارانەی بەناوی زانستەوە، بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا دەگەڕێن و خۆڵ دەکەنەچاوی حکومەتی هەرێمەوەبەناوی زانستەوە. ئەمەش لەکاتێکدا دامەزراوە زانستیەکانی هەرێم، بەدەست بودجەو شوێن و پشتگیریی کردنەوە دەناڵێنن.

*** سەرۆکی بەشی فەلسەفە کۆلێژی ئەدیبات زانکۆی سەلاحەدین**

**باشترین توێژینەوە بە زمانی کوردی بنووسرێ، بەڵام سەرچاوەکانی بە زمانی بێگانە (ئینگلیزی، فەرانسی و ئەڵمانی) نەبن، بە کارێکی زانستی نازانرێ، بەڵام ڕاگواستن و کۆپی پەیستکردن و تەنانەت دزینی بەرهەمی ئەوانیتر کارێکی زانستییە**

**داهاتووی هەرێمی کوردستان لەئاستی سیاسی و دیپلۆماسی و ئیداریدا و بەلەبەرچاوگرتنی ئامانجی هاوبەش و نەتەوەیی کورد، بەبێ یەکالاکردنەوەی هەڵوێستی دەسەڵاتەکان لەئاست بیری زانستیدا، ئیمکانی نییە**

**لە کۆمەڵگای کوردستانداو لە ناو پسپۆڕاندا، زۆر بەکەمی بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکرێت. ئەوەی هەیە دەربڕینی بیروڕا و بیروڕای دژ و بیروڕای پێچەوانەیە. بەڵام کەلتووری ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە ئارادا نییە**

# راگەیاندن و پاراستنی یەکڕیزیی نێو ماڵی کوردستان



عەبدولڕەحمان سدیق
asidiq1962@yahoo.com

واباشە راگەیاندنی حزبە کوردستانییەکان لەنێوان خۆیاندا کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ یاداشتنامەیەکی لەیەکگەیشتن ئەنجام بدەن، چونکە ئەزموونی لای خۆمان سەلماندی کە هۆی سەرەکیی شەڕی گەرم و ساردی نێوان زۆرێك لە لایەنەکان خراپ حاڵیبوونە لەڕۆڵی راگەیاندن و، خراپ بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بووە .

لەم سەردەمەی بەشووشەبوونیی گۆی زەویی و ئاشکرابوونی کەلەبەرو کووچەو توونێڵەکانی جیهان و، بەزەحمەت پاراستنی نهێنییەکاندا، راستە ئێمە وەك لایەنە کوردستانییەکان پێویستە بێدەنگ نەبین لەئاست گرفت و کەموکوڕییەکانی نێو ماڵی خۆماندا، بەڵام ئەوەی زۆر پێویستترە ئەوەیە کە نابێت ئەم شەڕی راگەیاندنە بەبەرچاوی دوژمنانەوە بکەین، بەڵکو پێویستە گشت گرفت و شەڕو ناکۆکی و کەموکوڕییەکانی خۆمان بخەینە سەر مێزی گفتوگۆ لە نێو ماڵی خۆمانداو، دواتریش دەرئەنجام و چارەسەرەکان بۆ دەرەوە رابگەیەنین.

ئێستاش کە سەردەمی زۆر بوونی هۆکارە جیاجیاکانی راگەیاندنەو، لەسایەی بوونی زیاد لە هۆکارێك و، زیاد لە کەسێك بۆ گوزارشت کردن لەڕای دەوڵەتێك، هەرێمێك، حزبێك، رێکخراوێك، کۆمپانیایەك، کارێکی باشە کە حزبە کوردستانییەکان راگەیاندنە فەرمییەکانی خۆیان بناسێنن و، ئەو دوای کەناڵەکانی دیکەشیان بەڕای تایبەتی خاوەنەکانیان بناسێنن.

راستە میدیا لەڕیزبەندیدا چوارەمە لەدوای دەسەڵاتەکانی یاسادانان و راپەڕاندن و قەزا، بەڵام لە کۆمەڵگەی هاوشێوەی ئێمەو دەوروبەرماندا زۆر جار دەبێتە یەکەم و، لەتواناشیدا دەبێت ئەو سێ دەسەڵاتەکە تووشی زۆر کێشەی گەورە بکات.

بۆیە زۆر گرنگە لەپێناوی راگەیاندنێکی خاوەن ماف و ئەرکناسداو، لەپێناوی بەڕێکردنی ئەم قۆناغە هەستیارەشدا، ئاماژە بەچەند خاڵێك بدەین کە راگەیاندنی حزبەکان دەتوانن رەچاویان بکەن، لەوانە:




**راستە میدیا لەڕیزبەندیدا چوارەمە لەدوای دەسەڵاتەکانی یاسادانان و راپەڕاندن و قەزا، بەڵام لە کۆمەڵگەی هاوشێوەی ئێمەو دەوروبەرماندا زۆر جار دەبێتە یەکەم و، لەتواناشیدا دەبێت ئەو سێ دەسەڵاتەکە تووشی زۆر کێشەی گەورە بکات**

یەکەم: مامەڵەکردنێکی هەستیارانەو بەرپرسیارانە لە بارەی هەستیاریی کێشەکان و ئاڵۆزیی پەیوەندییە نێو خۆیی و دەرەکییەکاندا.

دووەم: رەچاوکردنی باری دەروونیی تاك و کۆمەڵگەو سایکۆلۆژیای پێکهاتە و نەتەوەکان و خاوەن ئایین و ئاینزاکان و، پێشبینیی کردن و زانینی قەبارەو جۆری کاردانەوەیان .

سێیەم: هەوڵدان بۆ خۆ دوورگرتن لە هەندێك ڕاپۆرتی نا ڕەسمی و نووسین ء لێدوانی هەندێك سیاسەتمەدارو لێکۆڵەری سیاسیی جیهانی، کە هەریەکەو بە ئاراستەیەکی دیاریکراوی گونجاودا لەگەڵ بەرژەوەندیی وڵاتانی خۆیاندا دەینووسن، گوایە بۆ بەرژەوەندیی ئێمە قسە دەکەن، کەچی لە راستیدا دەیانەوێت شەڕی خۆیان بە ئێمە بکەن .

چوارەم: لەپێناوی پاراستنی راستگۆییدا، کە گەورەترین سەرمایەی راگەیاندنە، خۆ دوورگرتن زۆر پێویستە لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵەو گومڕاکار کە پێش هەر لایەکی دیکە زیان بە راستگۆیی میدیا خۆی دەگەیەنێت .

پێنجەم: هەوڵدان بۆ کارکردن و پابەندبوون بەیاسای رۆژنامەگەریی و یاساکانی ڕێکخستنی کاری ڕاگەیاندنء پەخشی کەناڵء هۆکارەکانی دیکەی راگەیاندن.

شەشەم: کارکردن لەسەر بازنە گەورەکانی ئینتیماو چەمکەکانی هاونیشتمانییء هاوڵاتێتیء دەربازبوون لە لەخۆ خزاندنە نێو بازنە تەسکەکانی جیاکاریی و خۆ جیاکرنەوە لەواقیع.

حەوتەم: هەوڵدان بۆ پەیڕەو کردنی سیاسەتی نەفەسی درێژو بەردەوام لە هەماهەنگییء هاریکاریی و وازهێنان لە پەرەپێدان بە کەلتوری ترسء گومان لە بەرامبەر.


هەشتەم: هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی کێشەکانی رابووردوو، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ بەڕووی ئەمڕۆداو کردنەوەی دەرگا داخراوەکان و کرانەوە بەسەر ئاییندەیەکدا کە چارەنووسی هەمووانی پێوە گرێدراوە .

نۆیەم: زانینی ئەو راستییەی کە هەندێك نووسینء وێنەو کاریکاتێر زیانی کوشندە لە پەیوەندییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان دەدەن و، هەندێك هەواڵی کۆمەڵایەتی و ئایینییش بۆی هەیە شیرازەی کۆمەڵگە بشێوێنێت تا ماوەیەکی درێژ خایەن .

دەیەم: لەپێناوی هەموو ئەمانەو زۆری دیکەشدا، وا باشە راگەیاندنی حزبە کوردستانییەکان لەنێوان خۆیاندا کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ یاداشتنامەیەکی لەیەکگەیشتن ئەنجام بدەن، چونکە ئەزموونی لای خۆمان سەلماندی کە هۆی سەرەکیی شەڕی گەرم و ساردی نێوان زۆرێك لە لایەنەکان، خراپ حاڵیبوونە لەڕۆڵی راگەیاندن و، خراپ بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بووە .




# ئازادی رادەربڕین و ئازادی بیروباوەڕی دینی



**ڤینۆس فایەق**

**دوو هەفتە جارێك دەینووسێت**

ئازادی بە مانای رزگاربوونی ئادەمیزاد لەهەموو کۆت و بەربەستەکانی کە رێگرن لەبەردەم توانا و جموجۆڵ و بەرهەمەکانیدا، چ بەربەستی ماددی بن یان مەعنەوی، ئەوەش بەمانای رزگاربوونی ئادەمیزاد لە کۆیلایەتی لەهەموو بوارەکانداو رزگاربوونی لەدەست فشارو زۆرەملێ. ئازادی رادەربڕین یان گوزارشت (التعبير) بەمانای ئەوەی ئادەمیزاد بتوانێت بەبێ فشار و زۆرەملێ گوزارشت لە را و بۆچوونەکانی بکات بەبێ ئەوەی رووبەڕووی هیچ سزا و ئەشکەنجەیەک بێتەوە، چ لە رێی قسەکردن، گفتوگۆ، نووسین، ئەدەب یان هونەر، بەبێ هیچ سانسۆر و سنوورێک، ئازادی رادەربڕین بەم مانایەش ئازادی پەرستن و رۆژنامەوانی و هەروەها خۆپیشاندانیش ئەگرێتەوە.

ئەگەرچی ئازادی باوەڕ و بەتایبەت باوەڕی دینی ئەکەوێتە ژێر خانەی ئازادی رادەربڕینەوە، بەڵام بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدانی دینەکانەوە هەمیشە بەریەککەوتنێک هەبووە لەنێوان ئازادی رادەربڕین و ئازادی هەڵگرتنی باوەڕی دینی بەتایبەت لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی دینیەوە، ئێستا لەگەڵ ئەوەی دین چەمکێکە لە پەیوەندیی ئادەمیزاد بە خوداو دینەکەیدا چڕدەبێتەوە، بەڵام ئەو چەمکە لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو ئێستا هەر ئەو چەمکە خوێندنەوەی تری بۆ دەکرێ لەبەر سەرهەڵدانی دەوڵەتی مەدەنی هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی دیاردەی مەزهەبی و تایەفەگەری، وەک بۆ نموونە تێڕوانینی سوننە بۆ ئازادی باوەڕ و پەرستن جیاوازە لە تێڕوانین و بۆچوونی شیعە، بەهەمان شێوە تێڕوانینی دەوڵەتەکانیش جیاوازییان هەیە لەو بوارەدا، وەکوو بۆ نموونە دەوڵەتی ئێران لەگەڵ تورکیا و هەروەها لەگەڵ دەوڵەتی سعودیە لە پێناسەکردنی ئازادیەکان و بەیاساکردنیان. ئەگەرچی لەدەرەوەی ئەمانە هەمووی شتێک هەیە پێی دەوترێت رێزگرتن لە بیروباوەڕی ئەویترو لە کۆتاییشدا ئازادی هیچ ناوێکی تر هەڵناگرێت و چەمکی ئازادی بیروباوەڕی دینیش بریتییە لە پەیوەندی ئادەمیزاد بە خوداوە.

لە رووی یاساییەوە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر شێوازی ژیان و بیرکردنەوەو دنیابینیی ئادەمیزادەکاندا هاتووە لە سایەی دەوڵەتەکانداو پەرەدان بە یاساکان بە ئامانجی ئەوەی دین لەگەڵ ژیانی سەردەمدا بگونجێت، زۆربەی دەستوورەکانی وڵاتان لە جیهاندا ئاماژەیان بە ئازادی رادەربڕین (گوزارشت) و لەگەڵیدا بە ئازادی پەرستن و تێڕوانینیان بۆ پیرۆزییە دینیەکان داوە کە بەشێکە لە ئازادی رادەربڕین نەک بە پێچەوانەوە. لەم بوارەشدا گوتراوە ئازادی رادەربڕین دایکی دیموکراسیەتە. هەروەک دادگای باڵای ئەمەریکی پێناسەی یەکەمین دەستکاریکردنی دەستووری ئەمەریکی کرد کە ئازادی رادەربڕین زامن دەکات و بە یاسا پارێزگاری لێدەکات. ئەمەش مانای ئەوەیە کە یاسایەک یان بەندێکی دەستووریت هەبوو باسی لە ئازادی بیر و را و رادەربڕین (گوزارشت) کرد ئیتر ئەوە دایکی هەموو یاساکانە چونکە دەرئەنجام ئازادی باوەڕی دینی و پەرستنیش ئەگرێتەوە، ئیتر پێویستت بەوە نابێت وەبیری کەسی بهێنیتەوە کە دەبێت رێز لە دین و پیرۆزیە دینەیاکن بگرێت بە یاسایەکی جیا.

هەڵبەتە فەلسەفەی پەیوەندیی گەراوەی نێوان ئازادی رادەربڕین و ئازادی پەرستن لەوەدایە کە وابەستەی هەبوونی باوەڕ و ئیمان بە هەبوونی ئازادی گوزارشت و بیروباوەڕە، ئەگەر ئازادی رادەربڕین نەبێت ئازادی پەرستن و بیروباوەڕی دینی نابێت، بۆیە ناکرێ بەهیچ جۆرێک لە جۆرەکان هیچ یاسایەک هەبێت کە زەمانەتی ئازادی بیروباوەڕی دینی بکات و داوای رێزگرتن



بکات لە پیرۆزیە دینیەکان، بەڵام لەسەر حسابی ئازادی رادەربڕین و پێشێلکاردنی. چونکە ناوەڕۆکی ئازادی بیروباوەڕی دینی لە فەلسەفە و چەمکی هەڵبژاردندا (الاختیار) چڕدەبێتەوە دوور لە زۆرەملێ و فشار. بەبێ هەبوونی ئازادی بیروڕا و فکرەکان و ئازادی بڵاوکردنەوەیان مومکین نییە ئازادی راگەیاندنی دین و هەڵگرتنی بیروباوەڕی دین هەبێت، ئەسلەن ئازادی رادەربڕین زەمانەتی بەردەوامبوونی بیروباوەڕە دینیەکان ئەکات.

هەڵبەتە ئازادی بیروباوەڕی دینی دوو رەهەندی کەسی و کۆمەڵایەتی لەخۆ ئەگرێت، رەهەندی یەکەم لەوەدا ئەبینرێتەوە کە ئادەمیزادەکان ئازادی دەربڕین و راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی را و بۆچوونەکانیان هەبێت لە رێگەی گوزارشتکردن لەخودی خۆیان وەکوو ئادەمیزاد، لە کاتێکدا رەهەندە کۆمەڵایەتیەکە ئادەمیزاد ئەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی کۆمەڵایەتی، بۆیە ئەمجۆرە ئازادییە گەورەترین پایەکانی سیستەمی دیموکراسییە. لەبەر ئەوەی ئازادی دینی بەشێکە لە ئازادی رادەربڕین ناکرێ بەشەکە هیچ کاریگەریەکی نەرێنی هەبێت بۆ سەر ئازادیە گەورەترەکە. ئازادی بیروڕا بەهەموو جیاوازیەکانەوە زەمانەتی ئازادی ئەکات وەکوو چەمکێکی فرەرەهەند بۆ هەموو جۆرەکانی ئازادییەکان. ئەمەش بە مانای ئەوەی ئەوانەی پێداگری لەسەر رێزگرتن لە پیرۆزیە دینیەکان دەکەن پێداگری لەسەر پێشێلکردنی یاسایەکی سەرەدەمی دەکەن کە هەموو ئازادیەکان بە ئازادی دینیەوە دەگرێتەوە.

ئەگەر بەدەستووری ئەو وڵاتانەدا بچینەوە کە لەسەر بنەمای دین و شەریعەت وەکوو بنەمایەک بۆ یاسادانان دروستبوون دەبینین لە دەستوورەکانیاندا ئازادی بیروباوەڕی دینیان بە جیا لە ئازادی رادەربڕین کردووە، وەکوو لە دەستووری:

لە دەستووری وڵاتی سعودیەدا هیچ ئاماژەیەک بۆ هیچ جۆرە ئازادیەک نییە، دەستووری میسری لە ماددەی ٤٧ی باس لە ئازادی بیروڕا ئەکات، بەڵام پێش ئەوە لە ماددەی ٤٦یدا باسی لە ئازادی بیروباوەڕی دینی کردووە. لەدەستووری عێراقدا لە ماددەی ١٠یدا باس لە ئازادی بیروباوەڕی دینی ئەکات و لە برگەی دووەمی ماددەی ٣٥یدا باس لەوە دەکات کە دەوڵەت زەمانەتی پاراستنی تاک ئەکات لە هەموو جۆرەکانی زۆرەملێی فکری و سیاسی و دینی. بەڵام لە دەوڵەتەکانی وەکوو

**بەبێ هەبوونی ئازادی بیروڕا و فکرەکان و ئازادی بڵاوکردنەوەیان مومکین نییە ئازادی راگەیاندنی دین و هەڵگرتنی بیروباوەڕی دین هەبێت، ئەسلەن ئازادی رادەربڕین زەمانەتی بەردەوامبوونی بیروباوەرە دینیەکان ئەکات**

رۆمانیا و بەلچیکا و کەنەدا و ئیسپانیا هەردوو ئازادی بیروڕا و هەڵگرتنی بیروباوەڕی دینی بەیەک برگە باس کراون. بەڵام لەهەموو ئەم دەستوورانە جوانتر دەستووری ئیتالیە کە یەک ماددەی هەیە ئەویش ماددەی ٢١ە کە باس لە ئازادی بیروڕا ئەکات و لە ماددەکانی ٢ و ٣ و ٧ و ٨ و ١٩ و ٢٠یدا تەئکید لەسەر پرنسیپی بەعیلمانیکردنی دەوڵەت ئەکاتەوە، چونکە تەواو لەوە تێگەیشتوون کە تەنها لە قودرەتی دەوڵەتی عیلمانیدایە کە زەمانەتی هەموجۆرە ئازادیەکان بکات بە ئازادی دینیشەوە.

هەروەها هەموو پرۆتۆکۆل و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان کۆدەنگیان لەسەر جەختکردنەوە لەسەر زامنکردنی ئازادی بیروڕا و پاراستنی بەیاسا کردوە، لەوانە: جاڕنامەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ کە ماددەی ١٨ی باس لە ئازادی بیروباوەڕی دینی ئەکات و ماددەی ١٩ی باس لە ئازادی رادەربڕین ئەکات. هەمان شتیش لە رێکەوتننامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی ئەوروپی کە ساڵی ١٩٥٠ دەرچووە لە ماددەی ٩یدا باس لە ئازادی بیروباوەڕی دینی دەکات و ماددەی ١٠ی باسی ئازادی بیروڕا دەکات. هەروەها میساقی ئەفەریقی مافەکانی مرۆڤیش کە ساڵی ١٩٨١ لەلایەن سەرۆکە ئەفەریقیەکانەوە واژووکراوە بە دوو ماددەی جیا، ٨ی باس لە ئازادی بیروباوەڕی دینی ئەکات و ٩ی باس لە ئازادی بیروڕا ئەکات. جگەلەمانەش میساقی عەرەبی مافەکانی مرۆڤ ساڵی ٢٠٠٠ ماددەی ٣٠دا باسی ئازادی بیروباوەڕی دینی ئەکات و ماددەی ٣٢ باسی ئازادی رادەربڕین ئەکات. بەڵام هیچ ماددەیەک نابینیتەوە داوا لەخەڵک بکات رێزیان هەبێت بۆ پیرۆزییە دینیەکان، چونکە ئەوە شتێکە پەیوەندی بە خودی ئادەمیزادەکانەوە هەیە.

لەکۆتاییدا ئەم هەموو یاسایانە بۆ زیاتر رێکخستنی ژیانی مرۆڤ و هەڵگرتنی زۆرترین زەبروزەنگە لەسەر ئادەمیزاد، نەک بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکانی، مەبەست لێیان ئاسانکردنی ژیانی کۆمەڵگایە نەک ئاڵۆزکردنی، مەبەست لێیان دابینکردنی زیاترین کەرامەتە بۆ ئادەمیزاد نەک سووکایەتی پێکردن و ملکەچکردنی بۆ شتێک کە رەنگە باوەڕی پێی نەبێت، ئەسڵەن بۆ فراوانکردنی سنووری ئازادیەکانیەتی نەک بۆ بەرتەسککردنەوەی.